روودا‌و
RÛDAW

خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (405)  دووشەممە 2016/4/25 - 5ی گوڵان - 2716  (750) دینار


## تەرمی دوو کچە ئێزدییەکە 11 رۆژە لەنێوان پێشمەرگە و داعشدان

**رووداو- دهۆک**

ئەمڕۆ 11 رۆژە تەرمی دوو کچی کوردی ئێزدی کە هەوڵیان دابوو خۆیان لە دەست چەکدارانی داعش رزگار بکەن، لەنێوان سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگە و چەکدارانی داعشدا کەوتوون. رۆژی 14ی ئەم مانگە سێ کچی کوردی ئێزدی بە ناوەکانی (کاترین ئیلیاس 20 ساڵ، ئەڵماس خەلەف 11 ساڵ و لەمیا حەجی 19 ساڵ)، توانییان خۆیان لە دەست چەکدارانی داعش رزگار بکەن، بەڵام بەرلەوەی بگەنە سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە میحوەری کەرکووک، بۆمبێکیان پێدا تەقییەوە، بەو هۆیەشەوە کاترین و ئەڵماس هەر لەوێ گیانیان لەدەستدا، لەمیاش بە برینداری خۆی دەرباز کرد.

سەعید کۆچۆ، مامی کاترین بە (رووداو)ی گوت "کاژێر 11:45 خولەکی شەو کاترین تەلەفۆنی کرد و گوتی مامەگیان لە داعش رزگارمان بوو، نزیک دەبینەوە لە سەنگەرەکانی پێشمەرگە". بەڵام بەیانی لە ئاسایشی کەرکووک ئاگاداریان کردووەتەوە کە برازاکەی بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێک گیانی لەدەستداوە.

مامی کاترین داوا لە بەرپرسانی هەرێمی کوردستان دەکات تەرمەکانیان بۆ بهێننەوە و ئەگەرنا رێگەیان پێبدەن خۆیان تەرمەکان بهێننەوە. کاترین برازای کچە چالاکڤانی ئێزدی نادیە مورادە.

2 »



**هادی عەلی:**

خۆم بۆ پۆستی ئەمینداری یەکگرتوو کاندید ناکەم

3

**عەبدوڵڵا دەمیرباش بۆ (رووداو):**

دەیانەوێ سوور بە گوێرەی ئیسلامیی تورک دیزاین بکەنەوە

5



**هێمن عەبدوڵڵا**

خورماتوو هی کورد نییە

23

# بەرهەم ساڵح بە نهێنی لەگەڵ نەوشیروان مستەفا کۆدەبێتەوە



## پاقلە و مامە حەمە.. کۆدەکانی کوردی تاراوگە

»11



## ئافرەتێک لە چەمچەماڵ پاس لێدەخوڕێت

»14



## ئێران رێگە بە گەڕانەوەی ونبوویەکی هەڵەبجە نادات

»2

رووداو
ڕاپۆرتە هەواڵ
ژمارە (405) دووشەممە 2016/4/25





## ملازم فەرامۆش دادگایی دەکرێت

**رووداو- سلێمانی**

بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە 2016/4/25 لە سلێمانی یەکەم دانیشتنی دادگای ملازم فەرامۆش نەجم بەڕێوەبچێ. ملازم فەرامۆش نەجم، ئەفسەر لە بەڕێوەبەرایەتیی هاتوچۆی رانیە بە (رووداو)ی راگەیاند "بەپێی ماددەی 8 و 12 لە یاسای هێزەکانی ئاسایش و ناوخۆ دادگایی دەکرێم، بڕیاری دادگاش هەرچییەک بێت پێوەی پابەند دەبم". لەکاتی مانگرتنی بەشێک لە ئەفسەر و کارمەندانی هاتوچۆ بەهۆی دواکەوتنی مووچەکانیانەوە لە سەرەتای مانگی دووی ئەمساڵ، ملازم فەرامۆش، داوای راپەڕینی کرد و داواشیکرد (پەکەکە) پشتیوانی لەراپەڕینەکە بکات، ئەمەش بەپێی یاسای وەزارەتی ناوخۆ ڕێگەپێنەدراوە. ناوبراو بەو هۆیەوە دەستگیرکرا، پاشان بە کەفالەت تاوەکو ڕۆژی دادگاییکردنی ئازادکرا.

### یەکێکیان برازای نادیە مورادە

# تەرمی دوو کچی ئێزدی 11 ڕۆژە لەنێوان سەنگەرەکانی پێشمەرگە و داعشدا کەوتوون

### کەسوکاری یەکێک لە کچەکان:
### ئەگەر ڕێگەمان پێبدەن تەرمەکان دەهێنینەوە

**ناسر عەلی**
**رووداو- هەولێر**

ئەمڕۆ 11 ڕۆژە تەرمی دوو کچی کوردی ئێزدی کە هەوڵیان دابوو خۆیان لە دەست چەکدارانی داعش رزگار بکەن، لەنێوان سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگە و چەکدارانی داعشدا کەوتوون. کەسوکاری کچەکان داوا لەلایەنی بەرپرس دەکەن تەرمی کچەکانیان بۆ بهێننەوە، گەرنا رێگەیان بدەن خۆیان بچن تەرمەکان بهێننەوە.

ڕۆژی 14ی ئەم مانگە سێ کچی کوردی ئێزدی بە ناوەکانی (کاترین ئیلیاس 20 ساڵ، ئەڵماس خەلەف 11 ساڵ و لەمیا حەجی 19 ساڵ)، توانییان خۆیان لە دەست چەکدارانی داعش رزگار بکەن، بەڵام بەرلەوەی بگەنە سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە میحوەری کەرکووک، بۆمبێکیان پێدا تەقییەوە، بەو هۆیەشەوە کاترین و ئەڵماس هەر لەوێ گیانیان لەدەستدا، لەمیاش بە برینداری خۆی دەرباز کرد.

ئەو سێ کچە خەڵکی گوندی کۆچۆ بوون، لە کاتی هێرشەکەی داعشدا بۆ سەر شنگال لە 2014/8/3 لەگەڵ هەزاران ئافرەت و پیاو و منداڵی کوردی ئێزدی کەوتنە دەستی داعش و گوازرانەوە بۆ تەلەعفەر و مووسڵ و رەققە.

سەعید کۆچۆ، مامی کاترین ئیلیاس، باسی دوا پەیوەندیی نێوان خۆی و برازاکەی دەکات و دەڵێت "کاژێر 11:45 خولەکی شەو کاترین تەلەفۆنی کرد و بە پێکەنینەوە قسەی دەکرد و دەیگوت، مامەگیان ئەوە لە ترس و نەهامەتی داعش رزگاربووین، نزیک دەبینەوە لە سەنگەرەکانی پێشمەرگە".

سەعید چاوەڕێی تەلەفۆنی برازاکەی دەکرد بۆ ئەوەی مژدەی رزگاربوونی بداتێ، بەڵام زەنگی مۆبایلەکەی رایچڵەکاند کاتێک کەسێک لە ئاسایشی کەرکووکەوە تەلەفۆنی بۆ دەکات و داوای لێدەکات بچێتە کەرکووک. کاتێکیش دەچێتە کەرکووک، لەوێ تەنیا مۆبایلەکەی کاترینی دەستدەکەوێت و پێیدەڵێن کە برازاکەی بەر تەقینەوە کەوتووە.

لە کاتی هێرشەکەی داعشدا بۆ سەر شنگال و دەوروبەری، 20 کەس لە بنەماڵەی کاترین لەلایەن داعشەوە کوژراون یان بێسەروشوێن کراون. سەعید هێندە نیگەرانە بە لەدەستدانی کاترین، دەڵێت "لەدەستدانی کاترین بۆ ئێمە لە کارەساتی شنگال گەورەتر بوو، چونکە تەنیا چەند خولەکێکی کەمی مابوو بگاتە سەنگەرەکانی پێشمەرگە و لە دەستی داعش رزگاری ببێ".

زیاتر لە 10 رۆژ بەسەر کوژرانی کاترین و ئەڵماسدا تێدەپەڕێ، بەڵام هێشتا تەرمەکانیان لەو شوێنەیە کە بۆمبەکەیان پێدا تەقیوەتەوە. مامی کاترین داوا لە بەرپرسانی هەرێمی کوردستان دەکات تەرمەکانیان بۆ بهێننەوە و دەڵێت "ئەگەر رێگەمان پێبدەن خۆمان دەچین تەرمەکان دێنینەوە، زۆر فەرماندەی پێشمەرگە ئامادەیی خۆیان نیشانداوە لەگەڵمان بێن بۆ هێنانەوەی تەرمەکان".

کاترین برازای کچە چالاکڤانی ئێزدی نادیە مورادە. ئەو رووداوە وای لە نادیە موراد کرد بە پەلە بگەڕێتەوە هەرێمی کوردستان. نادیە کە بە جلێکی رەشەوە بۆ مەرگی برازاکەی دەگریا، گوتی "مردنی کاترین بەو شێوەیە زۆر کاری تێکردم، ئەو لە ژیانیدا ناخۆشی زۆری بینی، ژیانیشی هەر بە ناخۆشی و کارەسات کۆتایی هات، قەدەر نەیهێشت جارێکی دیکە بیبینینەوە".

نادیە موراد تەنیا چەند رۆژێکی کەم لە هەرێمی کوردستان مایەوە و گەڕایەوە ئەوروپا، ئەو گوتی "گەڕانەوەکەم زۆر لەناکاو بوو، لەبەر ئەو کچانە گەڕامەوە، بەڵام 15ی مانگی داهاتوو دەگەڕێمەوە و چاوم بە بەرپرسانی هەرێمی کوردستان و عێراق دەکەوێت".

مامی لەمیا ئەو کچەی بە برینداری گەڕایەوە، بە (رووداو)ی گوت "ئێستا ئەو لە ناحیەی باعەدرێیە و گەیشتووەتەوە نێو کەسوکارەکەی، بەڵام تەندروستیی زۆر باش نییە و ناتوانێت بۆ راگەیاندن قسە بکات".



کاترین ئیلیاس



ئەڵماس خەلەف

### بەهۆی سکاڵای مێردەکەی

# ئێران ڕێگە بە گەڕانەوەی ونبوویەکی هەڵەبجە نادات

**پشتیوان جەمال**
**رووداو – سلێمانی**

چیا تەیب، دوای 28 ساڵ لە ونبوونی، بە خێزانەکەی شادبووەوە، بەڵام سەفەرێک بۆ ئێران هەموو شتەکانی ئاوەژوو کردەوە و بەهۆی سکاڵای مێردەکەی رێگەی پێنەدرا جارێکی دیکە بگەڕێتەوە زێدی خۆی کە هەڵەبجەیە.

چیا تەیب کە یەکێک بوو لە ونبووانی هەڵەبجە، رۆژی 2016/3/16 لە 28ەمین ساڵیادی کیمیابارانی هەڵەبجەدا ناوە راستەقینەکەی کە ئەعزەم بوو، ئاشکرا کرا و بە خێزانەکەی شادبووەوە.

چیا لە کاتی کیمیابارانەکەی هەڵەبجە لەگەڵ خێزانەکەی چووەتە ئێران و لەوێ لێیان دابڕاوە، دواتر خێزانێکی هەمەدانی لە خانەیەکی بێسەرپەرشتان وەریانگرتووە و بەخێویان کردووە. چیا نزیکەی نۆ ساڵە شووی بە کوردێکی رۆژهەڵاتی کوردستان کردووە و خاوەنی دوو کچن. ئێستا لە شاری تاران دەژین.

سەرچاوەیەکی نزیک لە چیا بە (رووداو)ی راگەیاند، مێردەکەی لەکاتی مەراسیمەکەدا لە پارێزگای هەڵەبجە بووە، بەڵام دوای 15 رۆژ چووەتەوە ئێران. چیاش لە سەرەتای ئەم مانگەدا بە مەبەستی دەوامی قوتابخانەی کچە گەورەکەی لەگەڵ خوشکەکەی و زاواکەیاندا سەردانی ئێرانیان کردووە، بەڵام رۆژی 2016/4/21 لە کاتی گەڕانەوەیان بۆ هەرێمی کوردستان، لە مەرزی نێودەوڵەتیی باشماخ لەلایەن بەرپرسانی ئێرانەوە و بەهۆی سکاڵای مێردەکەیەوە نەیانهێشتووە بگەڕێتەوە.

وەکو ئەو سەرچاوەیە روونیکردەوە، کێشەی رێگرتن لە چیا، کۆمەڵایەتی و خێزانییە نەک سیاسی، چونکە لە کاتی هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی کەسوکاریشی لە ئێران، مێردەکەی بەو هەوڵدانە رازی نەبووە و کاتێکیش کەسوکاری لە کوردستان دۆزراونەتەوە و چیا بڕیاری داوە لە کوردستان نیشتەجێ ببێت، مێردەکەی گوتوویەتی کارەکەی لە ئێرانە و ناتوانێت بگەڕێتەوە کوردستان.

چیا دوای شادبوونەوەی بە کەسوکاری، ناوی لە لیستی قوربانیانی هەڵەبجە سڕایەوە و جارێکی دیکە وەکو زیندوویەک لە دادگا ناوی تۆمار کرایەوە، دوای دەرچوونی بڕیارەکەی دادگا سەفەری ئێرانی کردووەتەوە و چاوەڕێی وەرگرتنەوەی ناسنامە و رەگەزنامە و پاسپۆرتە عێراقییەکەی نەکردووە.




سەرچاوە نزیکەکەی چیا گوتی "کاتێک چیا دەستی بە مامەڵە یاساییەکانی کرد، کاتێکی زۆری پێچوو، بەو هۆیەشەوە کچە گەورەکەی کە لە تاران لە قوتابخانەیە هەفتەیەک دەوامی بەفیڕۆ چوو، پاشان بەتەلەفۆن بەڕێوەبەری قوتابخانەکەیان لە دۆسیەکە ئاگادار کردووەتەوە و ئەویش پێیگوتوون ئەو هەفتەیە ئاساییە، بەڵام دەبێت هەفتەی داهاتوو کچەکەی لە قوتابخانە ئامادە بێت".

هەر بەگوتەی ئەو سەرچاوەیە، کاتێک بڕیارەکەی دادگا بۆ سەلماندنی عێراقیبوونی چیا دەرچووە، دیسانەوە لە ئێرانەوە پێیانگوتوون دەبێت کچەکەی دەوام بکاتەوە و گوتی "چیاش گوتی مادام بڕیارەکەی دادگا دەرچووە کە عێراقی و کوردم، منداڵەکانم دەبەمەوە و سەردانێکیش دەکەمەوە".

وەکو سەرچاوەکە باسی کرد، چیا نزیکەی 10 رۆژ لەمەوبەر لەگەڵ خوشک و زاواکەیاندا گەڕاونەتەوە بۆ شاری هەمەدان و لەوێوە منداڵەکانی بە کەسێکی نزیکی مێردەکەیدا رەوانەی تاران کردووەتەوە، بەڵام رۆژی 2016/4/21 کاتێک ویستوویانە بگەڕێنەوە، لە مەرزی نێودەوڵەتی باشماخ رێگرییان لە چیا کردووە "بە چیایان گوت بەهۆی سکاڵای مێردەکەیەوە ناتوانێت تا ساڵێکی دیکە سەفەر بکات و پاسپۆرتەکەشیان لێسەندووە".

ئێستا چیا لەنێوان دوو بڕیاری چارەنووسسازدایە: هەڵبژاردنی مێردەکەی و مانەوەی لە ئێران، یاخود گەڕانەوەی بۆ کوردستان، سەرچاوەکە گوتی "بێگومان چیا پێیخۆشە لە کوردستان بژی و بۆ ئەو مەبەستەش کەسوکارەکەی لە هەڵەبجەوە پارێزەریان لە ئێران بۆ گرتووە بە مەبەستی جیابوونەوەی لە مێردەکەی، بەڵام مێردەکەی ئامادە نییە تەڵاقی بدات".

بەپێی یاساکانی ئێران لە حاڵەتی جیابوونەوەی ژن و مێرددا، منداڵ تا تەمەنی حەوت ساڵی لای دایک دەمێننەوە. ئەو سەرچاوەیە گوتی "لەبەرئەوەی کچە گەورەکەی چیا نۆ ساڵە و ئەوەی دیکەشی پێنج ساڵە، ئێستا منداڵەکانی لای مێردەکەیەتی و ناچارە دەستیان لێهەڵبگرێت".

بە گوتەی ئەو سەرچاوەیە، لەم هەفتەیەوە کەسوکاری هەوڵی دەرکردنی ناسنامە عێراقییەکەی دەدەن و لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش گفتوگۆیان کردووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە.

لوقمان عەبدولقادر، سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە کە ئاگاداری دۆسیەکەن، بە (رووداو)ی راگەیاند، ئەو رۆژەی رێگری لە گەڕانەوەی چیا بۆ کوردستان کراوە، پەیوەندییان بە بەرپرسانی ئێران لە هەرێمی کوردستان کردووە "خۆم قسەم لەگەڵ سەرکونسوڵی ئێران لە هەولێر کرد و جەنابی پارێزگاریش قسەی لەگەڵ سەرکونسوڵی ئێران لە سلێمانی کردووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەی، بەڵام ئەوان گوتیان بەو پێیەی کێشەکە خێزانییە و لە ئێرانیش بەپێی یاسا مێرد دەتوانێت رێگە لە سەفەری ژنەکەی بگرێت، بۆیە ناتوانن بەپێچەوانەی یاساوە مامەڵە بکەن و دەبێت خۆیان کێشەی نێوانیان چارەسەر بکەن".

### 150 گەریلا لە چیای بێخێر جێگیرکراون

# PKK خەریکە زاخۆ گەمارۆ دەدات

**هیڤیدار ئەحمەد**
**رووداو- زاخۆ**

150 گەریلای پارتی کرێکارانی کوردستان PKK لە چیای بێخێر لە قەزای زاخۆ جێگیرکراون. بەرپرسی لقی هەشتی پارتی لە زاخۆ دەڵێ "چوار گوندنشین لەلایەن PKKوە دەستگیرکراون کە یەکێکیان بەڕێوەبەری قوتابخانەی گوندێکە".

گەریلاکانی PKK ئێستا لە چواردەوری زاخۆ بارەگایان داناوەو تا دێت ژمارەی گەریلاکانیان زیاتر دەکەن.

چیای بێخێر تەنیا 20 کیلۆمەتر لە سەنتەری قەزای زاخۆ دوورە. شوانەکانی گوندەکانی دەوروبەری چیاکە دەڵێن ژمارەیەک گەریلای PKKیان لە چیاکە بینیوە.

شوانی یەکێک لە گوندەکانی دامێنی چیاکە بە (رووداو)ی راگەیاند "بەیانییەک وەکو رۆژانی رابردوو ویستمان مەڕ و ماڵات ببەین بۆ چیاکە، کەچی بینیمان PKK بازگەی داناوە و رێگەیان پێنەداین ئاژەڵەکانمان ببەینە چیا".

ئەو شوانە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتیشی گەریلاکانی PKK هەڕەشەیان لێکردوون ئەگەر دووبارە بگەڕێنەوە "بەڵام رۆژی دواتر هەندێ لە دانیشتووانی گوندی قادیا بە نهێنی چوونە سەر چیاکە و بینیوویانە پەکەکە بارەگای لەسەر چیاکە داناوە".

چیای بێخێر درێژییەکەی زیاتر لە 30 کیلۆمەتر دەبێ و لە گەلی زاخۆ دەستپێدەکات تاوەکو دەگاتە نزیک سنووری سووریا. عەلی گەودا، بەرپرسی لێژنەی پارتی لە ناحیەی باتێلێ کە چیای بێخێر لەو سنوورەدایە، بە (رووداو)ی راگەیاند "راستە گەریلاکانی PKK لەوێن و گوندنشینان ئەوانیان بینیوە و ئێمەیان ئاگادار کردووەتەوە".

وەک گەودا دەڵێت "ئەوان مافی ئەوەیان نییە لەو چیایە جێگیر ببن، کەچی رێگە بە شوانەکانی ناوچەکەش نادەن مەڕ و ماڵاتیان لەوێ بلەوەڕێنن". گوتیشی "PKK لە گەلی (گراڤێ و کێچێ) بارگەیان داناوە و تەنیا وەکو گەریلا لەوێ نین، بەڵکو بارەگاشیان داناوە".

جگە لە چیای بێخێر، PKK لە باکووری زاخۆ هەرێمی هەفتەنینیان راگەیاندووە، بەپێی ئامارە نافەرمییەکان نزیکەی هەزار گەریلا لەو هەرێمەن و بازگەیان هەیە و گومرگ لە خەڵکی ناوچەکە وەردەگرن.

سەربەست لەزگین، بەرپرسی لقی هەشتی پارتی لە زاخۆ لەبارەی هاتنی PKK بۆ چیای بێخێر بە (رووداو)ی گوت "PKK بەردەوام لە دەوروبەری زاخۆ تیمی گەڕۆکیان هەیە، ئێستا لە چیای بێخێریش هەن، بەڵام نازانین ژمارەیان چەندە".

سەربەست لەزگین کە هاوکات فەرماندەیەکی پێشمەرگەیە لە میحوەری رۆژئاوای دیجلە و شنگال، باسی گرنگیی ئەو چیایە بۆ PKK دەکات و دەڵێت "چیای بێخێر بۆ PKK وەک پردێکە بۆ گەیشتنیان بە رۆژئاوای کوردستان".

بەرپرسەکەی لقی هەشتی پارتی لە زاخۆ دەڵێت "PKK جگە لە هاتنی بۆ ناوچەکە، خەڵکیش دەستگیر دەکەن، چوار هاووڵاتی کە یەکێکیان بەڕێوەبەری قوتابخانەیە لە گوندی نزدۆرێ سەر بە ناحیەی باتیفا لەلایەن PKKوە دەستگیرکراون".

سەبارەت بە هۆکاری دەستگیرکردنی ئەو چوار هاووڵاتییە، سەربەست لەزگین گوتی "لەبەر ئەوەی هەماهەنگیمان لەگەڵ PKK نییە، نازانین لەسەرچی دەستگیرکراون، ئەوەندەی ئێمە بزانین بەڕێوەبەری قوتابخانەکە چووە بۆ نێو باخەکەی لە رێگا دەستگیریان کردووە". گوتیشی "ئەو چوار هاووڵاتییە پێنج رۆژە دەستگیرکراون، ئێمەش سەرووی خۆمان لەوە ئاگادار کردووە".

بەپێی بەدواداچوونێکی پێشتری (رووداو)، 658 گوندی باشووری کوردستان لەژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستاندان کە زۆرترینیان دەکەوێتە پارێزگای دهۆک.

هەر بەپێی ئەو بەدواداچوونە، 100 گوندی قەزای زاخۆ کە دەکەونە سنووری ناحیەی باتیفا و دەرکارێ، لە دەست پەکەکەدان. رووبەری قەزای زاخۆ 1378 کیلۆمەتر دووجایە و نزیکەی 30%ی ئەو رووبەرە بەدەست PKKوەیە.

PKK لە سنووری بادینان چوار هەرێمیان راگەیاندووە کە بریتین لە هەرێمی زاب، ئورەمار، گارە و هەفتەنین.

## مەحموود سەنگاوی: هۆشداریمان داوەتە حەشدی شەعبی



**رووداو- هەولێر**

مەحموود سـەنگاوی فەرماندەی میحوەری گەرمەسـێری هێزی پێشـمەرگە دەڵێت "هۆشداریمان داوەتە حەشدی شەعبی ئەمجارە رێککەوتنەکە پێشێل بکەن بە هێز چارەسەری دۆخەکە دەکەین". مەحموود سەنگاوی کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتیشە، لەکاتی بەشداریکردنی لە بەرنامەی ئەمڕۆی رووداوی رادیۆ و تەلەفزیۆنی رووداو، لەبارەی بارودۆخی خورماتوو رایگەیاند "حەشدی شەعبی هێزێکی بێسەروبەرن، هێزێکن هەر رێککەوتنێک لەگەڵیان بکرێت، نابێت بە رێککەوتنێکی پۆڵایین و کۆنکریتی بزانین و وای دابنێین کە هەڵناوەشێتەوە". گوتیشی "بەس تەنیا لە خورماتوو بە دەیان سەرایە هەیە، کەسیش کاغەزی ئەوەی دیکە ناخوێنێتەوە".

ژمـارە (405) دووشـەممە 2016/4/25

### ماڵەکەی لە لەندەن بووەتە کەعبەی بەرپرسانی یەکێتی

# بەرهەم ساڵح لە لەندەن بەنهێنی لەگەڵ نەوشیروان مستەفا کۆدەبێتەوە

## ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی:
## ئەگەر کاک نەوشیروان خێری هەبووایە بۆ یەکێتی جیانەدەبووەوە

هیڤیدار ئەحمەد
رووداو- هەولێر

بەرهەم سـالح، جێگـری دووەمی سـکرتێری گشـتیی یەکێتـی بەنهێنـی لـە لەنـدەن لەگەڵ نەوشیروان مستەفا، رێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان کۆدەبێتەوە. ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیش دەڵێ "ئێسـتا ماڵی کاک نەوشیروان لە لەندەن بووەتە کەعبەی بەرپرسانی یەکێتی".

یەکێتی نیشتمانیی کوردسـتان لە یەک کاتدا لەگـەڵ پارتـی و بزووتنـەوەی گـۆڕان لە هەوڵی رێککەوتندایە، بەڵام تاوەکو ئێستا لەگەڵ هیچیان نەگەیشـتووەتە رێککەوتن. بەرپرسێکی یەکێتی دەڵـێ "نزیکبوونەوەی یەکێتی لە گۆڕان، قازانجی پارتیشی تێدا دەبێت".

یەکێتی و گۆڕان دەمێکە سەرقاڵی گفتوگۆن بۆ رێککەوتنێکی سیاسی، تاوەکو ئێستاش چەندین کۆبوونەوەیان کردووە، بەڵام پێناچێ رێککەوتنی نێوانیان هێندە ئاسان بێ.

لەتیف شـێخ عومەر، ئەندامی سـەرکردایەتی یەکێتی کە بەشدار بووە لە زۆربەی کۆبوونەوەکانی نێوان حیزبەکەی و بزووتنەوەی گۆڕان، بە (رووداو)ی راگەیانـد "پەیوەندیی ئێمـە (یەکێتی) لەگەڵ گۆڕان نەک تەنیا نێوانی ئەو دوو حیزبە ئاسـایی دەکاتـەوە، بەڵکـو دەبێتە هـۆی چاکبوونەوەی پەیوەندیی نێوان پارتی و گۆڕانیش".

پەیوەندی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان لە خراپترین دۆخیدایە.

دوای تێکچوونـی پەیوەنـدی نێـوان گۆڕان و پارتی، نەوشـیروان مسـتەفا، رێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گـۆڕان سـەردانی بەریتانیای کرد و تاوەکو ئێستا لە لەندەن ماوەتەوە و نەگەڕاوەتەوە هەرێمی کوردسـتان. بەڵام لـەو ماوەیەدا چەندین بەرپرسـی باڵای یەکێتی لە لەنـدەن بە نهێنی و ئاشکرا سەردانیان کردووە.

(رووداو) لە سـەرچاوەیەکی نزیک لە بەرهەم سـاڵح، جێگری سـکرتێری گشـتیی یەکێتییەوە زانیویەتـی کـە لـەو ماوەیـەدا بـە "نهێنـی" لە لەندەن لەگەڵ نەوشـیروان مستەفا کۆبووەتەوە و کۆبوونەوەکەشیان سێ کاتژێری خایاندووە.


هـەر بەپێی سـەرچاوە برواپێکراوەکەی نزیک لـە بەرهەم سـاڵح "لەو کۆبوونەوەیـەدا هەردوولا قسەیان لەسەر دۆخی نێوخۆی یەکێتی، پەیوەندی نێوان یەکێتی و گۆڕان، گۆڕان و پارتی، یەکێتی و پارتی کردووە". سەرچاوەکە گوتیشی "د.بەرهەم لە کاک نەوشیروانی پرسیبوو کە بەرنامەی چییە و کەی دەگەڕێتەوە کوردستان، ئەویش پێیگوتووە بەم زووانە ناگەڕێتەوە و شتێکی لەلا گەڵاڵە نەبووە بۆ چارەسەرکردنی دۆخەکە تاوەکو بگەڕێتەوە".

سەردانی بەرپرسانی یەکێتی بۆ لای رێکخەری گشـتی بزووتنەوەی گۆڕان لە ماڵەکەی لە لەندەن زۆربەیان بە ئاشکرا بووە و تەنیا سەردانی بەرهەم سـاڵح بە نهێنی بووە. یەکەم سەردانیش لەلایەن هێـرۆ ئیبراهیم ئەحمەد و پاڤێـل تاڵەبانی بووە، دواتر شاناز ئیبراهیم ئەحمەد لەگەڵ هاوسەرەکەی لەتیف رەشـید، جەعفەر شـێخ مستەفا و جەلال کەریـم سـەردانیان کـردووە، هەروەهـا هەفتەی رابردووش ئاسـۆ فەرەیدوون، پارێزگاری سلێمانی کـە یەکێتییـە سـەردانی کـردووە، لـە زۆربەی سەردانەکانیاندا وێنەیان لەگەڵ گرتووە و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاویان کردووەتەوە.

ئەندامێکـی مەکتەبـی سیاسـی یەکێتی کە ناڕازییە لە سـەردانی بەرپرسانی یەکێتی بە جیا بـۆ لای بەرپرسـی یەکەمی حیزبێکـی دیکە، بە (رووداو)ی راگەیانـد "بەهـۆی نەبوونـی ناوەندی بڕیار لەنێو یەکێتی و غیابی مام جەلال و نەبوونی کەسێک لە شوێنی مام جەلال کە هەموو یەکێتی بەقسـەی بکـەن، وای لێهاتووە هـەر یەکە و بۆ ئەوەی بڵێ حیسابم بۆ دەکرێ، بە جیا سەردانی کاک نەوشیروان دەکات".

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی کە داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، گوتیشـی "کاک نەوشیروان ئەگەر خێری بۆ یەکێتی ویستبا جیانەدەبووەوە، نازانـم بۆ ماڵەکـەی لە لەنـدەن بووەتە کەعبەی بەرپرسـانی یەکێتی! یەکێتـی ماڵی خۆی هەیە، هێنـدەی بەرپرسـانی یەکێتـی سـەردانی کاک نەوشیروان دەکەن هێندە بەرپرس و هەڵسوڕاوانی گۆڕان سەردانیان نەکردووە".





نەوشیروان مستەفا 2009/7/25 بزووتنەوەی گۆڕانـی راگەیانـد و لە یەکێتی جیابـووەوە و بە لیستێکی جیا لە یەکێتی بەشداری هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستانی کرد.

شـەماڵ عەبدولوەفـا، هەڵسـوڕاوی دیـاری بزووتنەوەی گۆڕان باسی سەردانەکانی بەرپرسانی یەکێتـی بـۆ لای نەوشـیروان مسـتەفا دەکات و دەڵێت "کاک نەوشـیروان کاریگـەری و کاریزمای خۆی هەیە و لەنێو یەکێتیدا کەسـی دووەم بووە و بێ کاریگەری نییە. بۆیە سـەردانی بەرپرسانی یەکێتـی هـەم کۆمەڵایەتیـن و هەمیـش باسـی سیاسەتیش دەکەن".

سەردانە بەردەوامەکانی بەرپرسان و ئەندامانی مەکتەبـی سیاسـیی یەکێتی بۆ لای نەوشـیروان مستەفا، بەشێکی بۆ چۆنیەتی رێککەوتنی نێوان یەکێتی و گۆڕانە بەتایبەت بۆ ئیدارەدانی پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە.

بەگوێـرەی ئەنجامـی دوایین هەڵبژاردنـی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردسـتان کە لە 2014 بەڕێوەچوو، بزووتنەوەی گۆڕان لەو دوو پارێزگایـە 40 هـەزار دەنگ لـە پێش یەکێتییە، گـۆڕان 359،600 دەنگ و یەکێتیـش 318،723 دەنگی هێناوە.

شۆڕش حاجی، گوتەبێژی فەرمی بزووتنەوەی گـۆڕان لە بارەی ئەگـەری رێککەوتنی یەکێتی و گۆڕان بە (رووداو)ی گوت "ئەم رێککەوتنەی ئێمە نابێ هیچ لایەنێکی سیاسـی لێی بترسێ، چونکە دژی هیچ لایەنێک نییە".

شۆڕش حاجی هەرچەندە ناوی پارتی نەهێنا، بـەڵام دەڵێـت "رێککەوتنەکەی نێـوان یەکێتی و گـۆڕان دەبێتـە هەوێنی ئاشـتەوایی لەنێوان ئەو لایەنانەی کە ئێستا ناکۆکن".

بەڵام بەشـێک لـە هەڵسـوڕاوانی بزووتنەوەی گۆڕان رێککەوتنـی نێـوان یەکێتی و گـۆڕان بە هەنگاوێکی ئەستەم ناودەبەن. شەماڵ عەبدولوەفا لـەو بارەیەوە دەڵێـت "هەرچەندە لـە ناوەڕۆکی کۆبوونـەوەکان بێ ئاگام، بەڵام داوا دەکەم ئەگەر هەردوولا رێککەوتن بکەن لەسـەر بەرنامە بیکەن نەک رووکەش و دیکۆر بێ". گوتیشی "هەرچەندە رێککەوتنی نێوان ئەو دوو لایەنە ئاسان نییە، بەڵام نابێ عەینی تاس و حەمام دووبارە بکەنەوە وەکو ئەوەی پێشتر هەردووکیان یەک حیزب بوون".

ئەندامەکـەی مەکتەبـی سیاسـی یەکێتیـش لەبـارەی هەوڵەکانی ریککەوتنی نێـوان گۆڕان و یەکێتـی دەڵێـت "رێککەوتنەکە ئەگەر بشـکرێ قـووڵ نییە و بـێ بنەمایە، بۆ کوشـتنی کات و بەدەسـتهێنانی دەسـتکەوتە نەک زیاتـر، ئەگەر بشکرێ درێژخایەن نابێ".

---

# سەلاحەددین بەهائەدین و هادی عەلی پێکەوە دەگەڕێنەوە

مەحموود یاسین کوردی
رووداو- هەولێر

دواجـار ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسـلامی رۆژی بەستنی کۆنگرەی دیاری کرد و بڕیاری دا 2016/5/26 کۆنگرەی حەوتەمـی ئـەو حیزبە ببەسـترێ، یەکێک لە کاندیـدە بەهێزەکانی یەکگرتووش بۆ پۆستی ئەمینـدار بەر لـە کۆنگـرە رایگەیاند کە خۆی ناپاڵێوێت و پشتگیری لە گەڕانەوەی ئەمینداری پێشووی یەکگرتوو دەکات.

لەگـەڵ نزیکبوونـەوەی وادەی بەسـتنی کۆنگـرەی حەوتەمـی یەکگرتـوو، جموجۆڵی سـەرکردە دیارەکانی ئەو حیزبە بۆ گەڕانەوەی سـەلاحەدین بەهائەدین، ئەمینداری پێشـووی یەکگرتـوو دەسـتی پێکـردووە. ئێـوارەی رۆژی یەکشـەممە 2016/4/24 هـەر یـەک لە سەلاحەددین بەهائەدین و هادی عەلی بۆ ماوەی دوو کاژێـر لە ماڵی عەلی محەممەد، یەکێک لە دامەزرێنەرانی یەکگرتوو لە سلێمانی کۆبوونەوە.

سەبارەت بەو کۆبوونەوەیە، عەلی محەممەد بـە (رووداو)ی راگەیاند "هەمووومان خۆمان بە خاوەنی یەکگرتوو دەزانین و یەکگرتوو موڵکی هەمووومانـە، لە کۆبوونەوەکەی ئەمڕۆدا باسـی ئەوەمـان کرد کـە بەهەر هەمووومانـەوە هەوڵ بدەین یەکگرتـوو بەرەوپێش ببەین، یەکگرتوو کەسـی لێ زیاد نییـە و دەبێت ببێتە هۆکاری خێر و چاکسـازی و ئارامکردنەوەی کوردستان و بەرەوپێشـبردنی مافـی رەوای گەلەکەمـان، هەروەها یەکگرتوو ببێتە هۆکاری هێورکردنەوەی دۆخی ئاڵۆزی کوردستان بەپێی توانای خۆی".

عەلـی محەممەد کە چەنـد خولێک ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتوو بووە و لە بەغداش وەزیری دەوڵەت بووە، سەبارەت بە گەڕانەوەی سـەلاحەددین بەهائەددین و هادی عەلی بۆ نێو ئۆرگانەکانی یەکگرتوو گوتی "مامۆستا هادی و مامۆستا سەلاحەدین دوو ئەندامی دامەزرێنەر و سـەرکردایەتی یەکگرتوو بوون و لەم قۆناغەدا هەردووکیان بە گوژمێکی چاکەوە دێنەوە، کەس کەس ناهێنێتەوە و یەکگرتوو ماڵی هەمووومانە، هەموومـان دەسـتبەکار دەبین ئومێـد بەخوا، مامۆسـتا هادیش دێتەوە نێـو کاری حیزبی و پۆستەکەی لە کۆنگرە دیاری دەکرێت".

### هادی عەلی: دەگەڕێمەوە نێو کاری حیزبی

هادی عەلی، سـەرۆکی پێشـووی مەکتەبی سیاسـی یەکگرتووی ئیسلامی دوای 4 ساڵ لە دانیشـتن بڕیاری گەڕانەوە بۆ کاری سیاسی لە نێو یەکگرتوو دەدات. هادی عەلی بە (رووداو)ی راگەیاند "خواسـتێکی زۆر لە نێو خوشک و برایـان هەبوو بۆ ئـەوەی ئێمە بگەڕێینەوە نێو کاری حیزبـی، پێشـتر بڕیارم دابـوو خۆم بۆ پۆستی ئەمینداری گشتی لە کۆنگرەی حەوتەم کاندیـد بکەم، بەڵام دوای ئەوەی زانیم جەنابی مامۆسـتا خـۆی کاندید دەکات و لـە نزیکەوە یەکدیمان بینی، بڕیارم دا خۆم بۆ ئەو پۆسـتە نەپاڵێوم و پشـتگیری مامۆسـتا سەلاحەددین بکەم بە یەکەوە بۆ کاری حیزبی بگەڕێینەوە".

هـادی عەلـی هەروەهـا گوتـی "لـەو کۆبوونەوەیەدا بیـروڕای زۆر لە بارەی ئایندەی کاری یەکگرتوو، هەروەها سەرخستنی پرۆژەی یەکگرتوو لەسەر ساحەی سیاسی کرا، باسمان لە نەخشـە رێگایەک بۆ خولـی داهاتوو کرد و جەختمان لەسـەر ئەوە کردەوە کە پێویسـتە کۆنگرەی حەوتەمی حیزب وێستگەیەکی گرنگ بێـت بە هەموو ئەندام و کادیرانی و لایەنگرانی یەکگرتوو هەوڵ بدەیـن کۆنگرەیەکی نەوعی و سەرکەتوو بێت".





هـادی عەلـی کـە لـە دوای دامەزراندنـی یەکگرتووەوە کەسـی دووەمی ئەو حیزبە بووە تاوەکو ساڵی 2010 ، سەبارەت بە گەڕانەوەی دەڵـێ "دەمـەوێ لەگەڵ خوشـک و براکانمان لـە نێو یەگگرتـوو تەحەمولی بەرپرسـیارێتی بکەم، ئەوەی بە من بکرێت بیکەم، بە تایبەتی قۆناغی ئێستای سیاسی و ئابووری و سەربازیی کوردستان هەسـتیارە، بۆیە بڕیاری گەڕانەوەم داوە".

### محەممەد رەئووف: رەنگە ببمە کاندیدی تەوافوقی

ئێسـتا جگە لە سـەلاحەددین بەهائەدین، ئەمینداری پێشـووی ئەو حیزبـە و محەممەد فەرەج، ئەمینداری ئێستای یەکگرتوو، هەریەک لە محەممـەد رەئوف، سـەرۆکی ئەنجوومەنی سـەرکردایەتی یەکگرتوو ئیسلامی و ئەبوبەکر عەلی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکگرتوو کاندیدن بۆ پۆستی ئەمینداری گشتی.

محەممەد رەئووف، سەرۆکی ئەنجوومەنی سـەرکردایەتیی یەکگرتـوو بـە (رووداو)ی گـوت، لەنێو یەکگرتوودا باسـی کاندیدی تەوافوقـی لەنێـوان محەممـەد فـەرەج، ئەمینداری ئێستا و سەلاحەددین بەهائەدین، ئەمینـداری پێشـوو کراوە، گوتیشـی "بەڵێ ئەو قسەیە راستە، یان مامۆستا سەلاحەدین خۆی کاندید بکاتەوە دەربچێت، یان مامۆستا محەممەد فـەرەج دەربچێتەوە، رەنگە منیش خۆم کاندید بکەم و دەربچم".

غـازی سـەعید، ئەندامی سـەرکردایەتی یەکگرتـوو بـە (رووداو)ی گوت، لە دەڤەری بادینـان هیـچ کـەس خـۆی بـۆ پۆسـتی ئەمینـداری گشـتی ناپاڵێوێت "تاوەکـو ئێسـتا هیچ کەسـێک لە بادینان کە مەرجی خۆکاندیدکردنـی تێدابێـت، باسـی ئـەوەی نەکـردووە کـە خۆی بـۆ پۆسـتی ئەمیندار دەپاڵێوێت".

غازی سـەعید کـە یەکێکە لە سـەرکردە دیارەکانـی یەکگرتوو لە بادینان، سـەبارەت بە گەڕانەوەی سەلاحەددین بەهائەدین دەڵێ "لە دەڤـەری بادینان پێشـوازییەکی زۆر لە گەڕانەوەی مامۆسـتا سـەلاحەدین دەکرێت، گەڕانەوەی ئەو شتێکی سرووشتییە، هەندێک خوشـک و بـراش لـە بادینـان پشـتگیریی کاندیـدی دیکـە دەکـەن، ئەمـەش لەنێـو یەکگرتوو گوازرشتە لە تەندروستیی حیزبەکە و بوونی دیموکراسی لە نێو یەکگرتوودا".

## هادی عەلی:
## خۆم بۆ پۆستی ئەمینداری یەکگرتوو کاندید ناکەم

## ئەبوبەکر عەلی: سوورم لەسەر خۆکاندیدکردن بۆ پۆستی ئەمیندار

### ئەبوبەکر عەلی: سوورم لەسەر خۆکاندیدکردن

ئەبوبەکـر عەلی، ئەندامی سـەرکردایەتی یەکگرتـوو کـە یەکێکـە لـە کاندیدەکانـی پۆسـتی ئەمینداری گشـتی بـە (رووداو)ی راگەیاند "هێشـتا سوورم لەسەر ئەوەی خۆم بۆ پۆسـتی ئەمینداری گشـتی کاندید بکەم، بەڵام ئەگەر یەکێک لە کاندیدەکانی پۆسـتی ئەمیندار تێگەیشتنی بۆ دیدی ئێمە لەبارەی هەڵسـانەوەی یەکگرتـوو و جیاکردنـەوەی کاری دەعـوە و کاری حیزبـی هەبێـت، ئەوا ئەوکات بڕیارێکی دیکەمان دەبێ".

یەکگرتـووی ئیسـلامی کوردسـتان لـە 1994/2/6 دامـەزراوە و تاوەکـو ئێسـتا 6 کۆنگرەی بەسـتووە، لە کۆنگرەی شەشەمی خۆیدا، لەسـەر خواسـتی خۆی سەلاحەدین بەهائەدیـن وازی هێنـا، محەممەد فەرەج لە خولـی دوومـی هەڵبژاردنەکاندا بۆ پۆسـتی ئەمینداری گشتی هەڵبژێردرا.

ژمارە (405)    دووشەممە    2016/4/25

## بزووتنەوەی ئیسلامی سەرقاڵی نێوبژیوانییە

**رووداو- سلێمانی**

بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان هەوڵێکی دیکە بۆ نزیککردنەوەی لایەنەکانی کوردستان دەستپێدەکات. عەبدوڵڵا وەرتی، گوتەبێژی بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند "بڕیار وایە لەم هەفتەیەوە عیرفان عەلی عەبدولعەزیز رابەری گشتیی بزووتنەوە سەردانی لایەنەکان بکاتەوە بەمەبەستی دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکان و نزیککردنەوەیان لە یەکدی و چالاککردنەوەی پەرلەمانی کوردستان. وەرتی هەروەها گوتی "لەم بارودۆخەی کوردستان و عێراقدا پێویستە حیزبەکانی کوردستان لە هەموو کات زیاتر نزیکبوونەوە و هەماهەنگی لەنێوانیاندا هەبێت". چەند رۆژێک لەمەوبەر رابەری بزووتنەوە سەردانی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستانی کردبوو.

### حەشدی شەعبی 135 کەسیان لە خورماتوو کوشتووە

# خەڵکی خورماتوو متمانەیان بە رێککەوتن نەماوە



بەرپرسێکی یەکێتی: خورماتوو بە دەردی گولاڵە دەچێ

نەوزاد مەحموود
رووداو- سلێمانی

نەجمەدین کەریم، پارێزگاری کەرکووک و هادی عامری، سەرۆکی رێکخراوی بەدر، جارێکی دیکە بە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی دڵنیاییان دایە دانیشتووانی خورماتوو کە چەکەکانیان بێدەنگ دەکرێن. هەروەها رایانگەیاند، ئەوانەی ئاژاوە دەنێنەوە دەردەکرێن، بەڵام کاژێرێک پاشتر هاووڵاتییەکی دیکە بە گوللە پێکراو گیانی لەدەستدا.

رۆژی 2016/4/24 جارێکی دیکە شەڕ لە نێوان حەشدی شەعبی و کورد لە خورماتوو هەڵگیرسایەوە، شەڕێک کە سەنگەرەکانی لە نێو حەوشەی ماڵەکاندا بوو. لە زمانی هەر نەتەوە و کەمینە و هەڵگری هەر مەزهەبێکی شارۆچکەکەوە پێناسەی بکەیت، خورماتوو چیدی بۆ پێکەوە ژیان ناشێ، بەڵام کورد زۆرتر بەگلەیین.

### "ئەوانەی شەڕ دەکەن گفتوگۆ ناکەن"

کاژێر 21:30 شەوی 2016/4/23 چەند چەکدارێکی حەشدی شەعبی، نارنجۆکێک دەخەنە نێوماڵی کەسێک بەناوی گۆران گەوهەر، پاسەوانە گەنجەکانی گۆران وەڵامی ئەو هێزەی حەشدی شەعبی دەدەنەوە و شەڕەکە لەچەند کەسێکەوە فراوان دەبێت بۆ نێو گەڕەک و کۆڵانەکانی ئەو شارە و بە خوێنی زۆرتر لە 30 کەس ئاگری شەڕەکە دامرکایەوە.

گۆران گەوهەر، گەنجێکی کوردی خەڵکی خورماتووە و ژمارەیەک گەنج وەک هاوڕێ و پاسەوان لەگەڵیدان، وەک یەکێک لە هاوڕێکانی باسی کرد، حەشدی شەعبی زۆر رقیان لێیەتی و مەبەستیانە لە خورماتوو دەریپەڕێنن "چونکە دەزانن ئەو مل بۆ دەستدرێژی ئەوان نادات و وەڵامیان دەداتەوە".

بەڵام گۆران بۆ خۆی رەتیدەکاتەوە حەشدی شەعبی شەڕی ئەو بکەن "شەڕی کورد دەکەن و زۆرجار لە منەوە دەست پێدەکەن". گۆران گەوهەر، دەپرسێ بۆچی درەنگانی ئەو ئەو نارنجۆکە هەڵدراوەتە نێوماڵەکەی؟ هەر خۆی وەڵام دەداتەوە "حەشدی شەعبی بەدوای شەڕدا دەگەڕێن و ئامانجیان تەنیا ئەوەیە رێژەی کورد لە خورماتوو کەم بکەنەوە".

گۆران گەوهەر، باسی هەموو شەڕەکانی پێشووترش دەکات و دەڵێ "لە هەموویان حەشدی شەعبی دەستپێشخەر بوو"، و رەتیشیدەکاتەوە دانوستاندن و گفتوگۆ کۆتایی بە نائارامییەکانی خورماتوو بهێنێ "ئەوانەی شەڕ دەکەن و ئاژاوە دەنێنەوە، ناچنە سەرمێزی گفتوگۆ، بەرپرسەکانیان گفتوگۆ دەکەن و کۆمەڵێک خەڵکی دیکەیان هەیە دواتر بەری دەدەنە گیانی خەڵک، ئەوان بە ئاشکرا دەستدرێژی دەکەنە سەر خەڵک و ئێمەش بەڵێنمان بەیەک داوە، تاوەکو یەک دڵۆپ خوێنمان مابێ خورماتوو چۆڵ ناکەین".

### "بە فویەک دەتەقێتەوە"

یەکێک لەو گەنجانەی کە تەواوی رۆژەکە بە چەکەکەی دەستییەوە بەرامبەر هێزەکەی حەشدی شەعبی وەستاوەتەوە و نایەوێ ناوی بڵاوبکرێتەوە، رەخنە لە پارتی و یەکێتی دەگرێ "نە دەبوو سەرەتا رێگە بدەن حەشدی شەعبی بێتە نێو خورماتوو".

ئەو گەنجە مامەڵەی رۆژانەی چەکدارانی حەشدی شەعبی لە نێو خورماتوودا بە مامەڵەی "شەقاوە و چەقۆکێش" دەچوێنێ و دەڵێ ئەوان هیچ متمانەیەکیان بە رێککەوتن لەگەڵ حەشدی شەعبی نییە "سەد رێککەوتنیان لەگەڵ بکەی، تاوەکو لە خورماتوو دەرنەکرێن، وەزعەکە هەر سووتەمەنی نزیک لە ئاگرە و بە فویەک دەتەقێتەوە".

قەزای خورماتوو سەر بەپارێزگای سەلاحەدینە و نزیکەی 100 کیلۆمەتر لە سەنتەری پارێزگاکەوە دوورە، یەکێکە لەو شارۆچکانەی لە نێوچوارچێوەی ماددەی 140 دا بە چارەنووسێکی نادیار سپێردراوە و دانیشتوانەکەی 220 هەزار کەسە، کە 55% کورد، 15 عەرەب و 30%یان تورکمانن، بەڵام کاتێک داعش گەیشتە ناوچەکە، سوپای عێراق بەجێیهێشتن و پێشمەرگە ئەرکی پاراستنی خەڵکی ناوچەکەی لە ئەستۆگرت، دوو ساڵ لەمەوبەر، بەرپرسانی حیزبی و سەربازی ناوچەکە رێگەیان بە گەڕانەوەی حەشدی شەعبیدا بۆ ئەوێ.

### "بە دەردی گولاڵە دەچێ"

حەشدی شەعبی گەڕانەوە بۆ خورماتوو، تاوەکو تورکمانە شیعە مەزهەبەکان لە داعش بپارێزن، بەڵام نیوەی ئەو فیشەکانەی لەگەڵ خۆیان هێنابوویان بەرەو رووی کورد تەقاندیان. جێگری بەرپرسی مەڵبەندی حەمرینی یەکێتی، چەند کاژێرێک دوای ئاگربەستەکە قسەی بۆ (رووداو) کرد و گوتی "لە رێککەوتن لەگەڵ حەشدی شەعبیدا سەرکەوتوو نابین و شەڕ دانامرکێتەوە".

حەسەن بارام، ئێستا هەستی بەوە کردووە کە ئامانج لە هاتنی حەشدی شەعبی بۆ ناوچەکە، ئەوەیە "خورماتوو بە دەردی گولاڵە بچێ". هێما بۆ هەڵاتنی نزیکەی 2500 خێزانی کورد دەکات لە خورماتوو لەوەتەی حەشدی شەعبی چوونەتە ئەوێ "بەردەوام رێژەی کورد کەم دەبێتەوە و لە داهاتوودا هەڵبژاردن و راپرسییەکان بە قازانجی ئەوان کۆتایی دێ".

جێگری بەرپرسی مەڵبەندی حەمرینی یەکێتی، دەڵێ حەشدی شەعبی، دەست لە عەرەبی سوننە و کورد و تورکمانە سوننەکان ناپارێزن "تاوەکو ئێستا 135 کەسیان کوشتووە و 261 کەسیان بریندار کردووە و 161 کەسیش تاوەکو ئێستا بێسەروشوێنن، هەر کەسێک شیعە مەزهەب نەبێ ئەوان دژایەتی دەکەن". بەڵام گۆران گەوهەر، ئەو زانیارییانە پەسەند ناکات و دەڵێ " تەنیا لە عەرەبی سوننە 200 کەسیان کوشتووە".

### "دەبێ حەشد دەربکرێن"

بەرپرسی یەکێک لە میحوەرەکانی کەرکووکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، رێککەوتن و دانوستاندن لەگەڵ حەشدی شەعبی بە "هەڵەی گەورە" ناو دەبات و دەڵێ "لە جیاتی رێککەوتن و دانوستاندن، دەبێ حەشدی شەعبی لە خورماتوو دەربکرێن".

محەممەدی حاجی مەحموود هەروەها دەڵێ کە دانوستاندنت لەگەڵ حەشدی شەعبی کرد، واتە دانت پێداناون، بەڵام ئەوە هەڵەی گەورەیە و دەبێ دەربکرێن "باشترە تازووە دەربکرێن، چونکە ئەگەر ئێمە ئەوان دەرنەکەین، بە دڵنیاییەوە بۆ ئەوە هاتوون دوای داعش ئێمە دەربکەن".

**محەممەدی حاجی مەحموود:**

**ئەگەر حەشدی شەعبی لە خورماتوو دەرنەکرێن ئەوان کورد دەردەکەن**

# "تەنیا مالیکی و عەبادی دەزانن پارەی عێراق لە کوێیە"




هێڤیدار ئەحمەد
رووداو- بەغدا

کە زانی کوردم، بە "کاکە" بانگی کردم و دەستی بۆ چێشتخانەیەک درێژ کرد و گوتی "ئەوە دەبینی؟ ئەوە چێشتخانە بەناوبانگەکەی بەغدا بوو لە مەیدانی تەحریر، سەددام داوای لە تورکەکان کرد دروستی بکەن". بە دەنگێکی بەرزتر پەنجەی بۆ چەند باڵەخانەیەکی گۆڕەپانەکە درێژ کرد و گوتی "ئەم باڵەخانەیە دەبینی؟ ئەویش سەددام دروستی کرد، ئەم هوتێلە، هۆتێلی مەنسوور کە بەجێمانهێشت، شوققەکانی ساڵحییە هەموو سەددام دروستی کردن".

لەگەڵ شوفێری تاکسییەکە بەرەو کۆشکی سەلام دەڕۆیشتین بە مەبەستی هەڤپەیڤینێک لەگەڵ د.فوئاد مەعسووم، سەرکۆماری عێراق. گەیشتینە شەقامی سەعدون، شۆفێرەکە گوتی "ئەم جادەیە وەکو شووشە وابوو، سەددام کاتی خۆی هۆگۆ چافێز، سەرۆکی ڤەنزوێلای بەم شەقامەدا هێنا".

زۆری نەخایاند گەیشتینە هەردوو هۆتێلی "فەلەستین و عەشتار". شوفێرەکە ئاوڕێکی بۆ هوتێلەکان دایەوە و گوتی "ئەو دوو هوتێلە دەبینی؟ سەرەتای ساڵانی هەشتاکان کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی لە بەغدا هەبوو، سەددام ئەم دوو هۆتێلەی لەبەر خاتری کۆنگرەکە دروستکرد، هۆتێل فەڵەستینی دایە کۆمپانیا فەرەنسییەکان و عەشتاریشی دایە ئەمریکییەکان، سەددام گوتی کام هۆتێل زووتر تەواوبێ، ئەو کۆمپانیایە خەڵات دەکەم".

شوفێرەکە کەمێک بێدەنگ بوو، دواتر دەستی لە ڕانی دا و ئاهێکی هەڵکێشا و گوتی "ئەوانەی ئێستا هەموو بەکرێگیراون، نەک تەنیا پارەی عێراقیان دزی، بەڵکو عێراقیان فرۆشت".

هەر کەسێکی خەڵکی بەغدا کە قسەی لەگەڵ بکەی، باسی ئەوەت بۆ دەکات کە ئەو باڵەخانە بەرزانەی لەسەر شەقامە گشتییەکان و بازاڕەکان بەرچاو دەکەون لە سەردەمی سەددامدا دروستکراون. بەرپرسانی عێراق لە دوای 2003 داریان لەسەر بەرد دانەناوە. لەکاتێکدا باسی زیاتر لە 700 ملیار دۆلار دەکرێ کە لە دوای 2003وە دیار نەماوە.

تەنیا شت کە لە بەغدا نوێ بێت، ئەو دیوارە کۆنکریتییە بەرزانەن کە وەکو زرێیەک ماڵی بەرپرسان و فەرمانگەکانی حکومەت دەپارێزن. واتە هەرچی کۆشکی جوانە بە دیواری کۆنکرێتی داپۆشراوە.

لەسەر جاددەکان پیرەمێردی ریشسپی، کەمئەندام، منداڵی رەشەڵگەڕاو لەبەر خۆری بەغدا دەبینی، کلێنس دەفرۆشن یان سواڵ دەکەن. ئەو دیمەنانە لە هەموو شەقامە بەناوبانگەکانی بەغدا بەرچاو دەکەون، چجای گەڕەکە هەژارنشینەکانی!

لە مەیدانی تەحریر، خۆپیشاندەران پەتی سێدارەیان بۆ ئەوانە هەڵواسیوە کە خۆیان لە ناوچەی سەوز ناوە، ئەوان دەڵێن "هەموو ئەو بەرپرسانەی دەستیان لە تاڵانکردنی سامانی عێراقدا هەیە لێرە لەسێدارەیان دەدەین".

مەیدانی تەحریر پڕە لە پیاوی بە تەمەن، ئەو پیاوانەی زەبر و زەنگی سەددامیان بینیوە، بەڵام دەڵێن ئەو گەندەڵییەی ئێستا لە عێراق هەیە، وای کردووە خۆزگە بە سەردەمی سەددام بخوازن. هەموویان دەپرسن: پارەی عێراق لە کوێیە؟

رۆژی 17ی ئەم مانگە لە مەیدانی تەحریر بووین، هەزاران خۆپیشاندەر دژی حکومەتی عەبادی و دەستێوەردانی مالیکی لەوێ کۆببوونەوە، لە دەورویەری مەیدانی تەحریر، چەندین خاڵی پشکنین دانراون. لە یەکێک لە بازگەکان رایانگرتین، تاوەکو فەرمانیان لەسەرووی خۆیانەوە وەرنەگرت رێگەیان نەدا بچینە مەیدانەکە.

لە یەکێک لە سەربازەکانی بنکەکەم پرسی، ئەو باڵەخانەیەی پشتتان چییە؟ لەوەڵامدا گوتی: بانکە. لێمپرسی پشکی ئێوەی لێدەدەن؟ گوتی: "ناوەڵڵا، بەس گەورەمان موقتەدا سەدر گەیشتووەتە بەغدا و کودەتا دەکەین، ئەوکات هەموو شتێک بۆ خۆمان دەبێت، بە پارەی ئەو بانکەشەوە". لە هەموو دونیادا سوپا سەروەت و سامانی هاووڵاتیان و دەوڵەت دەپارێزێ، بەڵام ئەو چەکدارە چاوی بڕیوەتە سامانی دەوڵەت و لە دەرفەتێک دەگەڕێت تاڵانی بکات.

لە مەیدانی تەحریر تاکە سەرکردەی کورد کە بە "خراپ" ناوی دەهێنرێ، مەسعود بارزانییە. خۆپیشاندەران دەیانگوت بارزانی دەیەوێ کوردستان لە عێراق جیابکاتەوە، بەڵام ناهێڵین ئەو خەونەی بێتەدی، بەپێ دەچینە کوردستان و رێگری لە دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان دەکەین.

ژیان لە ناوچەی سەوز جۆرێکی دیکەیە. ئەوێ پڕیەتی لەو کۆشک و باڵاخانانەی لە سەردەمی سەددام حوسێن دروستکراون. ئێستا بەرپرسە باڵاکانی عێراق، وەکو نووری مالیکی، حەیدەر عەبادی، ئیبراهیم جەعفەری، عەمار حەکیم، د.فوئاد مەعسووم، سەلیم جبووری، ئوسامە نوجێفی و پەرلەمانتارانی پەرلەمانی عێراق لەو کۆشکانەدان.

رووبەری ناوچەی سەوز 10 کیلۆمەتر چوارگۆشە دەبێت، 13 ساڵە لەو ناوچەیە حوکمی عێراق دەکرێ، لەسەردەمی سەددامدا لەو کۆشکانەوە بڕیاری ئەنفال و کیمیابارانکردنی خەڵکی کوردستان دراوە. دوای سەددامیش هەر لەو کۆشکانەوە بڕیار درا بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان ببڕدرێ، رێژەی کورد لە سوپادا کەم بکرێتەوە. بۆیە پێناچێت ئەو ناوچە سەوزە، هیچی بۆ کورد لێ سەوز ببێ.

هاووڵاتی ئاسایی بۆی نییە بچێتە ناوچەی سەوز، چوونە ژوورەوە بۆ ناوچەی سەوز پێویستی بە باجە، ئەو باجەش تەنیا لە گیرفانی بەرپرسان و پاسەوانەکانیان و فەرمانبەرانی ناوچەکەدایە.

هاووڵاتییەک ئەگەر بیەوێ بچێتە ناوچەی سەوز، دەبێ نۆ بازگە ببڕێ و ناوی درابێتە هەر نۆ بازگەکە. خۆپێشاندەران دەیانگوت چاوەڕێی ئۆکەیی موقتەدا سەدر دەکەن بۆ ئەوەی بچنە ناوچەی سەوز. خۆپێشاندەرێک گوتی "دەبینن چۆن دەست و قاچی بەرپرسانی ناوچەی سەوز کەلەپچە دەکەین و دەیانخەینە نێو تەنەکەی خۆڵەوە".

بودجەی ساڵانەی عێراق لە سەرووی 100 ملیار دۆلارە، بەڵام هاووڵاتیانی عێراق هێشتا بەدەست کەمیی خزمەتگوزارییەوە دەناڵێنن، ئەوان پێیانوایە پارەی عێراق دەچێتە گیرفانی بەرپرسانەوە. خۆپیشاندەرێکی مەیدانی تەحریر دەڵێت "لەعێراق 100% گەندەڵی هەیە. لە مالیکی و عەبادی بترازێ کەس نازانێت پارەی ئەو وڵاتە چی بەسەردێت".

عەبدوڵڵا دەمیرباش، سەرۆکی پێشووی شارەوانیی سووری ئامەد بۆ (ڕووداو):

# دەیانەوێ سووری ئامەد بە گوێرەی ئیسلامیی تورک دیزاین بکەنەوە



**تا ئەوکاتەی ئەو سەرۆکی شارەوانیی سووری ئامەد بوو، کەم کەس و وەفد و شاندی هەرێمی کوردستان هەبوون سەردانی ئامەد بکەن و سەرێک لەو نەدەن. لە ژووری کارەکەیدا وێنەی مام جەلال و کاک مەسعود هەڵواسرابوون. حەسەن جەمال، ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی تورک لە وەسفی عەبدوڵڵا دەمیرباش، سەرۆکی پێشووی شارەوانیی سووری ئامەددا دەڵێت "ئەو پیاوەی ژیانی خۆی بۆ ململانێی دیموکراسی تەرخان کردووە". عەبدوڵڵا دەمیرباش کە ئێستا لە پۆستەکەی نەماوە، لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی بارودۆخی شارەوانییەکانی باکووری کوردستان و بەتایبەت شارەوانیی سووری ئامەد و هەڵگرتنی حەسانە لەسەر پەرلەمانتارانی کورد لە پەرلەمانی تورکیا، ڕۆڵی بارزانی بۆ دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی و چەند پرسێکی دیکە دەکات.**

ڕووداو - هەولێر

**ڕووداو: ماوەیەکی زۆر سەرۆکی شارەوانیی سوور بووی کە ئەمڕۆ بەهۆی شەڕەوە بووەتە کەلاوە، هەست چییە؟**

**دەمیرباش:** سوور دڵی ئامەدە، ئامەدیش یەکێکە لە شارە هەرە گرنگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. یەکێکە لەو شوێنە گرنگانەی کە سەرمایەی مرۆڤایەتی لەخۆیدا هەڵگرتووە. سوور هەرچەندە تەمەنێکی درێژی هەیە، وەکو بابل و نەینەوا بەردەوام خۆی لەسەر پێ گرتووە. سیمبۆلێکی ناسنامەیی، ئایینی و کلتوورییە. سوور سیمبۆلی هەرە گرنگی ئاشتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. هەستەکانم ناتوانن باسی ئەو کارەساتە بکەن کە تێیکەوتووە. ئەوەی لە سوور کاول دەکرێت ئاشتی، سەرمایەی هاوبەشی مرۆڤایەتییە. ئەوەی هەوڵی لەناوبردنی دەدرێت دڵی مرۆڤایەتییە. بۆیە ناتوانم پێناسەی هەستەکانم بکەم. بەتایبەتی وەکو کەسێک کە 10 ساڵ سەرۆکی شارەوانی بووم، ماندوو بووم، هەوڵم داوە شتێک بێنمە سەرشتێک، بەڵام لەناکاو بۆ مەرامەکانیان لەقەیەک لەو شتانە دەدەن کە دروستمان کردوون. زۆر جەرگبڕە. بەو کەسانەی دەخوازن دڵی ئامەد ببەن، دەڵێم "دەستتان لە دڵمان دوورخەنەوە. ئەوێ دڵی ئاشتییە". لەگەڵ ئەوەش پێمولیە لەو شوێنە مرۆڤایەتی سەردەکەوێت کە هەوڵی لەناوبردنی دەدرێت.

**ڕووداو: نوعمان کورتولموش جێگری سەرۆکوەزیرانی تورکیا، لە 17ی نیسان، گوتی دەزگای چارەسەری قەیرانی نیشتەجێبوون (تۆکی) ناچێتە نێو سوور، شوێنەکانیش بەهەمانشێوەی خۆیان دروست دەکرێنەوە. پێتوایە سووری پێشوو دروست بکرێتەوە؟**

**دەمیرباش:** ماوەیەکی درێژە پلانی لەم شێوەیەیان هەیە. لە کۆتایی 2008 بۆ ئەوەی سوور بە گوێرەی ویستەکانیان نۆژەن بکەنەوە، پرۆژەیەکیان هەبوو. ئێمەیان لە پۆستی سەرۆکی شارەوانی دەرکرد، والی و وەزیر ویستیان سوور برووخێنن و باڵەخانەی مۆدرێنی تێدا دروست بکەن. بەڵام خەڵکەکە ڕازی نەبوون و ناچاریان کردن واز لەو پرۆژەیە بێنن. ئەوەیان بە ئێمەوە بەستەوە و بەخراپی تاوانباریان کردین. گوتیان ناخوازێ لە سوور وەبەرهێنان بکرێ، ویستیان خەڵک لە دژی ئێمە هانبدەن، بەڵام بێ ئەنجام بوو. خەڵک باوەڕی پێنەکردن، پرۆژەکانی حکومەتیان قەبوڵ نەکرد. لەساڵی 2009 دوای ئەوەی لە هەڵبژاردن بردمانەوە، لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی چووینە لای والی، پلانی پاراستنی سوورمان داڕشت و بڕیارمان دا سوور بکەینە مۆزەخانەیەکی کراوە. پرۆژەیەکمان ئامادە کرد کە شایستەی سیمای مێژوویی سوور بوو. لەکۆتایی 2012 پلانی پاراستنی سوور لەلایەن ئەنجوومەنەکان ڕەزامەندی لەسەر نیشاندرا. بەڵام بەر لەوەی پلانەکە جێبەجێ بکەین، ڕەزامەندی خەڵکەکەمان لەسەر وەرگرت.

ئەوان ئێستا دەڵێن بەشێوەیەکی شیاو بونیادی دەنێینەوە، باشە شارۆچکەکە نەماوە تاوەکو بەشیاوی دروستی بکەنەوە. ناوبەناو لێدوانی ناکۆک دەدەن. هەندێکیان دەڵێن تۆلیدۆ، هەندێکیان دەڵێن سووری پێشوو، هەندێکیشیان دەڵێن سەرلەنوێ شارێکی دیکە دروست دەکەین. ئەوەی دیارە بە بەرنامە خراپیان کردووە، بەڵام بەرنامەیان بۆ دروستکردنەوەی نییە. بێگومان سوور وەکو جارانی لێنایەتەوە.

**ڕووداو: لەو کاتەی سەرۆکی ئەنجوومەنی چلەکان (قرقلار) بووی، لە ڤاتیکان لەگەڵ پاپا کۆبوونەوە. لەوێ داواتان لە پاپا کرد سەردانی ئامەد بکات. دواتر جارێکی دیکە لە ئیستانبوڵ چاوتان بە پاپا کەوت. لەبارەی داوەتکردنی پاپا تا ئەمڕۆ هیچ وەڵامێکتان وەرگرتووە؟**

**دەمیرباش:** ئێمە لە ساڵی 2012 ئەنجوومەنی (قرقلار)مان دامەزراند. ئەو ئەنجوومەنە لە 40 کەس پێکدێت، نوێنەری ئەرمەن، سریان، کلدان، ئێزدی، عەلەوی، موسوڵمان، مەزهەبەکانی ئیسلام و ژن و گەنج و نوێنەری ڕەوتە سیاسییە جیاوازەکان و نووسەر و هونەرمەندانی تێدایە، چونکە پێکهاتەی ئامەد، فرە کلتووری، ناسنامەیی و ئایینییە. ئێمە لە ڤاتیکان سەردانی پاپامان کرد، داوامان لێکرد سەردانی ئامەد بکات. لەوێدا پاپا سڵاوی لە کوردستان کرد و گوتی ئەگەر گونجاو بێ سەردانی ئامەد دەکات. هەروەها لە نامەیەکدا کێشەی کوردمان بۆ پاپا ڕوونکردەوە. کاتێک بەڕێز پاپا سەردانی ئیستانبۆڵی کرد بانگهێشتی کردین. زانیمانەوە کە پاپا ویستبووی سەردانی سوور و ئاوارەکانی کۆبانێ بکات، بەڵام دەوڵەت

**سوور بە بەرنامە تێکدراوە و وەکو جارانی لێنایەتەوە**

**ئەوەی ئێستا لە تورکیا هەیە لە کودەتای 12ی ئەیلول خراپترە**

**ئێمەیان دوورخستەوە بۆ ئەوەی سوور تێکبدەن**

بەبیانووی نەبوونی ئاسایش ڕێگایان پێنەدابوو. دواتر جارێکی دیکە ئێمە لە ڤاتیکان سەردانی پاپامان کرد، پاپا زۆر ئاشنایە بەکێشەی کورد، بۆیە بە پێویستی دەزانم پاپا داوەتی هەولێر بکرێت. ئێمە لەوێ لەگەڵ پاپا قسەمان کرد، پرسیارمان لێکرد "ئەگەر بەڕێوەبەرایەتی هەرێمی کوردستان، داوەتتان بکات، دەچنە هەولێر؟" بە نەرێنی وەڵامی ئەو پرسیارەی نەدایەوە. ڕێزدار پاپا زۆر سەرسام بوو بە بیرۆکەی ئەنجوومەنی (قرقکلار).

**ڕووداو: ئەنجوومەنی قرقلار چ پرۆژەیەکی هەبووە؟**

**دەمیرباش:** ئەنجوومەنی (قرقلار) پرۆژەی کلتووری نۆژەنکردنەوەی کۆڵانەکانی سووری داڕشت. بۆ ئەوەی مزگەوتێک، کڵێسای کلدانی کاتۆلیکی، کڵێسای ئەرمەنی لە تەنیشت یەک دروست بکەین. پرۆژەکە دروستکردنی ماڵێکی عەلەوی و ماڵێکی ئێزدی لەخۆ دەگرت. بیرمان لە نۆژەنکردنەوەی سینەگۆکی ئەرمەنەکان کردەوە. ئەو پرۆژەیەمان پێشکەش بە یەکێتیی ئەورووپا کرد. کۆڵانەکانمان نۆژەن کردەوە، لەگەڵ شارەوانیی گەورەی ئامەد 80%ی کڵێسای کلدانیمان نۆژەن کردەوە. هەروەها کڵێسای ئەرمەنیمان نوێ کردەوە و وەقفی ئەرمەنیمان دروستکرد. لە ئامەد تەنیا یەک خێزانی ئێزدی هەبوو، ماڵی ئێزیدیانمان بۆ دروستکردن. بۆ دروستکردنی سینەگۆکی جولەکە پەیوەندیمان بە ئیسرائیلەوە کرد، بەڵام هێشتا وەڵامیان نەبووە. دوای خراپکردنی سوور نازانین پاشماوەی ئەوانە چیان لێهاتووە.

**ڕووداو: بەدرێژایی مێژووی کۆماری تورکیا، هاوشێوەی سوور بڕیاری دەستبەسەرداگرتن بۆ شوێنێکی دیکە دراوە؟**

**دەمیرباش:** نەخێر، بەو بەرفراوانییە دەست بەسەر هیچ شوێنێکدا نەگیراوە. تەنیا هەندێک کێڵگە کە نزیکی بەنداوەکانن دەستیان بەسەرداگیراوە. گواستنەوەی حەسەن کێف بۆ شوێنێکی دیکە هەیە، بەڵام ئەوەی حەسەن کێف وەکو سوور بەرفراوان نییە. لەم چوارچێوەیە سوور یەکەمین شوێن و تاکە شوێنە. بێگومان لێرەدا مەبەست دیزاینکردنەوەی دڵی ئامەد و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە بەگوێرەی دیزاینی ئیسلامیی تورک. دەستبەسەرداگرتنی سوور جارێکی دیکە خەڵکی سوور ناچاری کۆچپێکردن دەکاتەوە، سوودێکی بۆ ناوچەکە و خەڵکەکە نییە. خەڵکی سوور بەخۆی هەژاربوو، لە شوێنی خۆیان دەرکرابوون، لەبەر ئەمە جارێکی دیکە ئەو خەڵکە مەغدور دەبێتەوە. ڕەهەندێکی دیکەی دەستبەسەرداگرتنی سوور، خراپکردنی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و شوێنە. ئەگەر شوێنێک نۆژەن دەکەنەوە پێویستە کولتووری ئەو شوێنە و خەڵکەکەشی بپارێزن. پێویستە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و شوێن باش بپارێزرێت. بەڵام بەداخەوە لۆژیکی نوێکردنەوەی دەوڵەت لەنێوان ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی تورکیا وەکو یەک نییە. لە ئامەد خەڵکەکە دەردەکات و ئینجا شوێنەکە نۆژەن دەکاتەوە، بەڵام لە گوندی جومالی کازک لە بۆرسە لەگەڵ خەڵکی ئەو گوندە بەیەکەوە نۆژەنی دەکەنەوە. ئەگەر مرۆڤ لە شوێنەکەی دووربکەنەوە و دواتر نۆژەنی بکەنەوە، کۆشکیش دروست بکەن سوودی چی هەیە؟ ئەگەر پەیوەندی دراوسێیەتی و کۆمەڵایەتی دروست نەکەن و دەست بەسەر ماڵی ئەو کەسانە دابگرن و کۆچبەریان بکەن بۆ شوێنی دیکە، ئەوە پێکهاتەی کلتووری ئەوێ خراپ دەکەن. دەوڵەت دەخوازێ کلتوورمان تەفروتونا بکات.

**ڕووداو: لە پەرلەمانی تورکیا پرۆسەی هەڵگرتنی پارێزبەندی دەستی پێکرد. لەو بارەیەوە پێویستە هەدەپە چی بکات؟ گەڕانەوە بۆ میللەت چۆن دەخوێنیەوە؟**

**دەمیرباش:** ئەوەی لە پەرلەمانی تورکیا ڕوودەدات، ئەنجامی ئەو هەوڵەیە کە ماوەیەکی درێژە دەدرێت بۆ لەنێوبردنی سیاسەتی کوردی. لەبنەمادا لەلایەک هەوڵدەدرێت لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کلتووری کورد لەناو ببەن، لەلایەکی دیکەش هەوڵدەدەن کورد لەگۆڕەپانی سیاسەتی دیموکراتی دووربخەنەوە. هەڵگرتنی حەسانەش ئاماژەیە بەو هەوڵانە. بە کورد دەڵێن هیچ مافتان نییە، دان بە مافی ژیانی کۆمەڵایەتی، کلتووری، ئابووری و سیاسیتان نانێین. دوورخستنەوەی کورد لە پەرلەمان بە واتای دوورخستنەوەی کوردە لە سیاسەت. نیشاندانی ڕێگای شاخە بە کورد. ئەو دەستپێشخەرییە زۆر مەترسیدارە. پێویستە حکومەت بە زووترین کات دەست لەو سیاسەتە هەڵبگرێت. من لە جیاتی گەڕانەوە بۆ میللەت، تا کۆتایی پشتگیری لە پەیڕەوکردنی ململانێی دیموکراتیانە دەکەم.

چارە لە پشتگیرکردنی ململانێی دیموکراتی دایە. پێویستە هەڵوێستی پەرلەمانتارانیش لەم چوارچێوەیەدابێ. ئەوان دەخوازن ڕێگای سیاسەتمان لێبگرن، پێویستە ئێمەش سووربین لەسەر سیاسەتکردن. دەڵێن "ئەگەر دەرگا ناکەنەوە، لە پەنجەرە، ئەگەر پەنجەرەش ناکەنەوە، دەبێت هەوڵ بدەی لە بۆڕی بچیتە ژوورەوە".

**ڕووداو: لەبەردەوامی دەستبەسەرداگرتن و**

**وەرگرتنەوەی حەسانە لە پەرلەمانتارانی کورد هەوڵێکە بۆ شکاندنی ئیرادەی کورد**

**ڕۆژئاوا گرنگترین هۆکار بوو بۆ تێکچوونی پرۆسەی چارەسەری**

**دەستگیرکردنی سەرۆکی شارەوانییەکان، چ ڕێگایەکی دیکە لەبەردەم شارەوانییەکانی هەدەپە دایە؟**

**دەمیرباش:** دەستبەسەرداگرتنی شارەوانییەکان بەشێکی دیکەیە لە ئۆپەراسیۆنەکانی دوورخستنەوەی کورد لە سیاسەتی دیموکراتیانە. سەرۆکی شارەوانی و ئەندامانی ئەنجوومەن دەستگیر دەکەن. بەمشێوەیە ڕێگای کارکردنیان لێدەگرن. ئابلۆقەی ئابووری لەسەر شارەوانییەکانە، بەکردەوە ڕێگا لە کاری شارەوانییەکان دەگرن. لەبەر ئەوەی بەرخودانی کورد شکستی نەهێناوە، دەخوازن دەست بەسەر شارەوانییەکاندابگرن. وەرگرتنەوەی حەسانە و دەستبەسەرداگرتنی شارەوانییەکان بەیەکەوە، هەوڵێکە بۆ شکاندنی ئیرادەی کوردی.

**بە دوورخستنەوەی کورد لە پەرلەمان ڕێگەی شاخی پێ نیشان دەدەن**

**بەهاتنە سەرخەتی بارزانی تای تەرازوو بەلای ئاشتیدا دەشکێتەوە**

**دەوڵەت نەیهێشت پاپای ڤاتیکان سەردانی ئامەد بکات**

**ڕووداو: لەو شوێنانەی شەڕی تێدایە، چ ئەرکێک دەکەوێتە سەر شانی سەرۆک شارەوانییەکانی هەدەپە؟**

**دەمیرباش:** لەو شوێنانەی شەڕی لێیە شتێک نەماوە تا سەرۆک شارەوانییەکان بیکەن. دەتوانن شاند دروست بکەن و ئەگەر بکرێت ببنە ناوبژیکەر. بۆ کۆتایی هێنان بەشەڕ دەتوانن درێژە بە هەوڵەکانیان بدەن. بەداخەوە ئێستا حکومەتی ناوەندی بەدوای دانوستاندندا ناگەڕێت، ڕێگاکانی دانوستاندنی داخستووە. لەناوچەکانی شەڕ، بۆ کەمکردنەوەی قەبارەی شەڕەکان، بۆ ئەوەی ڕێگا لە کوشتنی خەڵکی مەدەنی بگیرێت، بۆ گواستنەوەی بریندارەکان دانوستاندنی جۆراوجۆر هەیە، لەگەڵ ئەوەش ناوبەناو شێوازی دیکە گەڕان بەدوای دانوستاندن لەلایەن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی هەیە، بۆ نموونە لە جۆلەمێرگ ڕوویدا، بەڵام بەداخەوە گرنگیان پێنەدرا. لەوبارەیەوە هەردوولا ڕایانگەیاند کە دەرگاکانیان بۆ دانوستاندن داخستووە. ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ویستیان لە ڕێگای حکومەتەوە چەند دەستپێشخەرییەک بخەنەڕوو، بەڵام حکومەت دەرگاکانی بە ڕووی ئەوان نەکردەوە. لەمبارەیەوە نموونەی هەرە باش پەیوەستە بە لەیلا زانا، لە ڕێگای لەیلا زانا هەوڵی کردنەوەی ڕێگای دانوستاندن درا، بەڵام ئەنجامی نەبوو.

**ڕووداو: لەهەموو لایەکەوە حکومەت هێرش دەکاتە سەر شارەوانییەکان، شارەوانییەکان چۆن دەتوانن درێژە بە خزمەتکردن بدەن؟**

**دەمیرباش:** حکومەت هەوڵدەدات شارەوانییەکان بێکاریگەر بکات. سەرەڕای هەموو هەوڵی ئەوان، پێویستە ئێمە پەنا بۆ خەڵک ببەین، چونکە ئەوان پاڵپشتی سەرەکی ئێمەن. هەموو ئەمانە بۆ خەڵک ڕوونبکەینەوە و تێیانبگەیەنین کە ئامانجی دەوڵەت لەم هەڵمەتە یەک بەدوای یەکانە چییە. جگە لەوە لەڕێگای یەکێتیی شارەوانییەکانی گاپ، ئەمە بۆ حکومەتی تورکیا، یەکێتیی شارەوانییەکانی تورکیا، کۆنگرەی یەکێتیی شارەوانییەکانی ئەورووپا و دامەزراوە دیپلۆماسییەکانی دیکە ڕوون بکەینەوە. چونکە لەکۆتاییدا هەندێک پەیماننامەی نێودەوڵەتی هەیە تورکیا ناچارە جێبەجێیان بکات. دیسان سووربین لەسەر بەردەوامکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆ خەڵک. هەرچەندە ئەوان ئاستەنگی بکەن، دەتوانن پرۆسەی خاوێن ڕاگرتنی شارەکان جێبەجێ بکەن..

**ڕووداو: ئەو بارودۆخەی تورکیا پێیدا تێپەڕدەبێت، بە کامە قۆناغ دەچوێندرێت؟**

**دەمیرباش:** بارودۆخی ئێستا لە تورکیا لە کودەتای 12ی ئەیلولی ساڵی 1980 و لە ساڵانی نەوەتەکان خراپترە. لە 12ی ئەیلول ئەوەندە هەڵوێست و کردەوەی دیکتاتۆریانە نەبووە. دانوستاندنەکان تا ئەو ڕادەیە نەپچڕابوون. هەموومان لە ساڵانی نەوەتەکان بارودۆخی نائاساییمان بینی، سەرەڕای هەموو کردەوە توندەکان دانوستاندن هەبوو. ئەم پرۆسەیەی ئێستا لەهەموو ڕوویەکەوە لەوانەی دیکە خراپترە. قەبارەی توندوتیژییەکان زیاترە، زەمینەی دانوستاندن بەتەواوەتی لەبارچووە. تا دەچێت بەرەو ڕێگایەکی مەترسیدارتر دەڕوات، بەرەو دووڕیانێکی جیاوازتر دەچێت.

**پاپای ڤاتیکان زۆر ئاشنایە بە کێشەی کورد و پێویستە هەولێر داوەتی بکات**

**ڕووداو: بۆچی تورکیا گەیشتە ئەم بارودۆخە؟**

**دەمیرباش:** دوای ئەوەی ڕێککەوتنی دۆڵمەباخچە قەبوڵنەکرا، پرۆسەی چارەسەری تێکچوو. من پێموایە مەسەلەی هەرە گرنگ ڕۆژئاوای کوردستان بوو. لەوانەیە ڕۆژئاوا گرنگترین هۆکار بێ، بۆ خراپکردنی پرۆسەکە. قەبوڵنەکردنی ڕێککەوتنی دۆڵمەباخچەش پەیوەندی بە دەستکەوتەکانی ڕۆژئاواوە هەبوو. هەروەها نەکەوتنی کۆبانێ، ئاماژە بوو بەوەی لە تورکیا هەندێک شت دێتەئاراوە. بەتایبەتی هەردوولا گفتوگۆکانیان بەشێوەیەکی شەفاف و کراوە بۆ ڕای گشتی ڕووننەکردەوە. بەهۆی نەبوونی شاندێکی چاودێری بەسەر گفتوگۆکان، چەندین پرسیار لە مێشکی ڕای گشتی لەبارەی کێ ئەو پرۆسەیەی تێکدا پەنگی خواردووەتەوە. گفتوگۆکان بە نهێنی کراون، هەردوولا متمانەیان بەیەک نەبووە. ڕووداوە نوێیەکان نیشانی دەدەن کە لەگەڵ نەکەوتنی کۆبانێ، پرۆسەکە لەبارچووە، هەروەها دەڵێن ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی (MGK) چەند بڕیارێکی داوە کە سەرۆک وەزیران ئەحمەد داودئۆغلۆش پشتڕاستی کردەوە، پاشانیش لە هەڵبژاردنی حەوتی حوزەیران کە بەربەستی هەڵبژاردن تێپەڕێندرا، ئەو تابلۆ سیاسییەی هاتە ئاراوە بەدڵی حکومەت نەبوو. ئەو پرۆسەیەی هاتووەتە ئاراوە زیانی بە هەموو کەس گەیاندووە، پێویستە بە زووترین کات لەو هەلانە پاشگەز ببنەوە، تورکیا بگەڕێتەوە سەر پرۆسەی ئاشتی و چارەسەری. پێویستە درێژە بە گفتوگۆکان لەگەڵ بەڕێز ئۆجەلان بدرێ. بەڕێز ئۆجەلان گرنگترین کەسە کە دەتوانێ ئیرادە و دەستپێشخەری نیشان بکات.

بۆ ئەوەی پرۆسەی چارەسەری دەست پێبکاتەوە، بۆ ئەوەی ئۆجەلان وەکو سەرۆکی شاندی دانوستاندنکار ڕۆڵی خۆی ببینێ، پێویستە سەرۆک بارزانی دەستپێشخەربێ و ڕۆڵی مێژوویی خۆی جارێکی دیکە ببینێ. پێموایە بەهاتنە سەرخەتی بارزانی تەرازووی ڕووداوەکان بەلای ئاشتیدا دەشکێتەوە.

**عەبدوڵڵا دەمیرباش کێیە؟**

- ساڵی 1966 لە گوندێکی سەر بە لیجەی ئامەد لەدایکبووە.
- دەرچووی بەشی فەلسەفەیە لە زانکۆی فوڕات لە ئەلازغ.
- 17 ساڵ مامۆستا بووە لە ناوچەکانی یۆزگات، سیواس و کۆتاهیا.
- ساڵی 1990 دەچێتە ریزی سەندیکاکانی پەروەردە
- ساڵی 2001 دەبێتە سەرۆکی ڕێکخراوی (ئەیتم — سەن).
- ساڵی 2004 بە هەڵبژاردن دەبێتە سەرۆکی شارەوانی سووردی ئامەد.
- ساڵی 2007 لە پۆستەکەی لادەدرێ
- ساڵی 2009 جارێکی دیکە بە هەڵبژادن دەبێتەوە سەرۆکی شارەوانی سوور
- ساڵی 2009 بە بیانووی ئەندامێتی کەجەکە/ تورکیا دەستگیردەکرێت.
- ماوەی پێنج مانگ لە زیندان دەمێنێتەوە و بەهۆی ئەوەی نەخۆشی شێرپەنجەی هەیە ئازاد دەکرێ.
- ساڵی 2015 دیسان دەستگیردەکرێتەوە، بەڵام بەهۆی نەخۆشییەکەی بە کەفالەت ئازاد دەکرێ.
- ئێستا لە قوتابخانەکانی ئیستانبوڵ وانەی فەلسەفە دەڵێتەوە.

رووداو کوردستانی

ژمارە (405) دووشەممە 2016/4/25



## گیراوێکی کورد سزای لە سێدارەدانی بۆ دەردەکرێ

**رووداو- ورمێ**

گیراوێکی کورد لە زیندانی ورمێ، سزای لەسێدارەدانی بۆ دەردەچێ. حەسەن فەرەجی، تەمەن 31 ساڵ، ماوەی پێنج ساڵە لە زیندانی ورمێ راگیراوە. یەکێک لە کەسەکانی ئەو زیندانییە سیاسییە بە ئاژانسی کوردپای راگەیاندووە فەرەجی بە تۆمەتی "ئەندامێتی و پڕوپاگەندە بۆ حیزبێکی کوردی" دەستبەسەر و زیندانی کراوە. ئەو سەرچاوەیە گوتیشی "باوک و دایکی ئەو زیندانییە کوردە لە کۆتاییەکانی هەفتەی رابردوو لەگەڵ دادوەری دۆسیەکەی حەسەن قسەیان کردووە، ئەویش پێیڕاگەیاندوون سزای لەسێدارەدانی بۆ دەرچووە.

# کێ ئاگری شەڕەکەی قامشلۆی داگیرساند؟

**رووداو- هەولێر**

ئەو شەڕەی خەریک بوو قامشلۆ بکاتە گۆمی خوێن، قسەی جیاجیای لەبارەوە دەکرێ، هەندێک کەس هۆکاری شەڕەکە دەخەنە ئەستۆی هێزە کوردییەکان و هەندێکیش دەڵێن رژێمی سووریا شەڕەکەی هەڵگیرساند.

رۆژی 19 تاوەکو 22ی ئەم مانگە، شاری قامشلۆ لە رۆژئاوای کوردستان بووە گۆڕەپانی شەڕێکی قورس لە نێوان هێزە کوردییەکان و هێزەکانی سەر بە رژێمی سووریا.

بەپێی لێدوانی دەزگای ئاسایشی رۆژئاوای کوردستان، لەو شەڕەدا حەوت ئەندامی ئاسایش، سێ شەڕڤانی یەپەگە و 23 سڤیل بوونە قوربانی، سەرباری کوژرانی 31 چەکداری سەر بە رژێمی سووریا.

قامشلۆ دەکەوێتە باکووری رۆژهەڵاتی سووریا و سەر بە پارێزگای حەسەکەیە، بەگوێرەی ئاماری حکومەتی سووریا لە ساڵی 2007 دانیشتووانی ئەو شارۆچکەیە 88 هەزار کەس بووە. بەڵام بەهۆی ئەوەی زۆر لە کوردی ئەو شارە رەگەزنامەی سوورییان نییە و لە ئامارەکەدا تۆمار نەکراون، مەزەندە دەکرێت ژمارەی دانیشتووانی شارۆچکەکە 200 هەزار کەس بێت.

بەگوێرەی زانیارییەکان رۆژی 19ی ئەم مانگە هێزەکانی بەرگریی نیشتمانی سەر بە رژێمی سووریا، کە لە عەشیرەتە عەرەبەکانی ناوچەکە پێکدێن و محەممەد فارس، سەرۆکی عەشیرەتی (تەی) سەرۆکایەتییان دەکات، هێرشیان کردووەتە سەر ئۆتۆمبێلێکی هێزەکانی ئاسایشی رۆژئاوا و دوو کارمەندی ئاسایشیان شەهید کردووە و یەکێکیشیان بریندار کرد، ئەوەش بووە هۆی هەڵگیرسانی شەڕ.

### "گێچەڵیان بە رژێم کردووە"

لەبارەی هۆکارەکانی ئەو شەڕە، لێدوان و خوێندنەوەی جیاواز هەیە، بەشێک لە چاودێران پێیانوایە بەڕێوەبەرایەتی رۆژئاوا، نایەوێت دەزگاکانی سەر بە رژێمی سووریا لە قامشلۆ بمێنن، تاوەکو بتوانن سیستەمی فیدراڵی بخەنە بواری جێبەجێکردنەوە، بۆیە گێچەڵ بە رژێم دەکەن.

**چاودێرێک:**
**هێزە کوردییەکان گێچەڵ بە رژێم دەکەن**

**وەزیرێکی پەیەدە:**
**رژێم ئاستەنگ بۆ فیدراڵی دروست دەکات**

تەلاڵ محەممەد، وەزیری گواستنەوە لە کانتۆنی جەزیرە بە (رووداو)ی گوت "بوونی هێزەکانی رژێم لە قامشلۆ ئاستەنگ لەبەردەم دامەزراندنی سیستەمی فیدراڵی دروست دەکات، بۆیە زۆربەی حیزبە کوردییەکان داوا دەکەن ئەو هێزانە لە قامشلۆ نەمێنن".

چاودێرێکی سیاسی لە قامشلۆ کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، دەڵێت "ماوەیەکە هێزەکانی یەپەگە لە شوێنە گشتییەکان گێچەڵ بە پیاو و چەکدارەکانی رژێم دەکەن و پێیان دەڵێن نابێ بە جلی سەربازییەوە بچنە شوێنە گشتییەکان".

### شەڕەکە هەڕەمەکی نەبووە

هەرچەندە هەڵگیرسانی شەڕ لە قامشلۆ، وەکو رووداوێکی هەڕەمەکی تەماشا دەکرێت، ئەوەی دیارە، هەردوولا هێشتا پێویستیان بەیەکتر هەیە و ناتوانن بەبێ یەکدی قامشلۆ بەڕێوەببەن، بەتایبەتی بۆ ئیدارەی رۆژئاوای کوردستان مانەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ رژێمی سووریا بەمشێوەیەی ئێستا لەوانەیە لە رووی جوگرافییەوە چارەنووسسازتر بێ، چونکە جگە لە دەروازەی رژێم، ئەو ناوچەیە هیچ دەروازەیەکی دیکەی لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا نییە.

بەڵام هەندێک لە چاودێران مەسەلەکە بە دیوێکی دیکەدا دەخوێننەوە، پێیانوایە پەیەدە دەخوازێ بەر لە یەکلابوونەوەی چارەنووسی بەشار ئەسەد، بە فەرمی ناساندنی فیدراڵیزمی رۆژئاوا یەکلایی بکاتەوە.

دڵشا یوسف، نووسەر و رۆژنامەنووس دەڵێت "شەڕی قامشلۆ هەڕەمەکی نەبوو. تاقیکردنەوەیەکە بۆ سەپاندنی توانای ئەمری واقیع بەهێزی سەربازی، هەوڵێکی بە پەلەیە بۆ دۆزینەوەی رەوایەتی بۆ فیدراڵیزم. پەیەدە دەخوازێ رەوایەتی بۆ فیدراڵیزم پەیدا بکات بەر لەوەی چارەنووسی بەشار ئەسەد بە رۆیشتن یان مانەوەی دیاری بکرێت".

دلشا یوسف پێیوایە کورد لە قامشلۆ بەشێوەیەک لە شێوەکان بەدوای بیانوودا دەگەڕا "کورد ویستی هەڵوێستی ئەمریکا و رووسیا تاقی بکاتەوە، بەتایبەتی لەوکاتەی کە ساڵح موسلیم لە رووسیایە. لۆژیکەکە ئەوەیە: ئیدی پێویستمان پێتان نییە و ناوچەکانمان چۆڵ بکەن. کاتی گونجاو بۆ ئەمە هاتووە".

بەڵام سەرچاوەکەی رووداو کە نزیکە لە هێزە کوردییەکان، پێیوانییە رژێم قامشلۆ بەجێبێڵێ "تاوەکو ساڵی 2017 زۆر زەحمەتە رژێم قامشلۆ بەجێبێڵێت. چونکە ئەمە لەکەیەک لە گەورەیی دەوڵەت دەدات، بەتایبەتی لەوکاتەی کە رژێم چەندین شوێنی لە دەستی گرووپە رادیکاڵەکان دەرهێناوە، لە جنێڤیش ئەوەی دەیویست روویدا".

ئەو سەرچاوەیە لەدرێژەی قسەکانیدا دەڵێت "رووسیا ئێستا دەخوازێ ئۆپۆزسیۆنێکی دیکە دروست بکات و ئەوان بکاتە موخاتەبی گفتوگۆکردن لەگەڵ رژێم. ئەگەر رووسیا توانی ئەمریکا بەوە رازی بکات، لە ساڵی 2017 رژێم ناچار دەکرێت قامشلۆ بەجێبێڵێ".



"شەڕەکەی قامشلۆ پەیامی یەبەدە بوو بۆ رژیمی سووریا بۆ ئەوەی شارەکە جێبهێڵێت" (فۆتۆ: AFP)

### رژێم و ئۆپۆزیسیۆن لەپشت رووداوەکانی قامشلۆن

خوێندنەوەیەکی دیکە بۆ رووداوەکانی قامشلۆ ئەوەیە کە رژێم بە راگەیاندنی فیدراڵی و دەستکەوتەکانی کورد نیگەرانە و دەخوازێ باڵانسەکە بگۆڕێت. ئیسماعیل حەمە ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی یەکێتیی کورد کە یەکێکە لە پارتە سەرەکییەکانی ناو ئەنجوومەنی نیشتمانیی کورد لە رۆژئاوای کوردستان، دەڵێت "راگەیاندنی فیدراڵی لەو کاتەدا کە جیهان بە کۆبوونەوەکانی جنێڤەوە خەریک بوو هەنگاوێکی گرنگ بوو، سەرەڕای هەموو تێبینییەکانمان لەسەر ئەو لایەنەی فیدراڵیزمی راگەیاندووە. نیشانیشی دا کە کێشەی سووریا زۆر ئاڵۆزترە لەوەی پێشبینی دەکەن، تەنیا ململانێ لەسەر دەسەڵات و لابردنی رژێم نییە، بەڵکو ململانێیەکی چەند سەرەیە کە بەبێ دۆزینەوەی چارەسەری بۆ کێشەی کورد، چارەسەر ناکرێت. رژێم و ئۆپۆزسیۆنی سووریا هۆکاری سەرەکیی ئەو شەڕەی قامشلۆن، دوای راگەیاندنی فیدراڵی، رژێمی سووریا لەڕێی میدیاوە لایەنەکان لە دژی کورد هان دەدات، ئەوەش هۆکارێکی ناڕاستەوخۆیە بۆ دروستبوونی ئەو بارودۆخە".

یوسف خالید، جێگری سەرۆکی مەڵبەندی کورد بۆ توێژینەوە لە ئەڵمانیا کە نزیکە لە پەیەدە، پێیوایە رووداوەکانی قامشلۆ ئەنجامی بێهێزی و بێچارەیی رژێمی سوورییایە. یوسف خالید بە (رووداو)ی گوت "رژێم باش دەزانێ جارێکی دیکە ناتوانێ هەژموونی بەسەر قامشلۆدا بسەپێنێتەوە، بەڵام بەم شەڕە دەخوازێ نیشانی رای گشتی بدات کە دەتوانێ هەژموونی لەسەر هەموو شوێنێک هەبێ".

ئەحمەد سلێمان، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی پێشڤەڕۆی کورد، لەبارەی ئەو شەڕەوە بە (رووداو)ی گوت "کۆبوونەوەکانی جنێڤ و سەرکەوتنەکانی رژێم بەسەر ئۆپۆزیسیۆندا، پاڵی بە رژێمەوە ناوە، تاوەکو خۆی وەکو خاوەن بڕیار لە وڵاتدا نیشان بدات".

هەندێک لە میدیاکان و کەسانی نزیکی سەر بە یەپەگە دەڵێن لە کاتی شەڕدا، ئەمریکا هەڕەشەی لە رژێم کردووە و رێگای نەداوە فڕۆکە لە شەڕی قامشلۆدا بەکاربێنێ. ئەحمەد سلێمان دەڵێت "یەپەگە بەشێکە لە هەڵمەتی هاوپەیمانی بۆ سەر داعش و دروستبوونی هەر کێشەیەک بۆ ئەو هێزە کاریگەری لەسەر هاوپەیمانان دەبێ، پێموایە ئەمریکا و رووسیا ناخوازن کێشە لەناوچە کوردیەکان بەتایبەتی لە جەزیرە دروست ببێ، بەرفراوانبوونی شەڕ بەشێوەیەک کە کۆنترۆڵ نەکرێت لە بەرژەوەندی رژێمیشدا نییە".

# "حەسانە لەسەر پەرلەمانتارانی HDP هەڵناگیرێ و دەست بە پرۆسەی چارەسەریش دەکرێتەوە"

**رووداو- هەولێر**

هەڵگرتنی پارێزبەندی لەسەر پەرلەمانتارانی پارتی دیموکراتی گەلان (HDP) خوێندنەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت. هەندێک لە چاودێران دەڵێن رێگایەکە بۆ گۆڕینی سیستەمی پەرلەمانی بۆ سەرۆکایەتی، راوێژکارێکی پێشووی داودئۆغڵوش داوا لە HDP دەکات پەرلەمان جێنەهێڵێت.

دوای گفتوگۆیەکی درێژ، پارتی داد و گەشەپێدانی دەسەڵاتدار لە تورکیا، لە 12ی نیسانی 2016دا پرۆژەی هەڵگرتنی پارێزبەندی لەسەر ئەو پەرلەمانتارانە پەسەند کرد کە لە دادگا دۆسیەیان بۆ کراوەتەوە. پرۆژەکە بە واژۆی 316 پەرلەمانتار ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کرا.

### بیانووی پرۆژەکە

پرۆژەکەی ئاکپارتی کە واژۆی هەموو پەرلەمانتارانی ئەو پارتەی بە سەرۆک وەزیران ئەحمەد داودئۆغڵوشەوە لەسەرە، رووداوەکانی ئەمدواییەی تورکیا بەبیانوو دەهێنێتەوە و دەڵێت "تورکیا لە مێژووی خۆیدا دەستی بە گەورەترین پرۆسەی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر کردووە، هەندێک پەرلەمانتار بەر لەوەی ببنە پەرلەمانتار و هەندێکی دیکەشیان دوای ئەوەی بوونە پەرلەمانتار، بە لێدوانەکانیان پشتگیری مەعنەویی تیرۆر دەکەن، هەندێکیان بە کردار پشتگیری و هاوکاریی تیرۆر دەکەن، هەندێکی دیکەش رای گشتی بۆ پەنابردنە بەر تیرۆر هاندەدەن. رای گشتی پێش هەموو شتێک پێیوایە ئەو پەرلەمانتارانەی پشتگیری لە تیرۆر و تیرۆریستان دەکەن، یان هانی توندوتیژی دەدەن، پارێزبەندی بەشێوەیەکی خراپ بەکاردێنن، بۆیە داوا دەکەن پەرلەمان رێگا بە دادگاییکردنی ئەو پەرلەمانتارانە بدات".

بەشێک لە چاودێرانی سیاسی پێیانوایە بوونی HDP گەورەترین ئاستەنگە لەبەردەم گۆڕینی سیستەمی پەرلەمانی بۆ سیستەمی سەرۆکایەتی. دوا هەڵمەتی ئاکپارتیش بە رێگایەک بۆ گەیشتن بەو سیستەمە لە قەڵەم دەدەن.

ئۆزەر سنجار، بەڕێوەبەری کۆمپیانیای (میترۆپۆڵ) بۆ توێژینەوەی سیاسی و راپرسی دەڵێت "یەکێک لە مەبەستەکانی هەڵگرتنی پارێزبەندی گەیشتنە بەو رێژەیەی پێویستە بۆ گۆڕینی دەستوور. دوای ئەوەی ژمارەیەک پەرلەمانتاری HDP دەستگیر دەکەن، بۆ پڕکردنەوەی جێگای ئەوان هەڵبژاردن دەکرێت و ژمارەی کورسییەکانی ئاکپارتی پێ زیاتر دەکرێت".

سنجار پێیوایە مەبەستێکی دیکە لە هەڵگرتنی پارێزبەندی لەسەر پەرلەمانتارانی HDP پەیوەستە بە پلانی سەرکۆمار و حکومەت بۆ ئەوەی لە کاتی پێویست هەڵبژاردنی پێشوەخت بکەن "هەڵگرتنی پارێزبەندی، HDP بێبەش دەکات لە سەرکردە بەتواناکانی و دەیخاتە دەرەوەی بازنەی کاریگەری. چەندین پەرلەمانتاری HDP شەکەت دەکەن و فڕێیان دەدەنە دەرەوەی بازنەی سیاسەت. بەمەش نەپەڕینەوەی HDP لە بەربەستی هەڵبژاردن مسۆگەر دەکەن".

دەشڵێت "کۆشک پێیوایە هەڵگرتنی پارێزبەندی لەسەر HDP پشتگیری بۆ سیستەمی سەرۆکایەتی زیاد دەکات. چونکە نزیکەی 50%ی رای گشتی پشتگیری لە هەڵگرتنی حەسانە دەکات. ئەمەش ئەرگۆمێنتێکە بۆ فراوانبوونی پشتگیری لە سیستەمی سەرۆکایەتی".

### CHP پشتگیری ئاکپارتی دەکات

بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو، کەمال کلیچدارئۆغڵو، سەرۆکی پارتی گەلی کۆماری (CHP) لە رۆژی 18ی ئەم مانگە لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا پشتگیریی پارتەکەی بۆ لێسەندنەوەی پارێزبەندی لە پەرلەمانتارانی HDP راگەیاند و گوتی "سەرەڕای ئەوەی دەزانم پێشنیازەکەی ئاکپارتی پێشێلکردنی دەستوورە، بەڵام بۆ ئەوەی نەڵێن CHP لە دژی تیرۆر پشتگیریمان ناکات، پشتگیری لە پێشنیازەکەی ئاکپارتی دەکەین". ئەمەش کاردانەوەی لەنێوخۆ و دەرەوەی CHP لێکەوتەوە.



پەرلەمانتارانی هەدەپە دەڵێن مەیدان بۆ ئاکپارتی چۆڵناکەن

محەممەد ئاڵکش، پسپۆڕ و توێژەر لەبارەی کێشەی کورد، پێیوایە قسەکانی کلیچدارئۆغڵو هەوڵێکە بۆ بەشدارکردنی CHP لە چارەسەری کێشەی کورد. ئاڵکش بە (رووداو)ی گوت "رەخنە لە CHP دەگیرێ کە رۆڵی پێنەدراوە لە چارەسەری پرسی کورد، بۆ ئەمە دەبێ CHP خۆی بە دوژمنی HDP پێشان بدات".

هەروەها ئۆزەر سنجار سەرۆکی دەزگای میترۆپۆڵ رەخنە لە قسەکانی سەرۆکی CHP دەگرێت و پێیوایە دەبوو CHP پشتگیری لە هەڵگرتنی پارێزبەندی لەسەر هەموو پەرلەمانتاران بکات. پێیشیوایە مەبەستی کلیچدارئۆغڵو لەو قسانە بۆ ئەوەیە رێگا لە دەسەڵات بگرێت تاوەکو هیچی دیکە نەڵێ CHP و HDP هاوپەیمانی یەکدین.

ئۆزەر سنجار پێیوایە قسەکانی کلیچدارئۆغڵو کاریگەری لەسەر دەنگدەری CHP دەبێت و دەڵێت "ئەگەر CHP بە کردەوە پشتگیری لە پرۆژەکەی دەسەڵات بکات، ژمارەیەکی زۆری دەنگدەری تورک بەرەو HDP دەچن و HDP بەدەنگی CHP بەربەستی هەڵبژاردن تێدەپەڕێنێ. بەوجۆرەش تابلۆی 1994 دووبارە دەبێتەوە کاتێک دەپ بە دەنگی CHP چووە پەرلەمانی تورکیا".

### هەڵگرتنی حەسانە ئابڕووی پەرلەمان دەبات

ئەتیەن مەحجوبیان، راوێژکاری پێشووی ئەحمەد داودئۆغڵو سەرۆکوەزیرانی تورکیا، پێیوایە ئەگەر پرۆژەی ئاکپارتی بۆ پارێزبەندی بکرێتە بڕیار، رووداوەکانی 1994 دووبارە دەبنەوە.

لە 1994/3/2 ژنە پەرلەمانتاری کورد لەیلا زانا، لەنێو پەرلەمانی تورکیا، بە کوردی سوێندی پەرلەمانیی خوارد، ئەمەش تووڕەیی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا. هەر هەمان رۆژ پارێزبەندی لەسەر پەرلەمانتارانی کورد (لەیلا زانا، ئۆرهان دۆغان، خەتیب دیجلە، ئەحمەد تورک، سری ساکیک و مەحمود ئاڵناک) هەڵگیرا و لە ماوەی دوو رۆژدا هەر هەموویان دەستگیرکران.

ئەتیەن دەڵێت "رووداوەکانی 1994 لەکەیەکە بەنێوچەوانی پەرلەمانی تورکیاوە. ئێستاش دەڵێن HDPییەکان بە رەزامەندی خۆیان ناچنە بەردەم دادگا، بەڵام ئەگەر پارێزبەندی هەڵگیرا، دادگا پۆلیس دەنێرێتە نێو پەرلەمان و دەستگیریان دەکات، هەموو ئەمانە لەبەرچاوی کامێراکان دەبێت و ئەوەش دەبێتە ئابڕووچوون و لەکەیەکی دیکە بە تەوێڵی پەرلەمانەوە".

ئەو نووسەر و رۆشنبیرە بە رەگەز ئەرمەنییە، جەخت لەوە دەکاتەوە کە کاردانەوەی HDP گرنگە لەکاتی هەڵگرتنی پارێزەبەندی لەسەر پەرلەمانتارەکانیان "ئەگەر HDP کاردانەوەیەکی توند نیشان بدات و پەرلەمان بەجێبێڵێت، ئەو دەرفەتە لەدەست دەدات کە لەبەردەستیدایە.

هەرچەندە کورد پێیوایە HDP کەسایەتی خۆی لەدەستداوە، بەڵام دەخوازێ HDP لەسەر پێ بێت. پێیوایە ئەگەر HDP لەنێو هاوسەنگییەکاندا نەبێ، کێشەی کورد چارەسەر نابێ".

بەبڕوای مەحجوبیان، ئەگەر ئاکپارتی لە دوای هەڵگرتنی پارێزبەندی یەکسەر پاکێجێکی چاکسازی بەرفراوان رانەگەیێنێ، ئەوا هەڵگرتنی پارێزبەندی لەسەر پەرلەمانتارانی HDP هیچ سوودێکی بۆ ئەو نابێت.

چاغلا دەمیرال، ژنە پەرلەمانتاری HDP، باسی کاردانەوەیان دەکات لە ئەگەری هەڵگرتنی پارێزبەندی لەسەر پەرلەمانتارەکانیان "ئەگەر پارێزبەندیمان لەسەر هەڵبگرن، چەندین رێگەمان لە پێشە، بەڵام مانەوە لەناو پەرلەمان و درێژەدان بە ململانێی دیموکراتی لە پێش هەموو رێگاکانە".

### "پارێزبەندییان لەسەر هەڵناگیرێ"

لەسەرەتای ساڵی 2013، هەڵگرتنی پارێزبەندی لەسەر پەرلەمانتارانی کورد رۆژەڤی بەهێزی تورکیا بوو، بەڵام بە پێچەوانەوە حکومەت رایگەیاند لەگەڵ ئۆجەلان رێککەوتوون و پرۆسەی چارەسەری کێشەی کورد دەستی پێکرد. محەممەد ئاڵکش، رۆژەڤی ئێستای پەرلەمانی تورکیا بە ساڵی 2013 دەچوێنێت و دەڵێت "ئەوەی دەکرێت ستراتیژێکی گوشارە بۆ سەر HDP بۆ ئەوەی بەگوێرەی پرۆژەی چارەسەری حکومەت خۆی نزیک بکاتەوە. باوەڕ ناکەم پارێزبەندی هەڵبگرن".

هەروەها دەڵێت "کێشەی کورد لە تورکیا قۆناغی هەڵگرتنی پارێزبەندی بڕیوە. پێموایە دوای چەند مانگێکی دیکە دەست بە پرۆسەی چارەسەری دەکرێتەوە. چونکە داخستنی رێگای سیاسەت پەیوەندیی کورد لەگەڵ تورکیا ئەوەندەی دیکە لاواز دەکات. خەرجی ئەو کارەش بە گرانی لەسەر ئاکپارتی دەوەستێ".

شێخ محەممەد ئەلفارس، سەرۆکی هێزی بەرگریی نیشتیمانی سووریا لە قامشلۆ بۆ (رووداو):

# لە کەس قبوڵ ناکەم ئاسایشی قامشلۆ تێکبدات



ماڵەکەی کە دەکەوێتە کۆڵانی تەی لە قامشلۆ، لەلایەن شەڕڤانانی یەکینەکانی پاراستنی گەل و ئاسایشی کانتۆنی جزیرەوە گەمارۆ درابوو، ماڵەکەی خرابووە چوارگۆشەی ئەمنییەوە، هەر کەسێک بکەوێتە نێو ئەو چوارگۆشە ئەمنییە، دەربازبوونی ئەستەمە، بەڵام تیمی (تۆڕی میدیایی رووداو) لەڕێگەی کەسێکەوە کە خەریکی نێوبژیوانی بوو لە نێوان YPG و ئاسایش و هێزەکانی بەرگریی نیشتیمانی، توانی خۆی بگەیەنێتە ماڵی شێخ محەممەد ئەلفارس، سەرۆکی هێزی بەرگری نیشتیمانیی سووریا.

ئەلفارس، سەرۆکی عەشیرەتی تەی لە قامشلۆ کە قسە بۆ میدیاکان ناکات، بەگوتەی خۆی بۆ ئەوەی راستیی رووداوەکانی قامشلۆ بۆ رای گشتی باس بکات، رازی بوو قسە بۆ (رووداو) بکات.

ئەو شەڕەی لە قامشلۆ لە رۆژی 19ی ئەو مانگە روویدا بەلای ئەلفارسەوە شەڕی نێوان "دوو هێزی برای چەکدار" بووە. هەرچەندە خۆی بەرپرسی یەکێک لەو دوو هێزەیە، بەڵام رەتیدەکاتەوە کە ئەو دەستی لەو شەڕەدا هەبووبێ.

هێزەکەی شێخ محەممەد کە سەر بە رژێمی ئەسەدن، خۆی بە "میلیشیا" ناویان دەبات و دەڵێت رژێم پاراستنی هەندێک لە ناوچەکانی قامشلۆی بەو میلیشیایانە سپاردووە. هەروەها دەڵێت ژمارەیەکی زۆر چەکداری کورد لە نێو هێزەکانی ئەواندا هەن. ئەلفارس لە بەهای راگەیاندنی کانتۆنەکانی رۆژئاوا کەمدەکاتەوە و دەڵێت "کانتۆن چییە؟ من نازانم بۆم باس بکەن". سەبارەت بە فیدراڵییەتی رۆژئاوای کوردستانیش دەڵێت "هێشتا زۆر زووە بۆ فیدراڵی".

رووداو - قامشلۆ

**رووداو: کێ هۆکاری سەرەکیی ئەم شەڕە بوو کە لە قامشلۆ روویدا؟**

**محەممەد ئەلفارس:** بەڵگە چییە کە من لە پشت ئەو رووداوەم؟ ئەم تۆمەتبارکردنە چ مانایەکی هەیە لە کاتێکدا هیچ پاساوێک نییە؟ رۆڵی من چییە لەم رووداوەدا؟ پێش هەموو شتێک من هاووڵاتیم، جا هەر پلەیەک و پێگەیەکم هەبێت یان ئەندامی ئەنجوومەنی گەل بم. ئەوەی روویدا، لە ئەنجامی ململانێی نێوان دوو گرووپی برای چەکدار بوو. دەمێکە ململانێ لە نێوان هێزەکانی بەرگریی نیشتیمانی و ئاسایشدا هەیە. ئەوان، ناوە ناوە وەک دۆست مامەڵە لەگەڵ یەکدی دەکەن و هەندێکجاریش وەک دەبینن شەڕ و پێکدادانیانە. بەهیچ شێوەیەک من پەیوەندیم بەم رووداوەوە نییە. هەر کەسێک بە پێچەوانەوە بیر دەکاتەوە با بەڵگەکانی خۆی پێشکەش بکات بۆ ئەوەی منیش سەرکۆنەی خۆم بکەم. من کوڕی ئەم خاکەم، شانازی بە سووریبوون و عەرەببوونمەوە دەکەم. بەڵام نە لەخۆم نە لە هیچ کەسێکی دیکە قبووڵ ناکەم ئارامی و خۆشگوزەرانی و سەقامگیریی ئەم ناوچەیە تێکبدات و خەڵکی ناوچەکە دووچاری دڵەڕاوکێ و ترس و تۆقاندن بکات. ئەو ناوچەیە کە لە ماوەی پێنج ساڵی خوێناویدا هیچ کێشەیەکی نەبووە و هیچ کەسێک تەنانەت نەیتوانیوە رۆکێتێکیش بتەقێنێ، ئەوەی مایەی نیگەرانییە لەنێو خودی خەڵکەوە ناکۆکی و ململانێ روویدا و بەهۆیەوە پشێوی رووی کردە ئەم ناوچە ئارامە. بۆیە با گلەیی و سەرکۆنەی هەردوو لایەنەکە بکەین.

**رووداو: ئەو هێزە چەکدارە کە یەکێکە لەلایەنەکانی شەڕ هێزی نیزامین؟**

**محەممەد ئەلفارس:** نەخێر ئەمانە میلیشیان، راستە هێزێکی نیشتمانین، بەڵام میلیشیای چەکدارن و ئەمانە پێیان دەڵێن ئاسایش و سەر بە رژێمن، بەڵام سوپا نین.

**رووداو: ئایا لەگەڵ ئاسایش رێککەوتوون؟ ئەگەر رێککەوتوون خاڵەکانی رێککەوتنەکە چین؟**

**محەممەد ئەلفارس:** ئاسایش لایەنێکی سەربازییە و لەگەڵ لایەنێکی دیکەی سەربازی رێککەوتووە. من لەگەڵ سەرجەم پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکانی خاوەن حەق لێکگەیشتنێکی هاوبەشمان هەیە لەگەڵ کورد و عەرەب و کریستیانەکان. لەناو سڤیلەکاندا لە کورد و عەرەب و لایەنەکانی دیکە کەس پرسیاری نەکرد و کەس دەستپێشخەری نەکرد کە بۆچی ئەم شەڕە روویدا و چۆن سەریهەڵدا و چۆن چارەسەر دەکرێت؟

**رووداو: دوای سێ رۆژ لە شەڕ، ئاگربەست راگەیەنرا، ئەو ئاگربەستە لەسەر چ بنەمایەک کراوە؟**

**محەممەد ئەلفارس:** ئەمە رێککەوتنێکی نێوان ئاسایش و یەپەگە و دەوڵەتە، ئەوان هەماهەنگییان لەنێواندا هەیە، ئێمەی هاووڵاتی نازانین چ روودەدات و

## زۆر زووە بۆ باسی فیدراڵییەت

چ دەگوزەرێت. ئێمە ئەوەندە دەزانین کە رێککەوتنێک لە نێوان یەپەگە و دەوڵەت کراوە بۆ راگرتنی خوێنڕشتن و شەڕ و پێکدادان، هەروەها لەسەر چەند خاڵێک رێککەوتوون جگە لە خۆیان کەسی دیکە نایزانێت.

**رووداو: تۆ هیچ زانیارییەکت نییە؟**

**محەممەد ئەلفارس:** هەرگیز نیمە.

**رووداو: دەگوترێت گرتووخانەی نهێنی لەو ناوچانەی لەژێر کۆنترۆڵی رژێمدایە هەیە و کەسانی زۆر گیراون، ئەوە تا چەند راستە؟**

**محەممەد ئەلفارس:** ئەمە بابەتێکە پەیوەستە بە دەوڵەت، هەندێک شوێن هەیە دەوڵەت بۆ هێزەکانی ئاسایش چۆڵی کردووە و دەسەڵاتی پێداون چی بکەن و چۆن مامەڵە لەگەڵ گیراوەکان بکەن، ئەوەی لای ئێمە گرنگە و هیوای بۆ دەخوازین دۆخەکە ئارام ببێتەوە بۆ ئەوەی هاووڵاتی سەرقاڵی دابینکردنی بژێوی ژیانی خۆی بێت و بە دوای کارەکانی بکەوێت. چونکە هاووڵاتیان لەم ناوچەیەدا ئەگەر بۆ رۆژێکیش بێت کار نەکات برسی دەمێنێتەوە.

## هیچ زانیارییەکم لەسەر کانتۆن نییە و نازانم چییە

**رووداو: دەگوترێت گەلی کورد زۆر بە هەستیارییەوە مامەڵە لەگەڵ هێزەکانی بەرگریی نیشتمانی دەکات و ناکۆکی قووڵیان هەیە و بەهیچ شێوەیەک تەحەمولی یەکدی ناکەن، ئەوە راستە؟**

**محەممەد ئەلفارس:** نەخێر کێ دەڵێت کێشە و هەستیاری لەنێوانیاندا هەیە؟ کوردێکی زۆر لەنێو ریزەکانی ئەواندا چەکیان هەڵگرتووە، ئەی ئەمە مانای چییە؟ کێشە لەنێوان پێکهاتەی کوردو عەرەب نییە، ئەم دوو پێکهاتەیە لەسەر هەموو ئاستێک هاوبەشن لە خاک و نیشتمان و تەنانەت دابونەریت. هۆزە عەرەب و کوردەکان هاوپەیمانییان هەیە و ژن و ژنخوازی لە نێوانیاندا کراوە. جوانی ناوچەکە بەهۆی رەنگاوڕەنگیی پێکهاتەکەیەوەیە. ئەو رووداوە لەناکاوەی ناوچەکە دەستێکە بووەتە هۆکار بۆ خولقاندنی دۆخێکی ناڕەوا، ئەگینا کورد رقی لە عەرەب نییە، بەڵام یەپەگە هێزێکە سەر بە لایەنێکی سیاسییە و هەژموون و بەرنامەی خۆی هەیە و کاری بۆ دەکات، بەهەمانشێوە عەرەبیش هەیە لەنێو سوپایە و کار بۆ بەرژەوەندیی خۆی دەکات.

**رووداو: پەیەدە حکومەتی بەشار ئەسەد تۆمەتبار دەکات بەنانەوەی دووبەرەکی لەنێوان کورد و عەرەب، ئێوە راتان چییە؟**

**محەممەد ئەلفارس:** چ بەڵگەیەکی هەیە؟ بۆچی پێنج ساڵ لەمەوبەر ئەم کارەی نەکرد؟ بۆچی ئێستا دەیکات؟ من بەرگری لە رژێم ناکەم، ئەوانەی بەشداری لە شاندی رژێم دەکەن کوردەکان خۆیانن، من رێزو حورمەتم بۆ کورد هەیە، بەڵام کورد خۆیان پشتیوانی سەرەکی بوون بۆ سەربەخۆیی سووریا، کورد بۆ سەربەخۆیی و سەروەریی خاکی سووریا گیانیان فیدا کرد، من پرسیار دەکەم یوسف عەزمە کێیە؟ بێگومان کورد بووە و مێژووی سیاسیی سووریا شانازیی پێوەدەکات، هەر کەسێک بانگەشەی چەواشەکاری بکات گوایە دووبەرەکی لەنێوان کوردو عەرەب هەیە، راست ناکات، بە پێچەوانەوە خۆیان سەرچاوەی دووبەرەکین و بەنیازن کێشە بنێنەوە کە ئەم دوو پێکهاتەیە جیا نابنەوە و تا ژیان ماوە برایەتی و دۆستایەتیمان بەردەوام دەبێت.

**رووداو: رات چییە بەرامبەر کانتۆنی جەزیرە؟**

**محەممەد ئەلفارس:** لەراستیدا هیچ زانیارییەکم نییە، بمبوورە ناتوانم وەڵامت بدەمەوە، چونکە هیچ شتێکم نییە باسی بکەم. کانتۆن چییە بۆم باس بکە نازانم مانای چییە؟

**رووداو: کانتۆن جۆرێکە لە بەڕێوەبردنی دەسەڵات لەسەر بنەمای خۆسەری و زەمینە خۆشکەرێکە بۆ فیدراڵییەت.**

**محەممەد ئەلفارس:** برای من فیدراڵییەتی چی و حاڵی چی؟ فیدراڵی بۆ کێ؟ چ ناوەندێک هەیە لێت قەبوڵ بکات فیدراڵی رابگەیەنیت. پێویستە گەل رەزامەندی دەرببڕێ، باسی فیدراڵی زۆر زووە، پێویستە بە هەموو شێوەیەک کار بۆ بەرژەوەندیی گشتی بکەین.

**رووداو: ئێوە پەیوەندیتان لەگەڵ پەیەدە چۆنە؟**

**محەممەد ئەلفارس:** پەیوەندییەکی ئاساییە! دۆستایەتیم لەگەڵ گەنجانی ئەم پارتە سیاسییە هەیە، دیدار و کۆبوونەوەشم لەگەڵیان هیچ مەرامێکی سیاسی نییە، بەپێچەوانەوە پاڵپشتییان دەکەم نەک بۆ مەرامێک بەڵکو بەهۆی ئەوەی کە من خاوەن پێگەیەکی کۆمەڵایەتیم و شێخی عەشیرەتێکم. من شانازی بەهەر کەسێک دەکەم باسم بکات، هەر کەسێک خۆی بە

## ئاگاداری رێککەوتنی نێوان یەپەگە و دەوڵەت نیم

عەرەب بزانێت شانازی پێوە دەکەم، بۆ زانیاریت چەند خێڵ و هۆزێکی کوردیش هەن بەرەچەڵەک سەر بە هۆزەکەی منن.

**رووداو: پێتوایە سوپای سووریا بتوانێت دووبارە جەزیرە کۆنترۆڵ بکاتەوە؟**

**محەممەد ئەلفارس:** بێگومان سوپای عەرەبی سووری زۆر بەتوانایە و زۆر بەهێزە، توانی لەماوی پێنج ساڵدا رووبەڕووی

## ئەنەکەسەمان لە پەیەدە پێ باشترە

## ئەگەر یەپەگە دەوێرن با رووبەڕووی سوپا ببنەوە

## ئەوەی لە قامشلۆ روویدا لە ئەنجامی ململانێی نێوان دوو گرووپی برای چەکدار بوو

## کورد شتێکە و پەیەدە شتێکی دیکەیە

سەرجەم گرووپەکان ببێتەوە، دەشتوانێت هەموو بستێکی زەوتکراوی سووریا وەربگرێتەوە.

**رووداو: لەبارەی ئاگربەستەکەوە چ زانیاریت هەیە؟**

**محەممەد ئەلفارس:** لەڕاستیدا من هیچ زانیارییەکم نییە، ئەوەی باسکراوە بریتییە لەوەی نوێنەری دەوڵەت و برایانی رووسیا و نوێنەرانی کورد، مەبەستم پەیەدەیە ببوورە کە دەڵێم کورد، چونکە کورد شتێکە و پەیەدە شتێکی دیکەیە و پێویستە راستییەکان بەم شێوەیە باس بکرێت.

**رووداو: پەیوەندیت چۆنە لەگەڵ ئەنجوومەنی نیشتیمانیی کورد لە سووریا؟**

**محەممەد ئەلفارس:** ئەوان برا و دۆستی خۆشەویستی ئێمەن، حەز دەکەم شتێکت بۆ باس بکەم. من لەماوەی پێنج ساڵدا بەشێوەیەکی بەردەوام لە دەرەوە بووم، من خەباتم دەکرد بۆ ئەوەی کێشەکان چارەسەر بکەم لەڕێگەی دیالۆگ و گفتوگۆوە. هەر 15 رۆژ دەبێت گەڕاومەتەوە.

**رووداو: ئەنەکەسە بەشێکە لە شۆڕش، چۆن پەیوەندیت هەیە لەگەڵیان؟**

**محەممەد ئەلفارس:** ئەوان هەر برا و دۆستی ئێمەن، لەڕاستیدا ئێمە تەنیا کێشەمان لەگەڵ پەیەدە هەبووە چونکە ویستی خۆی بەسەرماندا بسەپێنێت، ئێمەش چۆکمان دانەدا و دواتر دەستیان بەسەر هەموو شتێکی ئێمەدا گرت و ئێمەش بەرپەرچمان دانەوە و کار گەیشتە ئەم دۆخە، بۆیە ئەنەکەسەمان پێ باشترە لەوان.

**رووداو: هەموو شتێک مەبەستت لە نەوتی رمێلانە؟**

**محەممەد ئەلفارس:** نەوتی رمێلان لەژێر دەستی یەپەگەیە و منیش یەک فلس وەرناگرم، ئەوان خۆیان باش دەزانن.

**رووداو: لە ئاسایش چەند کەس کوژراون؟**

**محەممەد ئەلفارس:** هیچ لایەنێک راست ناکەن لە بارەی ژمارەی کوژراوانیان، بەڵام لە زانستی سەربازیدا ئەوەی هێرش بکات زیانی زۆرتری بەردەکەوێت. یەپەگە کێشەی نەک تەنیا لەگەڵ ئاسایش، بەڵکو کێشەی لەگەڵ هەموو وڵات هەیە، ئەگەر دەوێرن با رووبەڕووی سوپا ببنەوە هەروەک چۆن رووبەڕووی لایەنەکانی دیکە دەبنەوە. یەپەگە هەر شەڕێک بکات خەڵکی سڤیلی زۆری تێدا دەکوژرێت چونکە شەڕی کۆڵان دەکات.


لە کۆتاییدا دەڵێم ئێمە بەهیچ شێوەیەک لە دژی کورد نین، بەپێچەوانەوە خۆشمان دەوێن، بەڵام هەر کەسێک دژایەتی دەوڵەت بکات بەناوی کوردەوە سزا دەدرێت.



### شێخ محەممەد ئەلفارس

- سالی 1947 لە شارۆچکەی قامشلۆ لە دایک بووە
- سەرۆکی عەشیرەتی تەیە.
- سەرۆکی ئەنجوومەنی شێخ و کەسایەتییە عەرەبەکانی پارێزگای حەسەکەیە.
- ماوەی سێ خولە ئەندامی پەرلەمانی سووریایە
- دامەزرێنەری هێزی بەرگری نیشتیمانیی سووریایە لە قامشلۆ

ڕووداو ئابووری
ژمـارە (405) دووشـەممە 2016/4/25



## زەوی دەدرێتە کرێنشینانی سلێمانی

**ڕووداو- سلێمانی**

بەرهەم قەرەداغی سکرتێری کۆمەڵەی کرێنشینانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لەلایەن وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزارەوە بەڵێنی تەرخانکردنی زەوییان پێدراوە و گوتی "ئەو کرێنشینانەی ئەنداممانن لە داهاتوویەکی نزیکدا فۆرمی دابەشکردنی زەوییان بەسەردا دابەش دەکەین"، بەپێی ئامارێکی ئەو کۆمەڵەیە کە دراوەتە (ڕووداو) ئێستا زیاتر لە 80 هەزار کرێنشین لە هەرێمی کوردستاندا هەن، قەرەداغی گوتی "ژمارەکە لەوە زیاترە، بەڵام لە سلێمانی دوو یەکەی نیشتەجێبوون بۆ کرێنشینان لە تەواوبووندان و تەنیا خزمەتگوزارییەکانیان ماوە، یەکەکانیش بە قیستی 25 ساڵ و وەرگرتنی 100 هەزار دیناری مانگانە بە کرێنشینان دەدرێت".

## وەزارەتی کشتوکاڵ گرنگی پێ نادات

# چاندنی برنجی کوردی لە پاشەکشەدایە



**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەڕێوەبەری توێژینەوەی کشتوکاڵی لە سلێمانی دەڵێت بەهۆی پشتگوێخستنی بەرهەمی برنج لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵەوە ساڵ بەساڵ ڕووبەری چاندن و بەرهەمی برنجی کوردی لەلایەن جووتیارانەوە لە کەمی دەدات، بە جۆرێک بۆ زیاتر لە نیوە دابەزیوە.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، ساڵ بەساڵ ڕووبەری چاندن و بەرهەمی برنج لە کوردستان لە کەمی دەدات، بەجۆرێک بەرهەمی ساڵی ڕابردوو لەچاو 5 ساڵ لەمەوبەر بە ڕێژەی 64% کەمی کردووە، ڕووبەری چاندنیش بە ڕێژەی 44%.

ئەم دابەزینە ئەگەر بەشێکی بۆ تێچووی زۆری بەرهەمهێنان و ساغنەبوونەوەی بەرهەمەکە بەهۆی کەمیی نرخی برنجی هاوردە بگەڕێتەوە، بەشەکەی دیکەی بۆ نەبوونی پلانی وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ پێشخستنی ئەو بەرهەمە دەگەڕێتەوە.

برنج لە پلانە پێنج ساڵییەکەی وەزارەتی کشتوکاڵدا نەبوو، لەکاتێکدا خاک و ئاو و هەوای کوردستان زۆر گونجاوە بۆ چاندنی برنج.

د.ئەنوەر عومەر، بەڕێوەبەری گشتی پلان و بەدواداچوون لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو کە داڕێژەری پلانەکانی وەزارەتی کشتوکاڵە، دەڵێت "بۆ دابینکردنی ئاسایشی خۆراک لەچەند ساڵی ڕابردوودا ئەولەویەتی پڕۆژەکانمان گەشەپێدانی بەرهەمی گەنم بوو، بۆیە وەک پێویست پلانمان بۆ گەشەپێدانی برنج نەبووە، بەڵام ئەمساڵ ئەگەر بودجە ڕێگر نەبێت پلانمان بۆ داناوە".

د.ئەنوەر پلانەکەی بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد و گوتی "لە قۆناغی یەکەمدا ئامێری کوتان و ئاش بۆ جووتیاران دابین دەکەین، بەتایبەت لە ئاکرێ بەنیازی دانانی چەند ئاشێکین، لە قۆناغی دووەمیشدا بەهاوکاریی شارەزایەکی تایوانی و بەڕێوەبەرایەتییەکانی توێژینەوە و مامۆستایانی زانکۆ، توێژینەوە لەسەر برنج دەکەین بۆ ئەوەی جۆری باش بۆ چاندن هەڵبژێرین".

چاندنی برنج بەگوێرەی جۆرەکانی پێویستی بە ئاوی زۆر و پلەی گەرمیی بەرز هەیە، بۆیە زیاتر لە ناوچە گەرم و نیمچە گەرمەکانی نێوان هێڵی پانی 45ی باکوور و 40ی باشووری گۆی زەوی دەچێنرێ. لەڕووی چاندن و بەرهەمیشەوە وڵاتانی چین، ژاپۆن، هیند، پاکستان و ئەندۆنیسیا لەپێشەوەی وڵاتانی جیهانن.

زانا محەممەد، بەڕێوەبەری توێژینەوەی کشتوکاڵی لە پارێزگای سلێمانی دەڵێت لە توێژینەوەکاندا بۆیان دەرکەوتووە خاک و ئاو و هەوای کوردستان زیاتر بۆ برنجی جۆری خڕی دەنک کورت گونجاوە، ئەگەر خزمەت بکرێت بەرهەمی زۆرە.

بەر لە ڕاپەڕینی بەهاری 1991، حکومەتی عێراق توێژینەوەی لەسەر دوو جۆر برنجی کوردی (گوڵ سوور و گوڵ سپی)ی ناوچەی بازیان کردووە، توانیویانە بڕی بەرهەم و کواڵیتی بەرەوپێش ببەن، بەڵام بەهۆی وشکەساڵی و هەندێ هۆکاری دیکە بڕی بەرهەم و کواڵیتییەکەی بەرەو خراپی چوو.

زانا محەممەد دەڵێت "لە ساڵی 2000 لە ڕێگەی توێژینەوە جارێکی دیکە توانیمان بڕی بەرهەم و کواڵیتی برنجی بازیان بگەڕێنینەوە سەر بنەڕەتییەکەی خۆی ولەڕێگەی چاندنیشی لەبنکەی توێژینەوەکان و لای جووتیار توانیمان نزیکەی 20 تۆن بنەتۆی باوەڕپێکراو بەدەستبهێنین، بەڵام بەداخەوە دوای یەکگرتنەوەی ئیدارەی هەولێر و سلێمانی وەزارەتی کشتوکاڵ پاڵپشتی ئەم پڕۆژەیەی نەکرد، بۆیە پڕۆژەکە وەستا".

لە کوردستان تەنیا برنجی خڕی دەنک کورت دەچێنرێ، بەڵام بەگوێرەی ناوچەکان ناوی جیاوازی لێنراوە، مەولەوی، بازیان، نەگازە لەسلێمانی دەچێنرێت، بەرازیلی، شەش مەە، سێ مەە و سەدریش لە دهۆک و هەولێر دەچێنرێ.

لەڕووی چاندن و بەرهەمیشەوە جووتیارانی پارێزگای دهۆک لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان لە پلەی یەکەمدان، ساڵانە 4 تاوەکو 6 هەزار دۆنم زەوی بە برنج دەچێنن کە دەکاتە نزیکەی 3/2 برنجی چێندراو لە کوردستان.

مەسعود عەبدولعەزیز، بەڕێوەبەری پلان و بەدواداچوون لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی دهۆک دەڵێت لە پارێزگاکەیان برنج زیاتر لە سنووری قەزاکانی بەردەڕەش و ئاکرێ و سمێل دەچێنرێ، بە تایبەتی ئاکرێ کە ساڵانە سێ هەزار دۆنم برنجی لێ دەچێنرێ.

بەڵام ئەم بەرهەمە لە دهۆکیش لە پاشەکشەدایە، بە جۆرێک ڕووبەری چاندن لەساڵی ڕابردوودا بەراورد بەساڵی پێشتر 40% کەمی کردووە.

مەسعود عەبدولعەزیز دەڵێت "گرفتی سەرەکی ئێمە وازهێنانی جووتیارانە لە چاندنی برنج، بۆیە ئێستا هەموو هەوڵێکمان بۆ ئەوەیە لەڕێگەی پێشکەشکردنی هەندێ خزمەتگوزاری و بەبازاڕکردنی بەرهەمەکانیان جارێکی دیکە وا لە جووتیاران بکەین ڕوو لە چاندنی برنج بکەنەوە".

نەوزاد یونس، جووتیارێکی گوندی گردبەدری سەر بە ناحیەی دارەتووی قەزای بەردەڕەشە، ساڵانە زیاتر لە 150 دۆنم لەزەوییەکەی دەکاتە برنج، بۆ ئاودانیش پشت بەئاوی بیر دەبەستێ. ئەو دەڵێت "جووتیارانی ناوچەی ئاکرێ شارەزاییەکی باشیان لە چاندنی برنج هەیە، بۆیە لە هەر دۆنمێک زەوی، تۆنێک تاوەکو تۆن و نیوێک بەرهەمیان دەست دەکەوێت، بەڵام بەهۆی تێچووی زۆری بەرهەمهێنان و هەرزانیی نرخی برنجی هاوردە وەک پێویست قازانج ناکەن، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی بەشێک لە جووتیاران واز لە چاندنی برنج بهێنن".

نەوزاد یونس، گلەیی زۆری لە بەرپرسانی وەزارەتی کشتوکاڵ هەیە و دەڵێت "بەرپرسانی وەزارەتی کشتوکاڵ نەک هەر هیچ هاوکارییەکمان پێشکەش ناکەن، بەڵکو لە وەرزی پێگەیشتنی بەرهەمیش، هاوردەکردنی برنج کەم ناکەنەوە".

بەهۆی بەکارهێنانی بنەتۆی باش و ئامێری هاوچەرخ بۆ چاندن و دروێنە، بەرهەمی دۆنمێک برنج لە وڵاتانی پێشکەوتوو دەگاتە نزیکەی 10 تۆن، بەڵام لە کوردستان لە باشترین ناوچە بەرهەمی دۆنمێک لە تۆن و نیوێک تێناپەڕێ.

حەسەن حوسێن، بەڕێوەبەری ئامێرە کشتوکاڵییەکان لەوەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، دەڵێت "بۆ پێشخستنی کواڵیتی و بەرهەمی برنج لەگەڵ شارەزایەکی تایوانی لە هەوڵی ڕێکخستنی پڕۆژەیەکداین بۆ توێژینەوە لەسەر ئاو و خاک و بنەتۆ و ئەو ئامێرانەی بەکاردەهێنرێن لە چاندنی برنج، بۆیە ئەگەر ئەو پڕۆژەیە سەربگرێ بەرهەم و کواڵیتی برنج کوردی قۆناغێکی باش دەچێتە پێشەوە".

**ڕووبەری چێندراوی برنج (دۆنم) و بڕی بەرهەمەکەی (تۆن) لە هەرێمی کوردستان (2010 – 2015)**

| ساڵ | 2010 چێندراو | 2010 بەرهەم | 2011 چێندراو | 2011 بەرهەم | 2012 چێندراو | 2012 بەرهەم | 2013 چێندراو | 2013 بەرهەم | 2014 چێندراو | 2014 بەرهەم | 2015 چێندراو | 2015 بەرهەم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 302 | 151 | 250 | 150 | - | - | 160 | 72 | 147 | 22 | 244 | 558 |
| سلێمانی | 1080 | 756 | 658 | 658 | - | - | 850 | 680 | 1705 | 1346 | 1511 | 1.209 |
| دهۆک | 8499 | 13.879 | 4687 | 3750 | - | - | 4580 | 3893 | 5954 | 5061 | 3.880 | 3.980 |
| گەمیان | 1500 | 1500 | 312 | 468 | - | - | 1165 | 2201 | 1075 | 797 | 745 | 521 |
| کۆی گشتی | 11.381 | 16.628 | 5.907 | 5.026 | - | - | 6.755 | 6.846 | 8.881 | 7.244 | 6.380 | 5.880 |



## ترسی ساخنەبوونەوەی هەیە

# جووتیارانی کوردستان بازاڕەکان پڕ دەکەن لە خەیار

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەڕێوەبەری خزمەتگوزاری کشتوکاڵی دەڵێت بەهۆی زیادبوونی ژمارەی خانووی پلاستیکی و ئەو ڕەسمە گومرگییەی لەسەر بەرهەمی هاوردەیان داناوە، بەرهەمی خۆماڵی بەگشتی و خەیار بەتایبەت زۆر زیادی کردووە.

وەزارەتی کشتوکاڵ ساڵانە لەکاتی پێگەیشتنی بەرهەمی خۆماڵی، بەپێی پێویست هاوردەکردنی بەرهەم قەدەغە دەکات، بەڵام بەهۆی بەنایاسایی هاوردەکردنی زۆربەی بەرهەمەکان، بەتایبەت لە باشوور و ناوەڕاستی عێراقەوە، خەریکە ئەو ڕیسەی وەزارەتی کشتوکاڵ دەبێتەوە خوری.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، لە پێنج ساڵی ڕابردوودا بەرهەمی خەیار لە 68 هەزار و 392 تۆنەوە بۆ 58 هەزار 656 تۆن دابەزی، بەڵام ساڵی ڕابردوو سەرەڕای قەیرانی دارایی، بەرهەمی خەیار بەڕێژەی نزیکەی 12% زیادی کرد.

کامیل محەممەد سەلیم، بەڕێوەبەری خزمەتگوزاری کشتوکاڵ لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەڵێت "دوای ئەوەی بۆمان دەرکەوت زۆربەی بەرهەمەکان سەرەڕای قەدەغەکردن بەڕێگەی نایاسایی لە باشوور و ناوەڕاستی عێراقەوە هاوردەی کوردستان دەکرێن و بەرهەمی ناوخۆش لەنرخدا ناتوانێ کێبڕکێیان بکات، جۆرێک لەپاشەکشێ لە بەرهەمی خۆماڵی بەگشتی و خەیار بەتایبەت هەیە، بۆیە ساڵی ڕابردوو بڕیارمان دا لەجیاتی قەدەغەکردن پەیڕەوی سیستەمی ڕەسمی گومرگی بکەین، ئەمەش وایکرد بەرهەمی ناوخۆ بەتایبەت خەیار و پەتاتە زیاد بکات".

بەبڕوای کامیل، بەشێکی دیکەی زیادبوونی بەرهەمی خەیار بەهۆی زیادبوونی خانووی پلاستیکییە کە لەهەرێمی کوردستان ساڵ بەساڵ ژمارەیان زیاد دەکات.

بەهۆی قەیرانی دارایی، گەشەی زۆربەی کەرتەکان سست بووە، بەڵام کەرتی کشتوکاڵ جوڵەی زیاتری تێکەوتووە و دانانی خانووی پلاستیکی بەڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کردووە. تەنیا ساڵی ڕابردوو 2085 خانووی پلاستیکی لە ناوچە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان دانراون، بەمەش ژمارەی خانووی پلاستیکی بۆ 9696 خانوو زیاد بووە.

ڕزگار ئیسماعیل، سەرپەرشتی کێڵگەیەکی 72 خانووی پلاستیکی لە سنووری گوندی هەمزەکۆیری سەر بەناحیەی قوشتەپەی شاری هەولێر دەکات و دەڵێت "ساڵی ڕابردوو لە 62 خانوودا خەیارمان چاند، 170 تۆن بەرهەممان هەبوو، بەهۆی دانانی بڕی 250 دیناریش وەک ڕەسم لەسەر بەرهەمی هاوردە، بەئاسانی بەرهەمەکەمان لەبازاڕ ساخ بووەوە و قازانجی باشمان کرد".

ڕزگار ئیسماعیل، لەنێو خانووە پلاستیکییەکانی لە هەردوو وەرزی بەهار و هاوین خەیار دەچێنێت، بۆ ئەمساڵیش ژمارەی خانووەکانی بۆ 72 خانوو زیادکردووە. ئەو دەڵێت "ئەگەر تووشی نەخۆشی نەبێت، پێشبینی دەکەین بەرهەمی بگاتە 200 تۆن".

### ترسی ساخنەبوونەوەیان هەیە

لەکۆی ئەو ژمارە خانووە پلاستیکییەی لەکوردستان هەن، 6136 خانووی پلاستکییان لە سنووری پارێزگای سلێمانین، ساڵی ڕابردوو 1741 خانوو زیادی کردووە. ژمارەیەک لە جووتیارانی پارێزگای سلێمانی کە خانووی پلاستیکییان هەیە، لە ساڵی 2011 کۆمەڵەیەکیان بۆ ئاڵوگۆڕی ڕێنمایی و گەشەپێدانی بەرهەم دامەزراند. ئێستا کۆمەڵەکە 621 ئەندامی هەیە.

مەلا کامیل داود ئەمین، سەرۆکی کۆمەڵەی گەشەپێدانی خانووی پلاستیکی لە پارێزگای سلێمانی دەڵێت "بەهۆی قەیرانی دارایی و دواکەوتنی مووچە خەڵکێکی زۆر لە پارێزگای سلێمانی گەڕاونەتەوە سەر کشتوکاڵ، ژمارەی خانووە پلاستیکییەکان بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کردووە و زیاتر لە 80%ی خانووەکانیش بە خەیار چێنراون، بۆیە ئەمساڵ ترسی ساخنەبوونەوەی بەرهەممان هەیە، چونکە بەراورد بەساڵی ڕابردوو بە ڕێژەی 30% زیاتر چێنراوە".

گرنگی خانووی پلاستیکی بۆ کشتوکاڵکردن لەوەدایە لەڕێگەی گونجاندنی کەشوهەواوە دەتوانرێت چوار وەرزەی ساڵ بەرهەمی جۆراوجۆر بچێنرێت، بەڵام لەهەرێمی کوردستان بەهۆی زوو پێگەیشتنی، لە زۆربەی خانووە پلاستیکییەکاندا خەیار دەچێنرێ.

خەیار بەربوومێکی هاوینەیە و دەتوانرێت بەشێوەی کراوە و داخراو بچێنرێ، بەڵام بەرهەمی داخراو 8 تاوەکو 10 بەرامبەری بەرهەمی کراوەیە، بۆیە لەهەرێمی کوردستان زیاتر بەشێوەی داخراو دەچێنرێت. گرفتیش لەوەدایە بەهۆی تێچووی بەرهەمهێنان جووتیاران تەنیا لە وەرزی بەهار و هاوین لەنێو خانووەکانیان خەیار دەچێنن، بۆیە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی ناوخۆ، ساڵانە 40 تاوەکو 50 هەزار تۆن خەیار لە وڵاتانی ئێران، ئوردن، سووریا، تورکیا و میسرەوە هاوردە دەکرێت.

مەلا کامیل داود دەڵێت "چاندنی خەیار لە وەرزی زستان و پایز لەنێو خانووی پلاستیکی بۆ گونجاندنی کەش پێویستی بە وزە هەیە، ئەمەش تێچووی بەرهەمهێنان زیاد دەکات، جووتیارانیش ناتوانن لەنرخدا کێبڕکێی بەرهەمی هاوردە بکەن، بۆیە لەم دوو وەرزەدا خەیار ناچێنن".

**بڕی بەکاربراوی خەیار بە (تۆن) لە پێنج ساڵی ڕابردوودا لەسەر ئاستی پارێزگاکانی کوردستان**

| پارێزگا | 2011 خۆماڵی | 2011 هاوردە | 2012 خۆماڵی | 2012 هاوردە | 2013 خۆماڵی | 2013 هاوردە | 2014 خۆماڵی | 2014 هاوردە | 2015 خۆماڵی | 2015 هاوردە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 28.537 | 22.299 | 25.216 | 15.901 | 18.253 | 18.793 | 26.415 | 22.387 | 18.889 | 16.767 |
| دهۆک | 14.286 | 10.113 | 9.299 | 6.522 | 25.371 | 21.151 | 11.132 | 9.017 | 25.746 | 10.140 |
| سلێمانی | 17.780 | 9.598 | 25.914 | 6.959 | 15.144 | 7.234 | 16.805 | 8.918 | 18.866 | 8.208 |
| گەرمیان | 7.789 | 2.916 | 4.267 | 3.081 | 2.317 | 6.591 | 4.303 | 9.523 | 2.941 | 5.539 |
| گشتی | 113.318 | | 97.159 | | 114.854 | | 108.500 | | 107.096 | |

# ئابووریی هیندستان چی بە نرخی نەوت دەکات؟

ڕێبوار قاسم
رووداو– هەولێر

هیندسـتان، دووەم قەرەباڵغترین وڵاتی جیهان، خەریکە لە بازاڕەکانی وزەدا دەبێتە چینێکی دیکە. گەشـەی ئابووریی ئەم وڵاتە بەجۆرێکە کە ئێستا وەکـوو ناوەندی داواکاریی نەوت سـەیر دەکرێت، هەر بۆیە سـەیر نییە ئێران، رووسـیا و سعودیە هەمـوو هەوڵی خۆیان خسـتووەتەگەڕ بۆ ئەوەی زۆرترین پشـکیان لـە تێرنەوتکردنـی ئابووری و پیشەسازیی هیندستاندا هەبێت.

گەشـەی ئابووریـی هیندسـتان لـە کاتێکدایە کـە نرخەکانی نەوت لە ماوەی نزیک دوو سـاڵی رابـردوودا بە رێژەی زیاتر لە 50% دابەزیوە، هەر بۆیە سـاڵی پار هیندسـتان بڕی 60 ملیار دۆلار کەمتر لە سـاڵی 2014ی لە وزەدا خەرج کردووە، ئەگەرچی ئاسـتی بەکارهێنانیشی بە رێژەی 4% لەچاو 2014 بەرزبووەوە.

ئامریتا سـێن، شـرۆڤەکاری نەوت لە ئێنێرجی ئەسـپێکت لـە لەندەن پێیوایە لە پـاڵ دابەزینی نرخی نەوتدا، کۆمەڵێک گۆڕانکاریش لە ستراکتەر و پەیڕەوکردنی سیاسـەتی جیاوازی بەکارهێنانی وزە لە هیندسـتان بەڕێوەن، کە دەشـێت ئاستی داواکاریـی نـەوت لـە پیشەسـازی ئـەم وڵاتەدا کـەم بکاتەوە. وەکـوو چۆن لە سـاڵانی کۆتایی نەوەتەکاندا ئاسـتی داواکاریی وزە لە پیشەسازی و ئابووریـی چینیـش بـە هەمانشـێوە دابەزینی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی.

گەشـەی ئابووریـی چیـن لە ماوەی 10 سـاڵی رابـردوودا ئەم وڵاتەی ناچار کـردووە 169 ملیار دۆلار پـارەی وزە بەسـەر هەموو کیشـوەرەکانی جیهانـدا بڵاوبکاتەوە. هەمان چارەنووس خەریکە تووشـی هیندسـتانیش دەبێت، لـە کاتێکدا ئەم وڵاتـە سـێیەم ئابـووری ئاسـیایە و بەگوێـرەی ئاژانسـی نێودەوڵەتیـی وزە (IEA) لـە مـاوەی سـاڵی رابردوودا رۆژانە 4 ملیـۆن بەرمیل نەوتی بەکارهێناوە، چاوەڕێش دەکرێت ئەمسـاڵ ئاستی بەکارهێنانـی نەوت لە ژاپـۆن تێپەڕێنێ و ببێتە سێیەم بەکارهێنەری نەوت.

هیندسـتان کـە خاوەنـی خێراتریـن گەشـەی ئابوورییە لە جیهاندا، لە ماوەی 24 ساڵی داهاتوودا لە بەکارهێنانی وزەشـدا خاوەنی خێراترین گەشە دەبێـت و داواکاری ئەم وڵاتە لەسـەر نەوت هەتا 2040 بـە بڕی 6 ملیـۆن بەرمیل لە رۆژێکدا زیاد دەکات، لـە هەمان مـاوەدا رادەی داواکاری چین 4.8 ملیۆن بەرمیل گەشە دەکات.

نارێناندرا مۆدی، سـەرۆکوەزیرانی هیندسـتان، لە کاتـی وەرگرتنـی دەسـەڵاتدا هەڵمەتێکی لە ژێر ناوی "لە هیندسـتان بەرهەمبهێنە" (Make in India) دەسـتپێکرد، ئامانجـی ئەم هەڵمەتە ئەوەیە هەتا 2022 سەد ملیۆن پیشەی کارگەیی دروستبکات و پشکی کەرتی کارگەکان لە ئابووری هیندسـتاندا بگەیەنێتە 25%، واتە بە رێژەی 7% بەرزی بکاتەوە.

وەکوو بی. ئاشۆک، بەرپرسی کۆمپانیای نەوتی هیندستان ئاماژەی پێدەدات "کاتێک ئابوورییەک لە گەشـەکردن دایە و جەختێکی زۆریش لەسـەر پەرەپێدانی کەرتی کارگەکان دەکرێتەوە، ئاساییە داواکاری وزەش بەرز ببێتەوە".

دابەزینی نرخی نەوت لەڕوویەکی دیکەشـەوە بە قازانجی گەشەی ئابووریی هیندستانە، لەبەر ئەوەی بەهۆی دابەزینی بەهای نەوت، وەبەرهێنەرەکان بە ترسـەوە روو لە کێڵگەکانی نـەوت دەکەن، بەڵام هیندسـتان بە نیازە بەشێک لە پێداویستییەکانی وزەی وڵاتەکـەی لە رێگـەی وەبەرهێنان لە وڵاتە بەرهەمهێنەرەکانی نەوتدا دابین بکات، بەمەش لە درێژخایەندا هەم تێچوونـی وزە کەم دەکەنەوە و هەمیش سەرچاوەی وزە مسۆگەر دەکەن.

ئێسـتا 80%ی وزەی پێویسـت بۆ پیشەسـازی هیندسـتان لـە دەرەوەی ئـەم وڵاتەوە هـاوردە دەکرێت، لەسـاڵی 2040دا ئـەم رێژەیە بۆ 90% بـەرز دەبێتەوە. دابینکردنی ئـەم رێژەیە لە وزە پێویسـتی بە سیاسـەتێکی دەرەوەی هاوسەنگ هەیـە، بەتایبەتیـش کاتێـک دەبینین لـە نێوان وڵاتـە هەناردەکارەکاندا، لە پاڵ رکابەری لەسـەر بـازاڕەکان (واتـە رکابەری ئابـووری) رکابەری و دژایەتی سیاسـی قووڵیش هەیە، نموونەی ئەمە پەیوەندییەکانـی ئێـران و سـعودیەیە، یانیـش پەیوەندییەکانی سـعودیە و رووسـیا، ئەمە جگە لـەوەی زۆربەی وزەی هیندسـتان لـە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە دابین دەکرێت کە لەسەر ئاگرە.

هەر بۆیەش پرسیارەکە ئەوەیە، نیودەلهی چۆن بتوانێـت سـەرچاوەی هەڵسـووڕانی ئابـووری و پیشەسازیی خۆی لەو وڵاتانەوە دابین بکات، بەبێ ئەوەی گرژییە سیاسـی و ئەمنییەکان کاریگەریی نەرێنـی لەسـەر گەشـەی ئابـووری هیندسـتان دروستبکەن؟

لە مـاوەی کەمتر لـە 10 رۆژی سـەرەتای ئەم مانگەدا، مۆدی سەردانی سعودیەی کرد و دواتریش دارمێنـدرا پرادخـان وەزیری نەوتی هیندسـتان سـەردانی تارانی کرد. لە هەردوو سەردانەکەشدا نەوت لە سەرەوەی ئەجێندای کۆبوونەوەکاندا بوو.

سعودیە گەورەترین دابینکاری نەوتی هیندستانە، لە کاتێکدا زیاتر لـە 19%ی هاوردەکردنی نەوتی هیندسـتان لە سعودیەوەیە. پاش سعودیە عێراق دێت کە لە مانگی شوباتدا زیاتر لە 16%ی نەوتی هیندستانی دابین کردووە. بەڵام سعودیە دەزانێت رووسیا و ئێرانیش دەستەوەستان دانانیشن، هەر بۆیەش کۆمپانیای زەبەلاحی ئارامکۆی سـعودی بە نیازە لە کەرتی نەوتی هیندستاندا وەبەرهێنان بـکات، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش بڕیارە ئەمسـاڵ نووسـینگەی ئارامکـۆ لـە هیندسـتان بکاتەوە. یەکێـک لە دانوسـتانکارە سـعودییەکان جەخت لەسـەر ئـەوە دەکاتەوە کـە "ئارامکـۆ خەریکە شـێوازی مامەڵەکردنی خۆی لەگەڵ کڕیارەکانیدا دەگۆڕێـت، جاران بەبێ منـەت مامەڵەی دەکرد، لەگەڵ هەر گازندەیەکدا پشتی لە کڕیارەکە دەکرد، بەڵام ئێسـتا دەیەوێت خـۆی لە کڕیارەکان نزیک بکاتەوە."

بەهۆی لاچوونی سـزا ئەتۆمییەکانـەوە، ئێران زیاتر لە هەر وڵاتێکی دیکە بە دوای کڕیاری نەوت و غـازی وڵاتەکەیـدا دەگەڕێـت، بەتایبەتیش لە رەوشـێکی وەکوو ئێستا کە بازاڕەکانی جیهان لە نـاو نەوتدا مەلە دەکەن و هیچ لایەنێکیش ئامادە نییە ئاستی بەرهەمهێنانی دابەزێنێ.

لەڕەوشـێکی وەهـادا ئاسـاییە ئێـران چاوی لە بازاڕەکانی هیندستان بڕیبێت، لە کاتێکدا دابەزینی ئاسـتی گەشـەی ئابووری چین رێگـە بەم وڵاتە نادات نەوتی زیاتر لەوەی ئێسـتا بکڕێ. هەروەها سروشتییە هیندستانیش بە دوای سەرچاوەیەکی نوێی وزەدا بگەڕێت، بۆ ئەوەی لەڕادەبەدەر پشت بە سعودیە نەبەستێت. بۆ ئەم مەبەستەش ئێران شیاوترین وڵاتە، لەبەر ئەوەی هیچ وڵاتێک هێندەی ئێران بە دوای پشکی نوێ لە ناو بازاڕەکاندا وێڵ نییە، هیچ ئابوورییەکـی نوێش هێندەی ئابووری هیند تینووی نەوت نییە، ئەمە دەشێت سەرەتای چیرۆکێکی خۆشەویستی بێت کە تێیدا بازرگانیی نەوت قسەی یەکەم دەکات.


بەگوێرەی هەندێک لە بەرپرسانی باڵای هیندستان دوور نییە لە داهاتوویەکی نزیکدا هاوکاری لە بواری سووتەمەنییەکانی دیکەی وەکوو غازی سروشتیش لە نێوان ئێران و هیندستان دەستپێبکاتەوە، لەو چوارچێوەیەشـدا چـاوەڕێ دەکرێت گفتوگۆکانی تایبەت بە راکێشـانی بۆڕیی غازی سروشـتی لە نێوان ئێران–پاکستان–هیندسـتان جارێکی دیکە زیندوو ببێتەوە.

جگـە لـە ئێـران، رووسـیاش قۆڵی لە بـازاڕی نەوتی هیندستان هەڵماڵیوە. کۆمپانیای حکومی "رۆسـنەفت"ی رووسـیا بـە نیـازە ئەمسـاڵ بۆ یەکەمجار نەوتی خـاو رەوانەی دووەم گەورەترین پاڵاوگەی نەوتی هیندسـتان بـکات، هەر ئەمەش هانی رووسیای داوە پشکێکی زۆر لە "کۆمپانیای نەوتـی ئێسـار"ی هیندسـتان بکڕێتـەوە کـە پاڵاوگەیەک و تۆڕێکی دوو هەزار وێسـتگەیی غاز لەخۆدەگرێت.


رێککەوتنەکـەی نێـوان رۆسـنەفتی رووسـی و ئێساری هیندی رێگە بە رووسیا خۆش دەکات بۆ ئەوەی 5%ی پێداویسـتییەکانی وزەی هیندستان دابیـن بـکات، بەمەش رووسـیا دەتوانێت شـان لە شـانی ئێران بدات. ئیگۆر سـێچین، سەرۆکی کۆمپانیا رووسـیەکە دەڵێت رووسـیاش بەشێک لە پشـکەکانی کێڵگـە نەوتییەکانی سـیبریایان بە هیندسـتان فرۆشتووە. سـێچین سەبارەت بە بایەخـی بازاڕی هیندسـتان دەڵێـت "رۆڵی چین کاڵبووەتـەوە، بەڵام پشـکی هیندسـتان و وڵاتە ئاسیاییەکانی دیکە خەریکە زیاتر دەبێت."

ئێسـتا ئابـووری و پیشەسـازی هیندسـتان دەتوانێـت لە نەوتـی خـوار 50 دۆلار بخواتەوە، بەڵام وابەستەیی ئابووری هیندستان بە سەرچاوە دەرەکییەکانی وزە مەترسی شۆک و قەیرانی گەورە لە ئابووری هیندستاندا دروستدەکات، بەتایبەتیش ئەگەر نرخی نەوت لە ناکاو بەرزبێتەوە. ئەمە جگە لەوەی زۆری دانیشتوانی ئەم وڵاتە و ستروکتوری ئیـداری هیندسـتان کاریگـەری لەسـەر خێرایی جێبەجێکردنی چاکسازییەکانی کەرتی وزە داناوە، بەبێ ئەم چاکسـازییانەش داهاتێکـی زۆری ئەم وڵاتە لە کەرتی وزەدا بەفیڕۆ دەچێت، بەبێ ئەوەی هیچ بەشدارییەکی لە گەشە ئابوورییەکەدا هەبێت.

هاوردەکردنی نەوت
لە هیندستان 2015: رۆژانە 3.99 بەرمیل




پێشبینییەکان بۆ هاوردەکردنی
نەوت لە هیندستان هەتا 2040:




# غازی سروشتیی ئەمریکا بەهای وزە لە ئەوروپا دەشکێنێ

رووداو- Wall Street Journal

کۆتایـی هەفتەی رابردوو، بارهەڵگرێکی غازی شـلی سروشـتیی ئەمریکا ( (Liquid Natural Gas یانیش LNG) ) لە ویلایەتی لویزیانا بەرەو بەندەرەکانـی پورتـوگال بەڕێ کـەوت، ئەمەش یەکـەم بارە غـازی ئەمریکایە بـەرەو بازاڕەکانی ئەوروپا.

بەگوێـرەی زانیارییەکانـی تیمی بەشـدار لە گواسـتنەوەی بارە غازەکە، بارهەڵگری (کریۆڵ سـپیریت) درێژییەکـەی 970 پێیـە و چـاوەڕێ دەکرێـت کۆتایی ئەم مانگە لە پورتوگال لەنگەر بگرێت.

هاتنـی ئەم بارە غازە لـە ئەوروپا مەیدانێکی دیکـە بۆ ململانێی رووسـیا و ئەمریکا دروسـت دەکات، لەکاتێکـدا غـازی سروشـتیی ئەمریـکا دەشـێت جەنگی نرخەکانی غاز و وزە لە ئەوروپا دروسـتبکات. ئێستا بازاڕەکانی ئەوروپا بە غازی رووسـیا و نەرویجدا هەناسە دەدەن و بە گوتەی شـارەزایان هاتنـی غازی ئەمریکا کە بەشـێکی بەرچاوی غازی شـەیڵە، دەتوانێت هەناسەیەکی زیاتر بە ئابووری ئەوروپا ببەخشێ.

تیـەری بـرۆس لە ئەنسـتتیۆتی سۆسـایتێ جەنەراڵ، پێیوایە "ئەمە سـەرەتای دەسپێکردنی جەنگی نرخەکانە لە نێوان غازی شـلی سروشتی (غـازی ئەمریـکا) و ئـەو غـازەی بـە بـۆڕی دەگوازرێتەوە (رووسیا و نەرویج)".

کۆمپانیای گازپرۆمی رووسی سەرەتای ئەمساڵ رایگەیاند ئامادە نییە بکەوێتە جەنگی نرخەکانەوە لەگـەڵ کۆمپانیاکانی غازی ئەمریکا. بەڵام ئەگەر "ئەمریـکا نرخی غازی خۆی بشـکێنێت، ئەوەی رووسـیاش بیرێک لـە کەمکردنـەوەی نرخەکان دەکاتەوە."



کەشتییەکی گواستنەوەی غازی شل لە کەناراوەکانی مەکسیک

بەپێی نرخەکانی ئێسـتای غـاز، نرخی غازی ئەمریکـی 1.5 دۆلار لـە نرخـی غازی رووسـیا هەرزانتـرە، بـەڵام شـرۆڤەکارانی وزە پێیانوایە رووسـیا دەتوانێت نرخی غازەکەی هەتا 3 دۆلار بۆ هەر یەکەیەکی تێرماڵی بەریتانی دابشکێنێ.

فرۆشـی غازی شـەیڵ بۆ یەکەمجار لە مانگی شـوبات دەسـتیپێکرد، ئەمـەش سـەرەتای دەرکەوتنی هەناردەکارێکی نوێی غازە لە جیهاندا. یەکـەم بارە غازی ئەمریکی لە کەنارەکانی سـەر کەنداوی مەکسیک بەرەو بەرازیل بەڕێکەوت.

هەناردەکردنـی غـازی ئەمریکا بـۆ دەرەوەی ئـەم وڵاتـە دوای دەیان سـاڵ هەوڵی کۆمپانیای چینیەر ئەنەرژی ئەمریکی دێت کە بڕیارە تەنکەرە غازەکانی دیکەی رەوانەی کیشوەری ئاسیا بکات.

یەکـەم کڕیاری غـازی کۆمپانیای چەنیەریش کۆمپانیای گاڵپ ئەنەرژیای پوروتوگالە، چاوەڕێ دەکرێت لە 26ی ئەم مانگە لە بەندەری سینێ ئەم بارە غازە وەربگرێت.

لەساڵی 2015 بەرهەمهێنانی غازی سروشتیی ئەمریـکا پێوانەیەکی نوێی تۆمارکرد، لە کاتێکدا سـاڵی رابـردوو ئەمریکا 2.3 ملیار مەتر سـێجا غازی سروشـتی بەرهەمهێنـا، بەمەش بە رێژەی 5% لـە چـاو سـاڵی 2014 گەشـەی کردبـوو. زیادبوونـی بەرهەمهێنانی غـازی ئەمریکا بەهۆی زیادبوونی بەرچاوی بەرهەمهێنانی غازی شـەیڵ بوو، لە کاتێکدا بەرهەمهێنانی ئەم غازە دەرفەتی نوێی هەناردەکردنی غازی سروشـتی بە ئەمریکا بەخشی.

بەگوێـرەی راپۆرتێکی دویچە بانک، لە ماوەی کەمتر لە یەک دەیەدا ئەمریکا دەتوانێت ببێت بە گەورەترین دابینکەری غازی سروشـتیی ئەوروپا. حاڵی حـازر رووسـیا گەورەترین هەنـاردەکاری غازی سروشـتییە بۆ ئەوروپـا و زیاتر لە 30%ی پێویسـتییەکانی ئەوروپـا بـە غازی سروشـتی لەلایەن رووسیاوە پڕدەکرێتەوە.

بازاڕەکانـی ئەوروپـا گونجاوترین شـوێنن بۆ ئـەوەی کۆمپانیاکانی غازی سروشـتیی ئەمریکا چاویان لەسـەری بێت، هۆکارێکی سەرەکیش بۆ ئەمە سەقامگیری گشتیی ئابووریی ئەوروپایە کە جۆرێک لە گەرەنتی بە فرۆشیاری سەرچاوەکانی وزە دەدات. بەگوێـرەی راپۆرتـەکان پۆڵەنـدا، بولگاریا و ئەڵمانیا ئامادەییان دەربڕیوە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا کڕیاری غازی سروشتیی ئەمریکا بن.

ئێستا رووسیا نیوەی غازی سروشتیی ئەڵمانیا و یـەک لەسـەر سـێی پێویسـتییەکانی غـازی سروشتیی ئیتاڵیا دابین دەکات. نەرویج، جەزائیر و وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دابینکارانی دیکەی غازی سروشتیی ئەوروپان.

بەشێک لە بایەخی ئەوروپا بە غازی سروشتیی ئەمریـکا بـۆ کێشـەی سیاسـی و ئەمنییەکانی نێوان ئەوروپا و رووسـیا دەگەڕێتەوە. لە ماوەی چەنـد سـاڵی رابـردوودا رووسـیا جارێکی دیکە وەکوو مەترسـییەکی گەورە بۆ سـەر ئاسایشی سـنوورەکانی وڵاتانی باڵتیـک و رۆژهەڵاتـی ئەوروپا دەبینرێـت. ئەوروپییەکان پێیانوایە لای رووسـییەکان فرۆشـتنی غـاز بـە ئەوروپا تەنیا پرسێکی ئابووری نییە، بەڵکو دەرفەتی یاریکردنی سیاسییش بە رووسیا دەدات بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر وڵاتانی ئەوروپی دابنێت.

هۆکارێکـی دیکەی گرنگی غـازی ئەمریکا بۆ ئەوروپییەکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەوروپییەکان بە نیازن روو لە سەرچاوەی خاوێنتری وزە بکەن، لـە ناو سـووتەمەنییە کاربۆنییەکانیشـدا، غازی سروشتی لە هەموو سووتەمەنییە کاربۆنییەکانی دیکە کەمتر زیـان بە ژینگە دەگەیەنێت. بۆ ئەم مەبەستەش ئەوروپا دەبێت لایەنی بەرهەمهێنەری دیکەی ئەم سووتەمەنییە بدۆزێتەوە.

گواسـتنەوەی نەوت لە رێگـەی بۆڕییەکانەوە دەکرێـت هەم هەرزانتر و هەمیش ئاسـانتر بێت لـە غازی شـلی سروشـتی، لەبەر ئـەوەی غازی شل دەبێت بە پرۆسـەی شلکردنەوە، بارکردن و دواتریش لە کاتی گەیشتنی بە شوێنی مەبەست سەر لەنوێ بە پرۆسەی بەغازکردنەوەدا تێپەڕێت، بـەڵام ئەوروپییەکان هاتنی غازی ئەمریکا وەکوو هەوڵێکی جیۆپۆلیتیکی گرنگ دەبینن کە دەکرێت لەداهاتـوودا بـۆ رووبـەڕووی یارییە سیاسـی و ئابوورییەکانی رووسیا ببینرێت.

تریڤـۆر سیکۆرسـکی، توێـژەر لـە ناوەندی راوێژکاریی وزەی ئەنەرژی ئەسـپێکت، لە بارەی بایەخـی غازی ئەمریکا دەڵێت "کاریگەری هاتنی غازی ئەمریکا بـۆ بازاڕەکانی ئەوروپا هەنگاو بە هەنگاو دەبێت، بەڵام بێگومان ئەمە سەرەتایەکە بۆ ئەوەی هەموو شتەکان بگۆڕدرێن. غازی شلی سروشـتیی ئەمریـکا دەتوانێـت نرخەکانـی غاز دابەزێنێت، ئەمەش گوشار لە رووسەکان دەکات، نەک هەر دەبێت نرخەکان دابەزێنن، بەڵکو بەشێک لە پشکەکانیان لە بازاڕەکان دەکەوێتە ژێر دەستی ئەمریـکا، بەمەش لـە پـاڵ دابەزاندنی نرخەکان دەبێت ئاستی بەرهەمهێنانیشی دابەزێنێ".

# پێشمەرگە پێویستی بە 10 هەزار ماسكی دژە كیمیاییە

ئارینا مورادی
ڕووداو- مەخموور

هێزەكانی پێشمەرگە چەندینجار لەلایەن چەكدارانی داعشەوە بە چەكی كیمیایی هێرشیان كراوەتە سەر، دوایین هێرش شەوی سێشەممەی ڕابردوو لە میحوەری مەخموور ڕوویدا. بەڵام فەرماندەكانی پێشمەرگە دەڵێن جگە لە ئیرادەی خۆیان بۆ تێكشكاندنی ئەم گرووپە، هیچ چارەسەرێكی دیكەیان بۆ چەكە كیمیاییەكان لەبەردەست نییە.

دوایین هێرش لە میحوەری گوێڕ-مەخموور ڕوویدا كە تەنیا 40 كیلۆمەتر لە ڕۆژئاوای هەولێرەوە دوورە. سیروان بارزانی فەرماندەی پێشمەرگە لەو میحوەرە بە بەشی ئینگلیزیی پۆرتاڵی ڕووداوی ڕاگەیاند كە لە ئەنجامی هێرشەكەی داعشدا 6 پێشمەرگە بە هاوەنە كیمیاییەكانی داعش بریندار بوون.

پێشمەرگە هاوسەنگەرەكانی ئەوانەی بریندار بوون بە (ڕووداو)یان گوت كە بریندارەكان دوای هێرشەكە تووشی هێڵنج و ڕشانەوە هاتوونە و چاویان دەكزایەوە، ئەمەش ئاشكراترین نیشانەكانی بەركەوتنە بە چەكی كیمیایی.

ڕێبین ڕۆژبەیانی، فەرماندەیەكی دیكە لە هەمان میحوەر كە بە سەختترین میحوەری جەنگی داعش دەزانرێت، ئاماژەی بەوەدا كە كەشوهەواكە ڕێگر بووە لەوەی ژمارەیەكی زیاتر لە پێشمەرگە بەهۆی هاوەنە كیمیاییەكەی داعشەوە ژەهراوی ببن.

ڕۆژبەیانی بە (ڕووداو)ی گوت "دوێنێ بای دەهات". بە گوتەی ڕۆژبەیانی هەر بەهۆی ئەوەشەوە گازە ژەهراوییەكە لە یەك شوێن نەماوەتەوە و قوربانی زیاتری لێنەكەوتووەتەوە.

ڕۆژبەیانی زیاتر لەسەر میحوەرەكەی خۆیان دوا و گوتی "ئێمە لە یەكێك لە چالاكترین بەرەكانی جەنگی دژی داعش دەجەنگین و كەرەستەیەكی ئەوتۆشمان بۆ بەرگری لە خۆمان لەبەرامبەر چەكە كیمیاییەكان لەبەردەست نییە. كڵاو و جلوبەرگی سەربازیی دژی گازی ژەهراویمان زۆر نییە، بۆ ئەوەی لە كاتی ئەمجۆرە هێرشانەدا بمانپارێزن، تەنانەت دەرمانی گونجاویشمان لەبەردەست نییە بۆ ئەوەی لە كاتی هێرشی لەمجۆرە بەرگری لە خۆمان بكەین."

چەند سەرچاوەیەك لە هێزەكانی پێشمەرگە بە (ڕووداو)یان ڕاگەیاند، لە هێرشەكانی داعشدا گازی خەردەل بەكارهێنراوە و هێرشەكەی شەوی سێشەممە دووەم هێرشی لەو جۆرەیە كە لە ماوەی یەك هەفتەدا كرابێت.

لە مانگی شوبات و لەهەمان میحوەر بە لایەنیكەم سێ پێشمەرگە بەهۆی هێرشە كیمیاییەكانی داعشەوە ژەهراوی ببوون، لە مانگی ئابیش داعش 45 هاوەنی ئاراستەی هێزەكانی پێشمەرگە كردبوو.

پێشتر حكومەتی هەرێمی كوردستان و سوپای ئەڵمانیا- كە ڕاهێنان بە هێزەكانی پێشمەرگە دەكات- ڕایانگەیاند كە بەڵگەیان لەبەردەستە داعش بە چەكی كیمیایی هێرشی كردووەتە سەر هێزەكانی پێشمەرگە. لە مانگی ئابیشدا ڕێكخراوی قەدەغەكردنی چەكی كیمیایی پشتڕاستی كردەوە كە داعش گازی خەردەلی لە دژی پێشمەرگە بەكارهێناوە.

پێشمەرگەكانی میحوەری مەخموور دەڵێن ڕاهێنانی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی چەكی كیمیاییان پێكراوە، بەڵام بەڕای ئەوان ئەمە بەس نییە. ئەڵمانیا یەكێكە لەو وڵاتانەی ئەمجۆرە مەشقەی بەهێزی پێشمەرگە كردووە.

ئێستا ڕۆژبەیانی خۆی ڕاهێنەری هێزی پێشمەرگەیە و پێشمەرگەكان فێر دەكات لە كاتی هێرشی كیمیاییدا چی بكەن. ئەو باسی ڕاهێنانەكان و كەموكوڕییەكانی هێزی پێشمەرگەی كرد و گوتی "ئەوەی خۆم فێری بووم بەوانیشی دەڵێمەوە، بەڵام دواجار ئەوەی بۆ شۆردنەوەی برینەكان هەمانە، تەنیا ئاو و فاسە. ئەویش لەبەر ئەوەی فاس تاكە ماددەیە لێرە زۆر و زەوەند بێت."

ڕۆژبەیانی كە خۆی مەشقی تایبەتی بە چەكە كیمیاییەكان وەرگرتووە، گوتی "فێری كۆمەڵێك هەنگاو و تەكنیك كراوین بۆ پاراستنی خۆمان، بەڵام ئەگەر كەلوپەلی پێویستمان لەبەردەست نەبێت، زانین بە تەنیا سوودێكی ئەوتۆی نابێت."

بەگوێرەی ڕاپۆرتێكی گۆڤاری فۆرین پۆلیسی، بەرپرسانی كورد هۆكاری دواكەوتنی ئەو قیناعانە نازانن، ئەگەرچی ماوەیەكی زۆرە داوایان لە هاوپەیمانان كردووە ئەمجۆرە كڵاوە بۆ هێزی پێشمەرگە دابین بكرێت.

بەرپرسانی كورد داوای دەیان هەزار كڵاوی دژە غازیان كردووە، بۆ ئەوەی بەسەر 65 هەزار پێشمەرگەی بەرەكانی جەنگی دژی داعشدا دابەشی بكەن.

لیوا هەژار ئیسماعیل بە گۆڤارە ئەمریكییەكەی ڕاگەیاندووە "هێزی پێشمەرگە تەنیا 6 هەزار ماسكی دژە گازی هەیە، لەو ژمارەیەش 4 هەزاریان لەلایەن ئەمریكاوە دابینكراون و بەسەر دوو فیرقەی پێشمەرگەدا دابەشكراون كە ئەمریكییەكان خۆیان مەشقیان پێدەكەن."

ئیسماعیل ئاشكراشی كردووە ئەمریكا بەڵێنی ناردنی 5 هەزار ماسكی دیكەی داوە، بەڵام هەتا ئێستا دیار نییە كەی دەگەنە دەستی پێشمەرگە.

ماسكی دژی گاز دەتوانێت چاو و سییەكان بپارێزێت، بەڵام جلە سەربازییە ئاساییەكان بە هیچ شێوەیەك لەشی پێشمەرگەكان ناپارێزن، لەبەر ئەوەی گازی خەردەل دزە دەكاتە ژێر جلەكان و لەسەر پێستی لەشیان دەنیشێت. پێشمەرگە بۆ چارەسەری ئەم كێشەیە پێویستی بە قاتی یەكدەستە، بەڵام وەكوو فەرماندەكانی هێزی پێشمەرگەی مەخموور باسی دەكەن ئەوان ئەمجۆرە جلەیان نییە.

بەرپرسانی كورد پێیانوایە لەگەڵ دەستپێكردنی ئۆپەراسیۆنی كۆنترۆڵكردنەوەی مووسڵ مەترسییەكانی بەكارهێنانی چەكی كیمیایی لەلایەن داعشەوە زیاتر بووە، بەڕای ئەوان هیچ دوور نییە داعش بۆ ڕاگرتنی پێشمەرگە و سوپای عێراق چەكی كیمیایی بەكاربهێنێ.

بەیان سامی عەبدولڕەحمان، نوێنەری حكومەتی هەرێمی كوردستان لە ئەمریكا بە فۆرین پۆلیسی ڕاگەیاند "بەكارهێنانی چەكی كیمیایی لەلایەن داعشەوە زۆر جێگەی دڵەڕاوكێیە، لەبەرئەوەی داعش زۆرتر لە جاران و بە شێوازێكی ئاڵۆزتریش بەكاریان دەهێنێ". بە بۆچوونی بەیان سامی بەرزبوونەوەی ژمارەی هێرشە كیمیاییەكان "ئاماژە و هەڕەشەیەكی ڕوونە كە داعش لە كاتی ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی مووسڵ ئەمجۆرە چەكە بەكاردەهێنێ".

پرسی چەكە كیمیاییەكانی داعش تەوەرێكی سەرەكی كۆبوونەوەكانی قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان بوو لەگەڵ بەرپرسانی پێنتاگۆن و وەزارەتی دەرەوەی ئەمریكا.

دواكەوتنی ناردنی ئەم ماسكانە بۆ هێزەكانی پێشمەرگە هەندێك لە ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمریكاشی نیگەران كردووە، تولسی گابارد نوێنەری هاوایی دیموكراتەكان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمریكا بەمجۆرە نیگەرانیی خۆی بۆ فۆرین پۆلیسی دەردەبڕێت: "سەرەڕای ئەوەی پێشمەرگە زۆر سەركەوتووانە جەنگی داعشی كردووە و زیاترین ناوچەی لە دەستی داعش دەرهێناوە، بەڵام هێزەكانیان كەلوپەلی سەربازییان زۆر كەمە، بە تایبەتیش دەبینین كەلوپەلی پێویستی بۆ خۆپاراستن لە چەكی كیمیایی نییە، ئەمەش لە كاتێكدایە پێشتر چەكی كیمیایی لە دژی كورد بەكارهێنراوە و ئێستا داعش خەریكە دووبارەی دەكاتەوە."

پیتەر كوك، گوتەبێژی پێنتاگۆن لەبارەی ناردنی ئەمجۆرە ماسكانە بۆ گۆڤارە ئەمریكییەكەی ئاشكرا كردووە كە "لەگەڵ حكومەتی هەرێمی كوردستان لە گفتوگۆداین، بۆ ئەوەی بزانین پێویستیان بە چیدیكە دەبێت."

جیاوازیی بۆچوون لە نێوان شارەزایاندا هەیە سەبارەت بەوەی ئاخۆ داعش لە جەنگی مووسڵدا دەتوانێت گازی خەردەل بەكاربهێنێت یان نا، بەرپرسانی سەربازیی ئەمریكا دەڵێن دوای دەستگیركردنی داود ئەلعەفاری لە مانگی شوبات، توانای بەكارهێنانی چەكی كیمیایی داعش زۆر كەم بووەتەوە. ئەلعەفاری شارەزایەكی بواری چەكە كیمیاییەكانی حكومەتی بەعس بووە كە گومان دەكرێت پلاندانەری سەرەكیی بەرهەمهێنانی چەك و هێرشە كیمیاییەكانی داعش بووبێت.

جگە لە هێزی پێشمەرگە، هەزاران سەربازی سوپای عێراقیش لە میحوەری مەخموور جێگیركراون. هەفتەی پێشوو ئاشتن كارتەر، وەزیری بەرگریی ئەمریكا، لە بەغدا ڕایگەیاند كە بۆ گرتنەوەی مووسڵ هەماهەنگی لەگەڵ هێزەكانی پێشمەرگە و سوپای عێراق كراوە. كارتەر هەروەها ئاشكرای كرد كە پاكێجێكی هاوكاری دارایی بە بڕی 415 ملیۆن دۆلار لەلایەن ئەمریكاوە پێشكەش بە حكومەتی هەرێمی كوردستان كراوە، بەڵام بەرپرسانی ئەمریكی بە (ڕووداو)یان ڕاگەیاند پاكێجی هاوكارییەكان خۆ لە 900 ملیۆن دۆلار دەدات و چاوەڕێش دەكرێت هەتا كۆتایی ئەم مانگە ڕەوانە بكرێت.

پێشمەرگەكانی بەرەكانی شەڕ لە مەخموور هیواخوازن ئەو پارەیەی ئەمریكا بۆ حكومەتی هەرێمی كوردستانی دەنێرێت، بۆ پێداویستییەكانی پاراستنی پێشمەرگە خەرج بكرێت، بەڵام ڕۆژبەیانی گومانی هەبوو لەوەی ئەم هاوكارییەی واشنتن بۆ كڕینی ماسك و بەرگی دژە غازی كیمیایی تەرخان بكرێت.



پێشمەرگە بە فاس و ئاو برینە كیمیاییەكانیان چارەسەر دەكەن

## كۆنگرێسمانێكی ئەمەریكی:

# ئەم هەفتەیە سورپرازێكمان بۆ كوردستان دەبێت

پشتیوان جەمال
ڕووداو- سلێمانی

بەرپرسی كۆمەڵەی نێودەوڵەتی ئازادییە ئاینیەكان لە كۆنگرێسی ئەمەریكا ڕایگەیاند، پرۆژە یاسایەكیان بۆ هاوكاریكردنی هەرێمی كوردستان لەڕووی سەربازییەوە ئامادە كردووە و لەم هەفتەیەدا پرۆژەكە پەسەند دەكرێت. گوتیشی "ئەم هەفتەیە موفاجەئەمان بۆ هەرێمی كوردستان دەبێت".

هەفتەی ڕابردوو مەریوان نەقشبەندی، بەڕێوەبەری پەیوەندییەكان و پێكەوەژیانی ئاینی لە وەزارەتی ئەوقاف و كاروباری ئاینی حكومەتی هەرێمی كوردستان لەسەر بانگهێشتی كۆنگرێسی ئەمەریكا سەردانی ئەو وڵاتەی كرد و لەگەڵ هەشت كۆنگرێسمان كە شەشیان كۆماری و دوویان دیموكراتی بوون و ژمارەیەك بەرپرسی كۆشكی سپی و وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە كۆبووەوە، مەبەستی بانگهێشتەكەی نەقشبەندی بۆ باسكردنی پێكەوەژیانی ئاینی بوو لە هەرێمی كوردستان كە پێشتر پەرلەمانی كوردستان بە یاسا ڕێكیخستووە.

مەریوان نەقشبەندی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بەگشتی بەرپرسانی ئەمەریكا ئەو پێكەوەژیانە ئاینییەی لە هەرێمی كوردستاندا هەیە بەلایانەوە جێی خۆشحاڵی و سەرسوڕمان بوو "ئەوان بە گرنگییەوە لە یاساكەی ئێمەیان بۆ پێكەوەژیانی ئاینی و چۆنیەتی ڕێكخستنی كاروباری ئاینەكان دەڕوانی و پێشبینی دەكەم ئەو یاسایە كاریگەری باشی بۆ پێشخستنی بواری سیاسی هەرێمی كوردستانیش هەبێت".

مەریوان بۆچوونی ئەو كۆنگرێسمانانە لەسەر كوردستان باس دەكات و دەڵێت "ئەوان دەیانگوت ئێوە لە ناوچەیەكدان كە شەڕێكی قورسی تایفی تێدایە، جگە لەوە ئێستا شەڕی داعش و قەیرانی داراییتان هەیە، بەڵام بەو شێوەیەش توانیبێتتان پێكەوەژیانی ئاینی بپارێزن، شایەنی ئەوەن دەوڵەتی خۆتان هەبێ".

سەردانەكەی نەقشبەندی بۆ ئەمەریكا لە كاتێكدا بوو كە شاندێكی باڵای حكومەتی هەرێمی كوردستانیش بە سەرۆكایەتی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆكی حكومەت و كەریم شنگالی وەزیری ناوخۆ لە ئەمەریكا بوون و كۆبوونەوەیان لەگەڵ ژمارەیەك بەرپرسی ئەو وڵاتە هەبوو.

بەپێی هەواڵێكی ماڵپەڕی حكومەتی هەرێمی كوردستان، قوباد تاڵەبانی ڕۆژی 2016/4/13 لە وتارێكدا لە پەیمانگای فیدراڵیك دیفێنس دیموكراتیك لە واشنتنی پایتەختی ئەمەریكا ئاماژەی بە قەیرانەكانی هەرێمی كوردستان كردووە و گوتوویەتی "هەرێمی كوردستان ڕووبەڕووی چەندین قەیران بووەتەوە و حكومەتی ناوەندیش وەك پێویست هاوكاریی هەرێمی كوردستان ناكات، لەبەر ئەوە پێویستمان بە هاوكاریی دارایی هەیە بۆ چارەسەركردنی قەیرانی دارایی و پڕكردنەوەی كورتهێنانی بودجە".

تاڵەبانی هەروەها گوتبووی "پێشمەرگە ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە جەنگی دژ بە داعش و توانیویەتی چەندین ناوچەی ژێر دەسەڵاتی داعش ڕزگار بكات، لە كاتێكدا تیرۆریستان چەندین جۆر چەكی پێشكەوتوویان هەیە".

ڕۆژی 2016/4/18 ئاشتن كارتەر وەزیری بەرگریی ئەمەریكا ڕایگەیاند، بڕی 415 ملیۆن دۆلار هاوكاریی هێزەكانی پێشمەرگە دەكەن كە ڕۆڵی گرنگیان لەڕووبەڕووبوونەوەی شەڕی داعشدا بینیوە و لە شەڕی مووسڵیشدا بەشدار دەبن.

نەقشبەندی لە زاری ترینت فرانكس، بەرپرسی كۆمەڵەی نێودەوڵەتی ئازادییە ئاینیەكان لە كۆنگرێسی ئەمەریكا كە لە كۆمارییەكانە گوتی "ئەو بەرپرسەیان گوتی كە ئێستا سەرقاڵی پرۆژەیەكن و ئەم هەفتەیە دەیگەیەننە ئەنجام و بڵاوی دەكەنەوە، مەبەست لێی ئەوەیە جگە لە هاوكاریی مرۆیی بۆ هەرێمی كوردستان، ڕاستەوخۆ یارمەتی سەربازیش بدرێت، هەرچەندە هەندێك كۆنگرێسمانی دیموكراتەكان ویستوویانە هاوكارییەكان تەنیا مرۆیی بن، بەڵام ئەوان سوور بوون لەسەر هاوكاریكردنی ڕاستەوخۆی پێشمەرگە و گوتیان ئەم هەفتەیە موفاجەئە دەبینن".

مەریوان باسی تێڕوانینی كۆنگرێسمانێكی دیكەی ئەمریكا دەكات بەرامبەر كوردستان و دەڵێت "كۆنگرێسمانێكی ئەمەریكی پێیگوتین لای ئێمە دوو دۆسیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گرنگن، یەكەم ئیسرائیل و دووەمیش كورد، بەڕاشكاویش دانی بەوەدا نا كە مووشەكی پاتریۆت دەدەنە ئیسرائیل بۆ بەرگریكردن لە خۆیان، پشتگیری كوردیش بۆ ریفراندۆم و سەربەخۆیی دەكەن".

نەقشبەندی لەگەڵ سەرۆكی كوتلەی دیموكراتەكانیش لە كۆنگرێس كۆبووەتەوە كە ماوەی هەشت ساڵە سەرۆكایەتی ئەمەریكایان بەدەستەوەیە و گوتی ئەو بەرپرسە پێشتریش ڕاوێژكاری كۆشكی سپی بووە و پێیگوتین دوای هەڵبژاردنەكانی ئەمساڵی ئەمەریكا، سەردانی كوردستان دەكات.

بۆچوونی كۆنگرێسمانان و بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوە و كۆشكی سپی بۆ قسەكردن لەسەر كوردستان جیاواز بووە، نەقشبەندی دەڵێت "بەرپرسانی كۆنگرێس بە ئاشكرا پشتگیری سەربەخۆیی و ریفراندۆمیان دەكرد، بەڵام لە وەزارەتی دەرەوە و كۆشكی سپی كاتێك لەڕووی سیاسییەوە باسی كوردستانمان دەكرد، زیاتر گوێیان دەگرت و پشتگیرییان دەرنەدەبڕی و زۆرتر باسی پێكەوەژیانی ئاینییان دەكرد".

بە گوتەی مەریوان، لە كۆشكی سپی ملیس ڕۆجەرز ڕاوێژكاری تایبەتی ئۆباما بۆ كاروباری ئاینەكان و ئازادیی ئایینی لە جیهان و جۆشوا هاریس بەرپرسی دۆسیەی ئاینەكان لە عێراق كۆبوونەتەوە و پێیانگوتراوە ئەگەر باراك ئۆباما سەرۆكی ئەمەریكا لەوێ بووایە چاوی پێیان دەكەوت، بەڵام لەبری ئەوە، داوایان كردووە پەیامێكی زارەكی بۆ ئۆباما جێبێڵێت و ئەویش گوتوویەتی "لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تەنیا كۆمەڵگەیەكی موسڵمان كە میللەت و حكومەتەكەی دۆستی ئێوەن، كوردە و لەدەست خۆتانی مەدەن".



مەریوان نەقشبەندی: پەیامێكم بۆ ئۆباما جێهێشت و پێمگوت كورد لەدەست خۆتان مەدەن

## کۆچکردن 75% کەمی کردووە



**رووداو– سلێمانی**
ئامانج عەبدوڵڵا، بەرپرسی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عێراق و کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند "بەهۆی گرتنەبەری رێوشوێنی توند لەلایەن وڵاتانی ئەوروپا و تورکیاوە، رێژەی کۆچکردنی هاووڵاتیانی باشووری کوردستان بۆ دەرەوەی نزیکەی 75% کەمی کردووە و لە بەرامبەریشدا گەڕانەوە دەستی پێکردووە، ئێستا نزیکەی سێ تا چوار هەزار کورد لە وڵاتانی دەرەوە بۆ ناونووسین و گەڕانەوەیان پەیوەندییان بە باڵیۆزخانەکانی عێراقەوە کردووە". هاوینی ساڵی رابردوو شەپۆڵێکی گەورەی کۆچی گەنجانی باشووری کوردستان دەستی پێکرد، ژمارەیەک لەوان لە دەریای ئیجە لە نێوان تورکیا و یۆنان خنکان.

رووداو
تاراوگە
ژمارە (405) دووشەممە 2016/4/25

هەندێکیان لەترسان و هەندێکیان لە شەرمان بەکاردێنن

# پاقلە، مامە حەمە و ماڵی خاڵە.. کۆدەکانی کورد لە تاراوگە



رووداو – ستۆکهۆڵم

پاقلە، مامە حەمە، ماڵی پوورم، ئاوە رەشەکە، تەلە رەشەکە و چەندین وشە و دەستەواژەی دیکە، کۆدی زمانی کوردی تاراوگەنشینە کە هەندێکیان لە ترسی دەزگا ئەمنییەکان بەکاردەهێنرێن و هەندێکیان بۆ خۆپاراستن لە تیر و توانجی سوێدییەکان. ئێستا ئەو کۆدانە هێندە بەربڵاون، تەنانەت هەندێک لە سوێدییەکانیش لە ماناکانیان دەگەن.

### ترس و لادان.. سەرچاوەی داهێنانی وشە

ترس و دڵەڕاوکێ و نائارامی لەلایەک و خۆدزینەوە لە سەرنجی ئەورووپییەکان لەلایەکی دی، هۆکاری سەرهەڵدانی چەند زاراوەیەک بووە لەنێو تاراوگەنشینان کە بەشێکیان لە زمانی رۆژانەدا جێگیر بوونە. لە نێو کوردی تاراوگەدا وشەکانی وەک (پاقلە) و (ماڵی مامە حەمە) زۆر باوە. پاقلە کۆدێکە بۆ پۆلیس بەکاردێت و ماڵی مامە حەمەش بۆ دەزگای سۆشیال.

بەختیار رەسوڵ کوردێکی تاراوگەنشینە دەڵێت ئەم دوو ناوە (پۆلیس و سۆسیال) یەکەمیان لە ترسان و دووەمیشیان لە شەرمان بەکاری ناهێنن، بۆیە وشەی دیکەیان بۆ داتاشیوە.

سوێدیەکان لەو نەتەوە زیندوانەن کە حەزیان بە کار و سەرقاڵی هەیە و خۆدزینەوە لە کار و پشتبەستن بە سۆسیال بە نەنگی دەزانن و زۆر باسکردنی پۆلیسیش سەرنجیان رادەکێشێ و بۆی هەیە پۆلیس ئاگادار بکەنەوە.

هەردی کوردێکی تاراوگەنشینە دەڵێت "کاتێک باسی سۆشیال دەکەی سوێدییەکان شەرمەزارت دەکەن، یان باسی پۆلیس بکەی، پۆلیس ئاگادار دەکەنەوە. سوێدییەکان کەم گوێ دەگرن، بەڵام کە وشەی سەیر، یان هەڵسوکەوتێکی نامۆ ببینن، یەکسەر بەلایەکی چاو سەیرت دەکەن".

بەختیار رەسوڵ لە بواری کولتووری و کۆمەڵایەتی پسپۆڕێتی هەیە و پێشتر چەند توێژینەوەیەکی کردووە، دەڵێت "کورد تەنیا نین لە داهێنانی ئەم زاراوانە، بەڵام رەنگە زیرەکترینیان بن. بەشێکی ئەم زاراوانە لە رێگەی نەهامەتی قاچاخەوە سەرچاوەی گرتووە و ئێستا بەشێکە لە دنیای تاراوگەنشینان".

تێکەڵبوون لەگەڵ پۆلیس و دامەزراوەی ئەمنی، کۆتاییەکەی خێر نییە بۆیە ئێستا لەنێو خۆیاندا وشەی پۆلیس بەکارناهێنن. بەختیار گوتی "کوردی تاراوگە لە نێوخۆیاندا بە پۆلیس و دامەزراوە ئەمنییەکان دەڵێن پاقلە، ئەم وشەیە زیاتر لەلایەن ئەو کەسانەوە بەکاردێ کە بازرگانی بە مرۆڤ و ماددەی هۆشبەرەوە دەکەن، بۆ ئەوەی لەلای پۆلیس ئاشکرا نەبن.

وشەی پاقلە زیاتر لەکاتی تەلەفۆنکردن یان چات لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردێت. سەرچڵ ناوی خوازراوی کوردێکی تاراوگەنشینی سوێدە کە نزیکایەتی لەگەڵ دامەزراوە ئەمنییەکانی ئەو وڵاتە هەیە بە (رووداو)ی گوت "زۆر بەکارهێنانی چەند وشەیەکی وەک تیرۆر و پۆلیس و کوشتن و .. هتد، رەنگە سەرنجی دەزگا ئەمنییەکان رابکێشێ و بچێتە خانەی ئەو پەیوەندیانەی چاودێری و تۆمار دەکرێن".

بە گوتەی ئەو سوێدییەکان ئێستا هەستیان بەو فرت و فێڵە کردووە و کۆدەکانیان ئاشکرا کردووە "ئێستا لە دامەزراوە ئەمنی و هەواڵگرییەکانی سوێد دەزانن کە کورد وشەی پاقلە بۆ پۆلیس بەکاردێنن".

تەمەنی زاراوەی پاقلە وا دیارە زیاتر لە 25 ساڵە و لەلایەن قاچاخچییەکانەوە لە یۆنان و بولغاریاوە بۆ وڵاتانی دیکەی ئەوروپا گوازراوەتەوە.

### لەدوای ترس، عەیبە

سۆسیال، زاراوە خۆشەویستەکەی کورد و بیانییەکانی سوید، ئەو دەزگایەی کار ناکەیت و پارە وەردەگریت و دەتژیەنێت، کورد پێی خۆشحاڵە و لای سوێدییەکان شەرمە.

سۆسیال واتە کاروباری خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی. یەکێک لە خزمەتگوزارییەکانی ئەم دامەزراوەیە، پاراستنی ژیانی هاووڵاتیانە بە دابینکردنی شوێنی ژیان و داهاتێکی کەمی مانگانە تا ئەوکاتەی دەوڵەت دەتخاتە سەر کار، یان خۆت کارێک دەدۆزیتەوە.

ئەم دامەزراوەیە وەک بەختیار دەڵێت "زیاتر ئەوانە لێی سوودمەندن کە فرت و فێڵیان هەیە. بەناوهێنانیشی، سوێدییەکان بەچاوێکی قێزەون سەیرت دەکەن، هەر لەبەر تیر و توانجی سوێدییەکان کورد لە نێوخۆیاندا دەستەواژەی ماڵی مامە حەمەی بۆ بەکاردێنن".

ئەحمەد موهتەدی کە کوردێکی رۆژهەڵاتی کوردستانە و 17 ساڵە لە سوێدە، دەڵێت "بەداخەوە خەونی زۆرینەی کوردەکانمان لەم شتانەدا خۆی دەبینێتەوە، بۆیە لەتەواوی ئاخاوتنەکانی رۆژانەماندا قسە لەسەر سۆسیال و هاتنی پارەی بیمەی بێکاری و شتی لەو شێوەیە دەکەین، لەبەر تان و تەشەری سوێدییەکانیش ناوی دیکەمان بۆ داناوە.

ئیڤا سڤانسۆن مامۆستای زمانی سوێدییە و تێکەڵیی زۆری لەگەڵ بیانییەکانی ئەو وڵاتەدا هەیە، ئەو دەڵێت "کورد و عەرەب و سۆمالییەکان، زیاتر لە هەموو نەتەوەکانی دیکەی سوێد وشەی سۆسیال و پۆلیس بەکاردێنن کە ئێمەی سوێدی بەدەگمەن کارمان دەکەوێتە ئەو دامەزراوانە".

#### فەرهەنگی نوێی تاراوگە

لە ئەنجامی گەڕانی (رووداو) جگە لە پاقلە و مامە حەمە، چەند زاراوەیەکی دیکەش ئاشکرا بوون، لەوانە

**بوون بە پەتەوە:** واتە دەستگیرکردن لەسەر تووڕەبوون لە ژن و منداڵ.
**ماڵی خاڵە:** سیستمی ئاکاسا بۆ بیمەی تایبەتی بێکاری.
**پـووریم:** بەو توێژەرە کۆمەڵایەتییانە دەگوترێت کە لەکاتی کێشەی کۆمەڵایەتی، چاودێری رەوشی منداڵان لەناو خێزان و هەڵسوکەوتی باوک و دایک دەکەن.
**خشپە:** مۆڵەتی ساختەی نەخۆشی
**کاری رەش:** مەبەست لە کاری قاچاخ لە دەرەوەی سیستمی باج.
**تاکسیی رەش:** کاری گواستنەوەی نەفەر بە ئۆتۆمبێلی تایبەتی خۆت کە باجی کار نادەن و بە نیوەی نرخی تاکسی کاردەکەن.
**دەرمانی بێ دەرد:** ماددەی هۆشبەر کە بەکارهێنانی لە سوێد قەدەغەیە.
**ئاوە رەشەکە:** خواردنەوەی کحولی قاچاخ کە بەنرخێکی هەرزان دەستدەکەوێت و لە گەڕەکەکاندا دەفرۆشرێ.
**تەلە رەشەکە:** راکێشانی کارەبای قاچاخ.

# سوێد.. چوونی کۆچبەران بەرەو دابەزینە و زۆری دیکەش بەجێیدێڵن

رووداو – ستۆکهۆڵم

حکومەتی سوێد لە بودجەی ئەمساڵدا بڕی نزیکەی 6 ملیار دۆلار بۆ پرسی کۆچبەران تەرخان دەکات. بەپێی توێژینەوەی دەزگایەکی سوێدیش، پرسی کۆچبەران، پرسی هەرە لە پێشی خەڵک و حکومەتە، ئەوە لەکاتێکدا کە چوونی کۆچبەران بۆ ئەو وڵاتە تا ئاستێکی زۆر کەمی کردووە و بەشێکی زۆری کۆچبەرانیش وڵاتەکە بەجێدێڵن.

کۆچی پێچەوانەی کۆچبەران لە سوێد بەشێک لە سیاسییەکانی ئەو وڵاتەی تووشی نیگەرانی کردووە.

لیس ئەندرشۆن، لێکۆڵینڤان، کۆمەڵناس و چالاکڤانی مافەکانی مرۆڤ لە سوێد دەڵێت "ئەمە پەیوەندی بە خراپیی رەوشی کۆچبەرانەوە هەیە لەم وڵاتە و لە ئەنجامی شکستی سیاسەتی بەڕێوەبردن و پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤە.

مانگی نیسانی هەموو ساڵێک سیاسەتی ساڵانەی دەوڵەتی سوێد دیاری دەکرێت و بودجەی وڵات پەسەند دەکرێت، ئەمساڵ لە گفتوگۆی سیاسەتی ساڵانەدا زۆرترین گفتوگۆ بۆ پرسی کۆچ تەرخان کرا.

دامەزراوەی (SOM) واتە ئینستتیوتی پرسی کۆمەڵگە و رای گشتی و میدیاکان، توێژینەوەیەکی بڵاوکردەوە و رایگەیاند "53%ی خەڵک پرسی کۆچ بە پرسی یەکەمی وڵات دەزانن". ئەو پەیمانگەیە یەکێکە لە دامەزراوە ئەکادیمییە گرنگەکان و حکومەت ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی بەهەند وەردەگرێت. لەدوایین لێکۆڵینەوەیدا کە هەفتەی رابردوو لە زانکۆی یۆتۆبۆری پێشکەشی کرد، جەخت لەسەر ئەوە کرا کە پرسی پەروەردە و خوێندن هەمیشە پرسی یەکەم بووە، بەڵام ئێستا بووەتە بابەتی دووەم و لەدوای پرسی کۆچ دێت.



ئەمساڵ حکومەتی سوێد 31 ملیار کرۆن بۆ پرسی کۆچ و پەنابەران تەرخان کردووە

لیس ئەندرشۆن دەڵێت "بایەخی خەڵک بە پرسی کۆچ، لە ئەنجامی دروستبوونی فشارە لەسەر کۆمەڵگە و بەرهەمی سیاسەتی هەڵەی دەوڵەتە.

ئەمساڵ لە بودجەی حکومەتدا 31 ملیار کرۆن بۆ پرسی کۆچ و پەنابەران تەرخان کراوە. بەپێی راگەیاندنی وەزیری کۆچبەران 100 ملیۆن کرۆن زیادە بەو کۆمۆنانە دەدرێت کە زۆرترین ژمارەی پەنابەران لەخۆدەگرن.

لە بواری خوێندنی زمانی سوێدیشدا بۆ پەنابەرانی تازە کە سەرەتاییترین پرۆسەی شیاندن و ئاوێتەبوونە و بە پرۆسەی (SFI) ناسراوە، 40 ملیۆن کرۆن تەرخان کراوە. بۆ خوێندنە ئاست بەرزەکانی زمانی سوێدیش بڕی 25 ملیۆن کرۆن. هەروەها 22 ملیۆن کرۆنیش بۆ هەڵسەنگاندنی پرۆسەی فێربوونی زمان بۆ کۆچبەران تەرخان کراوە، کۆی گشتی ئەو بڕە پارانەی لە بودجە بۆ پرسی کۆچ تەرخانکراوە، نزیکەی 6 ملیار دۆلار دەبێت.

### پاشەکشە بە ئیسلامییەکان

لەگەڵ بایەخی حکومەت بە پرسی کۆچبەران، بەڵام لە مانگەدا چەندین رووداو لە سوێد روویاندا لەوانەش رێگە نەدرا بانکێکی ئیسلامی بکرێتەوە، بەرپرسێکی ئیسلامی لەکار دوورخرایەوە، ژمارەیەکی زۆر قاچاخچی دەستگیرکران.

محەممەد کاپلان، وەزیرە موسوڵمانەکەی حکومەتی ئێستای سوێد لە کارەکەی دوورخرایەوە، هەروەها ئەندامی پارتێکی سوێدی کە ئیسلامییە، بەهۆی ئەوەی ئامادە نەبوو لە بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنیدا تەوقە لەگەڵ کچێک بکات، لە پارتەکەی دەرکرا.

رەشید موسا سەرۆکی رێکخراوی (گەنجانی موسوڵمان) لە لێدوانێکدا بۆ رادیۆی سوێدی، ئەم هەنگاوانەی بە سیاسەتی پەراوێزخستنی پێکهاتەیەکی سەرەکیی سوێد ناوبرد کە موسوڵمانەکانن.

لیسا ئەندرشۆنیش دەپرسێت: "چۆن پێکهاتەیەکی گەورەی لەم شێوەیە پەراوێز دەخرێت؟".

مانگی رابردوو زمانی عەرەبی وەکو زمانی دووەمی سوێد، پاشەکشەی بە زمانی فینلاندی، زمانی دووەمی زۆرترین هاووڵاتیانی سوێد کرد. زۆرینەی رەهای بەکارهێنەرانی زمانی عەرەبیش وەک ئەندرشۆن دەڵێت "موسوڵمانن". ئەو پێیوایە "پەیڕەوکارانی ئاینی ئیسلام کە بەشێکی ئەو کۆمەڵگەیەن، نابێ لە کاری سیاسی دووربخرێنەوە".

زۆربەی چەپ و لیبراڵ و تەنانەت بیانی و تاراوگەنشینە چەپەکانیش لەگەڵ سنووردارکردنی کاری ئیسلامییەکانی ئەو وڵاتەن، بەڵام رای زۆر لە چالاکڤانەکانی وەک ئەندرشۆن پێچەوانەیە. ئەو دەڵێت "ئەمە پەراوێزخستنی پێکهاتەیەکی فراوانی خەڵکە و مەترسیە لەسەر پرۆسەی شیاندنی تاراوگەنشینان".

ئامارەکانی دەوڵەت لەڕووی کەمبوونەوەی ژمارەی کۆچبەر کە بەڕای چالاکڤانان پەیوەندی بە مامەڵەی خراپ و پێشێلکاری هەیە، جێی بایەخی پارتەکانی ئۆپۆزیسیۆن و چالاکڤانانیشە. بەپێی ئاماری دامەزراوەی کۆچ، ساڵی رابردوو ژمارەی کۆچبەران لە 90 هەزارەوە بۆ 9147 کەس کەمی کردووە.

لەسەر هێنانی کەسوکار دادگایی دەکرێن


دادوەرانی سوێد نازانن چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو کەسانەدا بکەن کە بەڕێگەی نایاسایی کەسوکاری خۆیان هێناوەتە سوێد، بۆیە ناچارن بەتۆمەتی قاچاخچێتی و بازرگانی بە مرۆڤ دەستگیریان بکەن.

مۆرگان یۆهانسن وەزیری کۆچبەرانی سوێد دەڵێت "جیاوازی ناکرێت لە نێوان ئەوانەی بە پارە و بێ پارە، بەشێوەی نایاسایی خەڵک بەرەو سوێد دەپەڕێننەوە".

سەبارەت بەوانەی کەسوکاری خۆیان دەهێنن، لیندا راسموێسون دادوەر لە شاری مالمۆ دەڵێت "بۆشاییەکی یاسایی لەم بارەیەوە هەیە"، بەڵام وەزیری کۆچی سوێد دەڵێت "هەموو ئەمانە کاری قاچاخن و سزا دەدرێن".

بە بەراورد لەگەڵ دوو ساڵی رابردوو، ژمارەی ئەو کەسانەی بە تۆمەتی قاچاخچێتی دەستگیرکراون سێ هێندە و نیو زیادی کردووە. ساڵی پار 60 کەس و ئەمساڵیش 29 کەس بەو تۆمەتە دەستگیر کراون، لەکاتێکدا ساڵی 2014 تەنیا 17 کەیسی لەو شێوەیە هەبووە.

بەپێی زانیارییەکانی رووداو لەنێو ئەو 29 کەسەدا چەند کوردێک هەن و بەشێکیان ئەوانەن کە کەسوکاری خۆیان لە وڵاتێکی دیکەوە پەڕاندووەتەوە.



## کاوە پێش خۆرئاوابوون دەگەڕێتەوە

**رووداو- سلێمانی**

هونەرمەند کاوە حەمەساڵح دوای چەندین ساڵ دوورکەوتنەوە لە کوردستان، یەکەمین ئەلبوومی خۆی بڵاودەکاتەوە. موزیسیان فەرهاد حەمەساڵح کە وەکو ئاوازدانەر و تۆمارکردنی دەنگ کاری لەو ئەلبوومەدا کردووە، بە (رووداو)ی گوت، ئەو ئەلبوومە ناوی (گەڕانەوەی پێش خۆرنشین) ە کە هەشت گۆرانییە و گوتی "هۆنراوەکان لەلایەن هاشم نانەوا زادەگان و رەزا حەمە فەرەج و بەرزان هەستیار دانراون و ئاوازەکانیش، ئاوازێکی هونەرمەند خۆیەتی و منیش سێ ئاوازم بۆ داناوە، لەگەڵ دوو ئاوازی هونەرمەندی کۆچکردوو مامڵێ و دوو ئاوازی حوسێن رەهبەر". فەرهاد ئاماژەی بەوەدا کە کاری تۆمارکردنی ئەلبوومەکە لە کوردستان و سوێد کراوە و بڕیارە لە ماوەیەکی نزیکدا بڵاوبکرێتەوە. کاوە حەمەساڵح نزیکەی 30 ساڵە لە سوید نیشتەجێیە و تائێستا ژمارەیەک گۆرانی بەشێوەی تاک و بەهاوبەشی لەگەڵ هونەرمەندانی دیکە بڵاوکردووەتەوە.

# شوان عەتوف بە تەپڵ و بەرد سلێمانی دێنێتە جۆش



**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

"ئــەم شــانۆییە رەنگدانــەوەی کێشــەکانی کۆمەڵگەکەمانە، راســتە خۆشــمان هەســت بە کێشــەکانمان دەکەین، بەڵام هەندێجار هەتا ئەم جۆرە شــانۆییانە نەبینیــن نازانین لە چ دۆخێکداین".

ئاشتی حەکیم ئامادەبوویەکی شانۆیی "تەپڵ و بەرد" وایگوت.

ئــەو شــانۆییە بەرهەمێکــی مۆنۆدرامییە کە هونەرمەند شــوان عەتــوف بە تەنیــا وەکــو ئەکتەر و دەرهێنەر کاری تێدا کردووە، شانۆگەرییەکە لــە رۆژی 2016/4/15 وە لــە هۆڵی کۆمەڵەی هونەرەجوانــەکان لە شــاری ســلێمانی نمایش دەکرێــت، شــوان دەڵێت هەتا بینەر هەبێت لە نمایشکردن بەردەوام دەبێت.

لەگەڵ نزیکبوونەوەی کاتی پێشکەشکردن، وردە وردە ئامادەبــوان روو لە هۆڵەکە دەکەن. هەر لەگەڵ کرانەوەی پەردەی شــانۆ، بێدەنگی باڵ بەســەر هۆڵەکەدا دەکێشــێ. بــۆ زۆربەی دیالۆگەکانی شانۆگەرییەکە ئامادەبووان چەپڵە لێــدەدەن، یــان پێدەکەنــن. یانیش ئاخ هەڵدەکێشن.

نێوەرۆکــی شــانۆگەرییەکە پەیوەســتە بــەو رووداوانــەی لــەدوای راپەڕینــی بەهــاری 1991ی خەڵکــی کوردســتانەوە کەڵەکە دەبن. شــانۆگەرییەکە بــە چیرۆکی گەنجێکــی هەژار دەســتپێدەکات کە عاشــقی کچێکی دەوڵەمەند دەبێــت، بــەڵام کچەکــە لەبــەر هەژارییەکــەی شــووی پێناکات، ئیدی گەنجەکە ســەری خۆی هەڵدەگرێــت و دەچێتە ئەوروپا. لەم ســاڵانەی دواییــدا کە دەگەڕێتــەوە کوردســتان، دەبینێ خەڵک بەرد دەگرنە دەسەڵاتی کوردی.

ئاشــتی حەکیم، کە زۆر بە دیققەتەوە گوێی لە شوان گرتبوو، بۆ زۆربەی قسەکانی بە زمانی جەســتە کاردانــەوەی نیشــان دەدا، پێدەچوو چێژێکی زۆری لە شانۆگەرییەکە وەرگرتبێ. ئەو گوتی "لە رێگەی ئەم شــانۆگەرییەوە تێدەگەین ئــەو گەنجانەی کــۆچ دەکەن تینــووی هەندێک شتن کە لێیان قەدەغە کراوە، کاتێکیش دەچنە دەرەوە ناتوانن لەگەڵ کولتووری بێگانە هەڵبکەن و دەگەڕێنەوە".

بەشێکی دیکە لە ئامادەبووان شانۆییەکەیان وەکو شــانۆییەکی سیاســی ناوبرد کە دەیەوێت چیرۆکی شکســتخواردنی میللەتێک بگێڕێتەوە، بــە گوتــەی رامیار ئەحمــەد "لە شــانۆییەکەدا دەردەکەوێت بەشێکی زۆری ئەو شکستە چەندی بەهــۆی هێــزە نێودەوڵەتییەکانــەوە بووبێــت، ئەوەنــدەش بەهــۆی سیاســییەکانی خۆمانەوە بووە".

بــەڕای هێــدی عەلــی، خوێندکاری بەشــی شــانۆی پەیمانگــەی هونەرەجوانەکانیــش شانۆییەکە توانیویەتی پەیامی خۆی بگەیەنێت، چونکە لەڕێگەی هونەرەوە باســی رووداوەکانی ئەمڕۆی کردووە و بەشێوەیەکی هونەری رەخنەی لە سیاسییەکان گرت.

"ئەم شانۆییە پێی دەڵێن شانۆی تەنفیسی، شانۆکار هەوڵ دەدات هەناسەیەک بدات و خۆی بەتاڵ بکاتەوە لەو کارەساتانەی لەگەڵ تێپەڕینی رۆژگار لەگەڵیــان دەژی"، ئەوە قســەی ئاســۆ عومــەر ســوارەی ئەکتــەرە. ئاسۆ دەڵێت لەم شانۆییەدا بەپێچەوانەی شــانۆییەکانی دیکەوە ســوود لە دەقێکی پێشــتر وەرنەگیراوە، بەڵکو دەقەکە بابەتەکانــی رۆژانەیە کە هەموو تاکێک لەگەڵیدا دەژی.

ئاسۆ هەروەها دەڵێت "لەو جۆرە شانۆییانەدا کارێــک دەکرێــت ئەکتەر و بینەرەکــە ئاوێتەی یەکــدی دەبن و هەردووکیان لەو بابەتانە خۆیان خاڵی دەکەنەوە، هەموو پەیامێکی هونەری چێژ و مەعریفەی خۆی هەیە، بەڵام گرنگە ئەکتەرەکە بتوانێت بەو چێژە، مەعریفەیەک بدات".

شــانۆییەکە مۆنۆدرامــی و جددیــش بــوو، بــەڵام هەندێجار هاوتــای بەرهەمێکی کۆمیدی، ئامادەبووانــی دەهێنایە پێکەنیــن و چەپڵەیان لێدەدا. ئاســۆ دەڵێت "هەموو شانۆییەک جددییە و کۆمیدیــاش کارێکی قــورس و جددییە، بەڵام ژانرەکانیان بۆ دەربڕین جیاوازن".

شــوان عەتــوف کارەکتــەر و دەرهێنــەری شــانۆییەکە لەبارەی هەڵبژاردنــی ناوی تەپڵ و بەرد بە (رووداو)ی گوت "تەپڵ و بەرد چیرۆکەکە بەرەوپێش دەبەن و پەیامەمان بۆ دروست دەکەن، بەرد وەکو بەردی سەر گۆڕەکەی عەبەیە کە لە ئەوروپــا خــۆی دەکــوژێ و تەپڵیش هێمایە بۆ ئــەوەی عەبــە بەندبێــژ بوو. جگــە لــەوەش ئــەو دوو نــاوە بانگەشــەیەکی باشیشــن بۆ هاتنــی خەڵک بۆ شانۆییەکە".

وەک شوان گوتی، شانۆییەکە یادەوەرییەکانی دوای راپەڕیــن دەگێڕێتــەوە، بەتایبەتیــش چرکەساتی شــەڕی ناوخۆ "خۆم شایەتحاڵێکی شــەڕی نێوخۆم و پێموایە ئێســتاش ئەو شەڕە تەواو نەبووە و لەزۆر شوێن وەک ئەوەیە شەڕی ناوخۆ مابێت، بەم دواییەش کۆچکردنی گەنجان بۆ دەرەوە دەســتی پێکردەوە لە کاتێکدا گەنج تاکێکی گرنگی کۆمەڵگەیە و پێویستی بە ژیانە".

لەهەندێک لە خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی کوردســتاندا دروشــمی "بڕووخێ" بۆ دەسەڵاتی کوردی بەرز کرایەوە، شوان لە شانۆییەکەدا و لە قسەکانیشیدا بۆ (رووداو) رەخنەی لەو دروشمە گــرت و گوتی "مەنتقی تێدایە خۆپیشــاندان بۆ گۆڕانــکاری بکەیــت، هەموو چیــن و توێژەکان بڵێن بڕووخێ! لە کاتێکدا پێویستە هەموو چین و توێژێــک پەیامەکانی خۆیان بزانن و بشــزانن ئاڕاستەی کێی دەکەن و بە فریوی سیاسییەکان هەڵنەخەڵەتێن، بۆیە لە کۆتایی شانۆییەکەشدا بــە کۆمەڵگــە دەڵێــم ورە بە خۆت بــدەرەوە و مێشکت بجوڵێنە و بزانە لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا دەنگ بە کێ دەدەی".

هۆڵــی کۆمەڵەی هونەرەجوانــەکان نزیکەی 200 کورسی هەیە، بەپێی ئەو ئامارەی لەلایەن ســتافی شــانۆییەکەوە دراوە بــە (رووداو)، لە مــاوەی پێنج رۆژی نمایشــدا نزیکەی دوو هەزار کــەس ئامادەی بوون کــە زۆربەیان گەنج بوون، هێدی عەلی خوێندکاری پەیمانگە گوتی "راستە زۆربــەی ئامادەبــووان گەنجــن، هەندێکیان بۆ بینینی نواندنەکەی شوان عەتوف هاتوون بەهۆی بەرهەمەکانی پێشترییەوە".

شــوان دڵخۆشــە بە ئامادەبوونی گەنجان لە نمایشــەکەیدا "زۆربەی بینــەرەکان گەنج بوون، چونکە نێوەرۆکی شانۆییەکە باسی حەقیقەت و چیرۆکی دڵشکاندنی ئەوانە، منیش لە بنەڕەتدا دەمەوێت گەنج ئامادە بێت".

## برازایەکی دەڵێ ئێستا لە کەنەدایە و نەخۆشە

# عوسمان شارباژێری چی بەسەرهات، بۆچی گۆرانییەکانی خۆی سڕینەوە؟



**پشتیوان جەمال**
**رووداو – سلێمانی**

ژمــارەی گۆرانییەکانی ناگەنە 30 دانە، بەڵام هەر بە دەستی خۆی زۆربەیانی لەنێوبردن بەبێ ئــەوەی کــەس هۆکارەکــەی بزانێت. عوســمان شارباژێری لە ساڵانی هەشتاکاندا یەکێک بوو لە ســوارچاکانی مەیدانی گۆرانی و ئاوازی کوردی، بەڵام ئێستا کەسە نزیکەکانیشی هیچ لەبارەیەوە نازانــن. برازایەکی دەڵێت تەنیا ئەوەندە دەزانین لە کەنەدایە.

عوســمان شــارباژێڕی بــە تەنیا مامۆســتا و گۆرانیبێژ و ئاوازدانەر نەبوو، بەڵکو نووسەرێکی دیــاری بــواری هونــەری بــوو، بــە جۆرێــک ئاوازدانەرێکــی دیــاری وەکو ئەنــوەر قەرەداغی دەڵێت "بووەتە ســەرچاوە بۆ مێژووی میوزیکی کوردی".

عوســمان عەلی مارف ناســراو بە عوســمان شــاربازێڕی، ساڵی 1940 لە گەڕەکی چواریاخی شــاری ســلێمانی لەدایــک بــووە. قۆناغەکانــی خوێندنــی ســەرەتایی و ناوەنــدی و دواناوەندی و پەیمانگای مامۆســتایانی هەر لەو شارە تەواو کــردووە. ســاڵی 1963 بووەتــە مامۆســتا لــە ناوچەکانی رواندز، شــەقڵاوە، پیرزین، هەولێر و سلێمانی.

### حەزی لە تازەگەری بوو

ئەنوەر قەرەداغی، میوزیکژەن و ئاوازدانەر کە ئاشــنایەتی لەگەڵ شــاربازێڕیدا هەبووە، دەڵێت "لە ســاڵانی شەســتەکان تاوەکــو حەفتاکانیش هونەرمەنــد و نووســەرێکی دیــاری هونــەری کــوردی بــوو. زۆر حەزی لە تازەگــەری بوو، بۆ یەکەمجاریش لە ساڵانی حەفتاکان لە کلیپەکانیدا بەشداریی بە ئافرەت کرد".

عوســمان شــاربازێڕی وەکــو زۆربــەی هونەرمەندانــی دیکەی ئــەوکات، بۆ تۆمارکردنی گۆرانییەکانی رووی کردووەتە تەلەفزیۆنی بەغدا. ناسر حەسەن کە لەو تەلەفزیۆنە دەرهێنەر بوو، دەڵێت عوســمان شــاربازێڕی ســاڵی 1978 لە تەلەفزیۆنی بەغدا ســەردانی کــردوون بۆ ئەوەی گۆرانــی بــۆ تۆمار بکەن "لە ســتۆدیۆ هەشــت گۆرانیم بۆ وێنەگرت و پاشــان بۆ پەخشــکردن، گۆرانییەکانمان رەوانــەی تەلەفزیۆنی کەرکووک کرد، دواتریش لە دەرەوەی ستۆدیۆ دوو گۆرانی و چەند مەقامێکم بە وێنەی سینەمایی رەنگاوڕەنگ لــە ناوچەکانی ئەحمەدئاوا و شــاربازێڕ بۆ کلیپ کرد".

دوای دەســتپێکردنی شــەڕی ئێران و عێراق، پەیوەندی نێوان ئەو دوو هونەرمەندە دەپچڕێت و لە دوای راپەڕین یەکدی دەبیننەوە. ناسر حەسەن دەڵێت "دوای راپەڕین لە شاری هەولێر بینیمەوە، ئــەوکات بەڕێوەبەری تەلەفزیۆنــی هەرێم بووم، ئەویــش دووکانی زێڕنگەریی دانابوو، چوومە لای و پێمگوت وەرە گۆرانییەکانت نوێ بکەوە، گوتی پێم ناکرێت و حەز ناکەم".

### گلەییەک لە ناسر رەزازی

شاربازێڕی تەنیا 28 گۆرانی هەبووە، هەرچەندە دەگوترێ زۆر لە گۆرانییەکانی فەوتاندوون، بەڵام هەندێکیــان کەوتوونەتە دەســت خەڵک و دواتر لەلایەن هونەرمەندانــەوە گوتراونەتەوە. عەدنان کەریــم لە دوایین ئەلبوومیدا بەنێــوی (بادەی گوڵڕەنــگ 2) یەکێک لە مقامەکانی شــاربازێڕی گوتووەتەوە.

ناســر رەزازی یەکێکە لەوانــەی گۆرانییەکی شــاربازێڕی گوتووەتــەوە، دەڵێــت "زۆرم بەلاوە گرنگــە بزانــم لە ژیانــدا ماوە یان نا، لە ســاڵی 1976 ئەو کاتەی ئەلبوومی سێیەمم بڵاوکردەوە، گۆرانییەکی ئەوم گوتەوە".

رەزازی هەروەها باسی یەکەمین دیداری خۆی و شاربازێڕیی کرد "دوای ساڵی 1979 کە هاتمە باشــووری کوردســتان، لە ناوچەی کونەماســی بــووم، ئەویش هاتە ئەوێ و بۆ یەکەمجار بینیم، هونەرمەندێکی قســەخۆش و بەتوانا بوو، تا ئەم ساڵانەی دواییش پەیوەندیمان مابوو".

بەڵام بنەماڵەی عوســمان شاربازێڕی گلەییان لــە ناســر رەزازی هەیە، گوایە لــە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا وەها ناوی هێناوە کە نایناسێت.

مەهدی شاربازێڕی، برازای عوسمان شاربازێڕی دەڵێــت "مامــم کاتی خــۆی هاوکاری بەشــێکی زۆری هونەرمەندانــی کــردووە و وانەی مەقاماتی پێگوتوون، ناســر رەزازی یەکێکــە لەوان، بەڵام بەداخەوە بەم دواییە لە بەرنامەیەکدا و لە کاتی باسکردنی هاوڕێکانیدا کاتێک ویستی باسی مامم بکات، گوتی (کێ شــاربازێڕی؟) ئێمە لەوە زۆر نیگەران بووین". بەڵام ناســر رەزازی دەڵێت لەو کاتەدا لەبیری نەبووە ناوی بهێنێ.

مەهــدی کە برازای عوســمان شــاربازێڕییە و خۆیشی میوزیسیانە، زانیاری زۆر کەمی لەبارەی مامییەوە هەیە و دەڵێــت "ئەوەندەی بزانم مامم شارەزایەکی باشی مقامات بوو، وابزانم 28 گۆرانی هەیە، بــەڵام دواتر پەخشــکردنی گۆرانییەکانی راگرتن بەبێ ئەوەی هۆکارەکەی بزانین".

بەقسەی مەهدی، مامی لە هەشتاکاندا شاری ســلێمانی جێهێشــتووە و لە هەولێر نیشــتەجێ بــووە، مەهــدی تەمەنــی لە 20 تا 23 ســاڵە و باسی یەکەمین بینینی خۆی و مامی کرد و گوتی "لــە ســاڵانی 2000 بەدواوە دووجــار لە هەولێر بینیم، جارێــک داوام کرد گۆرانیم بۆ بڵێ، بەڵام بە بزەیەکەوە گوتی پیر بووم و تاقەتم نەماوە".

### 10 پەرتووکی هەیە

عوسمان شاربازێڕی سەرەڕای گوتنی گۆرانی، لەشەســتەکان تاوەکو ســاڵی 2011 ســەرقاڵی نووســین بووە و لەو ماوەیــەدا 10 کتێبی چاپ کردووە کە پێنجیان هۆنراوەن.

ئەنوەر قەرەداغی دەڵێت "شاربازێڕی بۆچوونی جوانــی لەبارەی میوزیک هەبوو، بەتایبەتیش لە بــواری ئەدەبیــات، رۆڵیشــی لە نووســینەوەی مێژووی موزیک لە ســلێمانی هەبــووە و بووەتە سەرچاوە".

عوسمان شاربازێڕی ساڵی 1960 یەکەم گۆرانی لە ئێزگەی کوردی لە بەغدا تۆمار کردووە. ساڵی 1973 مۆسیقاری جیهانی (یۆرکان پلێتنەر) کە دانیمارکییە دێتە عێراق بۆ کۆکردنەوەی گۆرانی فۆلکلۆری و میللیــی نەتەوەکانی رۆژهەڵات، داوا لە عوسمان شاربازێڕی دەکات چەند گۆرانییەکی خــۆی بۆ تۆمار بــکات بۆ ئــەوەی گۆرانییەکان لەگەڵ خۆی بەرێتەوە دانیمارک.

### چی بەسەرهات؟

رەنگــە ئێســتا ئەمــە پرســیاری زۆر کەس بێــت، بەتایبەتــی ئەوانەی نەوەی خــۆی: "ئەو هونەرمەنــدە چی بەســەرهات، بۆچــی دەنگی نەما؟".

مەهدی دەڵێت "ئەگەر هەڵە نەبم پێموایە لە نەوەتەکانــەوە بە تەواوی وازی لە هونەر هێنا و سەرقاڵی نووســین بوو، بەڵام ناتوانین هۆکاری وازهێنانەکەی ئاشکرا بکەین".

هەندێــک کەس پێیانوایە ئەو هونەرمەندە لە ژیاندا نەماوە. بــەڵام مەهدی رەتیکردەوە مامی مردبێ و گوتی "ئەوەندەی بزانم نزیکەی هەشت ســاڵە کوردســتانی جێهێشــتووە و لــە کەنەدا نیشتەجێ بووە، ئێستا کەمێک ناساغە".


جیهان ستی...
جیهانی شادی و دڵنیایی
* ئەپارتمانەکانمان لەسەر تازەترین شێواز دروست کراوە.
* کەرستەی بەکار هاتوو لە باڵەخانەکان و لە دروستکردنی ئەپارتمانەکان لە باشترین براندەکانی جیهانە.
* چوار ئەسانسور (مەسعەد)، پرسگەی تایبەت لەهەر باڵەخانەیەکدا.
* کاتژمێر چاودێری.
* قوتابخانە.
* مزگەوت.
* نورینگەی پزیشکی.
* سەنتەری وەرزشی و مەلەوانگەی کراوە و داخراو.
* رووبەرێکی فروانی سەوز.
* مۆلی بازرگانی.
CIHAN CITY
www.cihancity.com
CIHAN CITY
جیهان ستی..
یەکێك لە پرۆژەکانی جیهان گروپ
CABA
هەولێر - ڕێگای کەرکوك - پشت بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر
ژمارەی مۆبیل: 07502324343 / 07707043131


برنجی محمود
خۆش تام و بەسود
MAHMOOD RICE
ممتاز
١١٢١
100%
MAHMOOD RICE


شیری ئاڵتونسا
100%
سروشتی یە
altunsa
MILK
powder
حليب

ژنان
ژمارە (405) دووشەممە 2016/4/25



## ژنەکەی و هاوڕێیەکی خۆی کوشت

**ڕووداو- سۆران**

هاووڵاتییەک لە شارۆچکەی سۆران ژنەکەی و هاوڕێیەکی خۆی کوشت و دواتر خۆی ڕادەستی پۆلیس کرد. ڕائید سەعدون نەبی، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پۆلیسی سۆران بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەو ڕووداوە شەوی 2016/4/23 ڕوویداوە و بکوژ نێوی (ع.م)ە و تەمەنی 32 ساڵە و گوتی "هۆکاری کوشتنەکان لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بووە، بکوژەکە سەرەتا لە ماڵی خۆیان ژنەکەی کوشتووە و لە دەرەوەش هاوڕێکەی کوشتووە و پاشان خۆی ڕادەستی پۆلیس کردووە، لێکۆڵینەوەش لە ڕووداوەکە دەستی پێکردووە". بە گوتەی ڕائید سەعدون "ژنە کوژراوەکە ژنی ماڵ بووە و سێ منداڵیشی هەیە".

# ئافرەتێک لە چەمچەماڵ پاس لێدەخوڕێت

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- چەمچەماڵ**

لە ترافیکێکدا وەستابوو، چاوەڕێی هەڵبوونی چرای سەوزی دەکرد، ژنە شوفێرێک کە لە تەنیشتییەوە وەستابوو بە سەرسوڕمانەوە سەیری شوفێری پشت سوکانی مینی پاسەکەی دەکرد. ئەو کارەی هەڵاڵە دەیکات بەلای زۆرینەی خەڵکی ئەم شارۆچکەیەوە جێی سەرسوڕمانەوە.

بەردەوام ئۆتۆمبێل لە ماڵی هەڵاڵەدا هەبووە، بۆیە لە تەمەنێکی زوودا فێری لێخوڕینی ئۆتۆمبێل بووە و دواجار گەیشتووەتە ئەوەی ئەم شارەزاییە بەکاربهێنێ بۆ ژیاندنی خێزانەکەی.

هەڵاڵە محەممەد، تەمەن 37 ساڵ، دانیشتووی قەزای چەمچەماڵی سەر بە شاری سلێمانییە، نزیکەی چوار ساڵ بوو بە ئۆتۆمبێلێکی بچووک کاری گواستنەوەی هاووڵاتیانی دەکرد، بەڵام ماوەی ساڵێکە پاسێکی بچووکی کڕیوە و کاری لەسەر دەکات.

ئەو دەڵێت "هەر لە منداڵییەوە خەونی من ئەوە بوو ببمە شوفێر و لەو ڕێگەیەوە پارە پەیدا بکەم".

کارکردنی هەڵاڵە وەکو شۆفێری پاس لە سەنتەری شارە گەورەکان ڕەنگە ئاسایی بێ، بەڵام لە شارۆچکەی چەمچەماڵ شتێکی دیکەیە، چونکە هێشتا تا ڕاددەیەک ئەو دابونەریتە کۆمەڵایەتیانە زاڵن کە کارکردنی ئافرەت لە دەرەوە بە باش نازانن، نەخاسمە کارێکی لە شێوەی ئەوەی هەڵاڵە.

سلێمان جەرجیس، چالاکڤانی مەدەنی، پێیوایە ئەو کارەی هەڵاڵە دەیکات، هێمای کرانەوەی خەڵکی شارۆچکەکەیە بەڕووی ئافرەتاندا. سلێمان دەڵێت "ڕاستە چەمچەماڵ تاڕادەیەکی زۆر کولتووری عەشایەریی تێدا زاڵە، بەڵام دەکرێت لەڕێگەی ئەم ئافرەتەوە کە پیشەیەکی جیاوازی هەڵبژاردووە، ژنانی دیکەش هەوڵ بدەن ببنە خاوەنی ئابووریی سەربەخۆ، بێگومان ئەوەش بە پاڵپشتی خێزانەکانیان".



هەڵاڵە دەڵێت زۆر ژنی دیکەیش حەز دەکەن ببنە شۆفێری پاس

(فۆتۆ: ڕووداو)

هەڵاڵە ئێستا زیاتر قوتابی قوتابخانەکان دەگوازێتەوە، هەروەها خێزانە قەرەباڵغەکانیش پەیوەندی پێوە دەکەن بۆ بۆنەی وەکو پرسە و ئاهەنگی گواستنەوەی بووک. ئەو نەفەرانەش سەردەخات کە لەسەر ڕێگاکان دەستی لێڕادەگرن.

هەڵاڵە دەڵێت "بەشێکی زۆری خەڵک پێیان باشە ئەو کارە دەکەم و توانیومە هاوکاری ژنانی چەمچەماڵیش بکەم، لەبەرئەوەی بەهۆی نەریتەوە ڕەنگە نەتوانن لەگەڵ زۆر کەس هاتوچۆ بکەن، بەڵام خەڵکیش هەبووە پێیانگوتووم شۆفێری بۆ ژن باش نییە".

هەرچەندە هەڵاڵە ماوەی نزیکەی چوار ساڵە ئەو کارە دەکات، بەڵام هێشتا کە بەسەر شەقامەکاندا دەڕوات زۆر کەس بە سەرسوڕمانەوە لێی دەڕوانن، تەنانەت لە ترافیکێکدا ژنێک بۆ ماوەی چەند چرکەیەک بێ چاوتروکاندن سەیری کرد، ئەو گوتی "تائێستاش خەڵک کارکردنی ژنیان لەم جۆرە پیشانەدا بەلاوە نامۆیە، بەتایبەتیش کە ئۆتۆمبێلەکەم بۆ ئەم پاسە بچووکە گۆڕیوە".

هەڵاڵە بەهۆی ئەزموونی کاری لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا ڕای بەشێکی زۆری ژنانی شارەکەی لەسەر پیشەکەی دەزانێ و دەڵێت "ژنی دیکەش هەن حەز دەکەن ببنە شۆفێر، بەڵام بەهۆی ڕێگریی کەسوکاریانەوە ناتوانن ئەو کارە بکەن".

ئەو کچە خاوەنی چوار خوشک و چەند خوشکەزایەکە و بەنیازە ئەوانیش فێری شوفێری بکات "خوشکەکانیشم دەستخۆشیم لێدەکەن. خوشکێکم و دوو خوشکەزام و چەندین ژنی دیکەش حەزیان لێیە ببنە شۆفێر، لە بەرنامەمدایە بەم نزیکانە خولیان بۆ بکەمەوە".

هەڵاڵە هەر لەنێو چەمچەماڵ کار ناکات، بەڵکو دەچێتە دەرەوەی شاریش. ئەو گوتی "چەندینجار چوومەتە سلێمانی و کەرکووک، هەندێجاریش خەڵکم بۆ سەیران گواستووەتەوە".

هەڵاڵە تا ئێستا شووی نەکردووە، ئەو لەوبارەیەوە دەڵێت "ئەگەر کەسی باش هەبێت بێگومان دەمەوێت شوو بکەم، بەڵام بەو مەرجەی ناچارم نەکات واز لە کارکردن بهێنم".

شنۆ ئەحمەد کچە خوێندکارێکی تەمەن 19 ساڵە و ڕۆژانە لەگەڵ هەڵاڵە هاتوچۆ دەکات، دەڵێت "پێم ئاساییە لەگەڵ پیاوانیش هاتوچۆ بکەین، بەڵام لایەنی باشی ئەم شۆفێرانە ئەوەیە هاوڕەگەزی خۆمانن و بۆ قسەکردنیش ئازادترین".

لە شارۆچکەی چەمچەماڵ جگە لە هەڵاڵە، ژنێکی دیکەش نزیکەی چوار ساڵە بە ئوتومبیلی تایبەتی خوێندکاران و هاووڵاتیان دەگوازێتەوە، بەڵام بەختیار عەبدولکەریم کە شۆفێرێکی تەکسییە، تائێستا نەیدەزانی شۆفێری ئافرەت لە شارەکەیاندا هەن و بە زەردەخەنەوە گوتی "تائێستا شتی وام نەبیستووە، بەڵام لێرەوە دەستخۆشییان لێدەکەم و هیوادارم نموونەیان زۆر بێت".

شەماڵ محەممەد، برای هەڵاڵە پێشتر خوشکەکەی فێری شۆفێری کردووە، زۆر لە کاری خوشکەکەی ڕازییە و دەڵێت "سەرەتا لەلایەن خەڵکەوە قسەی زۆر دەکرا و دەیانگوت با ئەو ئیشە نەکات و ڕووبەڕووی تانەی زۆر بووینەوە، بەڵام گوێمان پێنەدا، چونکە ئێمە بۆ خۆمان دەژین و دەمانەوێت کلتووری عەیبە و ناکرێت، نەهێڵین".

# کوردستان بە شێوازێکی نوێ مامەڵە لەگەڵ ڕفێنراوانی ئێزدی دەکات

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

هەرێمی کوردستان لەمەودوا، بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئافرەتانی ڕزگاربووی دەستی داعش، کار بە پرۆتۆکۆڵێک دەکات کە ساڵی 2014 لەنێوان حکومەتی بەریتانیا و کۆمیسیۆنی باڵای پەنابەرانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکاندا ئیمزا کراوە.

ئەو پرۆتۆکۆڵە کە لە 141 لاپەڕە پێکدێت، وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردیش. لە دیباجەی پرۆتۆکۆڵەکەدا کە واژووی هەریەک لە ولیەم هەیگ، وەزیری پێشووی دەرەوەی بەریتانیا و ئەنجێلینا جولی نێردەی تایبەتی کۆمسیاری باڵای نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەرانی لەسەرە، هاتووە: "ئەم پرۆتۆکۆڵە نێودەوڵەتییە کە یەکەمین بەرهەمی لەم جۆرەیە، بەرهەمی دانایی و ئەزموونی سەدەها کەسە لە سەرتاسەری جیهاندا، ئێمە خۆشحاڵ دەبین کە سوپاسی زیاتر لە 200 پسپۆڕ، دەربازبوو و ڕێکخراو بکەین کە زانینی خۆیان لەگەڵ ئێمە بەش کرد و لە ئامادەکردنی ئەم پرۆتۆکۆڵەدا هاوکارییان کردین".

ڕاگەیاندنی ئەو پڕۆتۆکۆلە لە کاتێکدایە کە لە مانگی ئابی 2014دا چەکدارانی داعش شارۆچکەی شنگالیان داگیر کرد و بە هەزاران ئافرەتی ئێزدییان ڕفاند و لەو کاتەوە هەوڵ بۆ ڕزگارکردنیان دەدرێت. بەشێکیشیان ڕزگارکراون، یان خۆیان لە دەستی چەکدارانی داعش هەڵاتوون.

ئەمەل جەلال، ئەندامی ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەو پرۆتۆکۆڵە بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردنە لەگەڵ دۆسیەی ئەو ئافرەتانەی بەهۆی ململانێ چەکدارییەکانەوە ڕووبەڕووی دەستدرێژی و بە کۆیلەکردن بوونەتەوە، ئێستا هەرێمی کوردستان لەشەڕێکدایە لەگەڵ چەکدارانی داعش "بۆیە ئەو پرۆتۆکۆلە هاوکاریمان دەکات تا بزانین چۆن مامەڵە لەگەڵ ئافرەتانی ڕزگاربووی دەستی داعش بکەین، هەروەها لەڕووەکانی یاسایی و دەروونی و پزیشکییەوە ڕایانبهێنینەوە و پاشان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دۆسیەکەیان بە جینۆساید بناسێنین".

بە گوتەی ئەمەل، بیرۆکەی ئەو پرۆتۆکۆلە بۆ حکومەتی بەریتانیا دەگەڕێتەوە کە ساڵی 2013 دەستپێشخەرییان بۆ دانانی کردووە "چەندین پسپۆڕی نێودەوڵەتی لە بوارە جیاوازەکاندا لە دامەزراوەکانی سەر بە ئاژانسی نەتەوەیەکگرتووەکان ڕاسپێردراون بۆ نووسینی نێوەڕۆکەکەی، پرۆتۆکۆڵەکە بۆ ئەو وڵاتانەیە کە ململانێی چەکدارییان تێدایە و ژنان تێیاندا بوونەتە قوربانی".

ولیەم هەیگ کە لە ساڵی 2010 تاوەکو 2014 وەزیری دەرەوەی بەریتانیا بووە و یەکێکە لە داڕێژەرانی ئەو پرۆتۆکۆڵە، ساڵی ڕابردوو سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد. ئەمەل گوتی لە کاتی سەردانەکەی بەڕێز هەیگ باسی ڕووداوەکەی شنگال کرا، لەوێ باسی پرۆتۆکۆڵەکە کرا و ئەوان پێیان باش بوو بکرێتە کوردی، وەکو چۆن بۆ سەر زۆر زمانی دیکەی جیهان وەرگێڕدراوە.

ئەمەل باسی گرنگیی ئەو پڕۆتۆکۆڵەی کرد و گوتی "لەبەرئەوەی دەزگاکانی حکومەت بەرپرسیارێتیان لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کەیسەکان لەئەستۆیە، لە کاتی بە دۆکیۆمێنتکردنی بەڵگەنامەکاندا پێویستمان بەو پڕۆتۆکۆلەیە، ئێستاش دامەزراوە زۆرن کار لەسەر کۆکردنەوەی ئەو بەڵگەنامانە دەکەن، بەڵام بەشێوەیەکی زانستی کۆنەکراونەتەوە، پاشان چۆن بەڵگەنامە و نهێنییەکانیان و ناونیشانی ئەو کەیسانە دەپارێزرێن، چونکە زۆربەی ژنان و کچانی ڕزگاربوو ڕووبەڕووی دەستدرێژی بوونەتەوە یاخود باری دەروونییان باش نییە".

لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لیژنەی باڵای جینۆساید هەیە کار بۆ بەدواداچوونی کەیسەکانی جینۆساید دەکات، بەڵام ئەمەل پێشنیازێکی خۆیانی بۆ چۆنیەتی کارکردن لەسەر ئەو پرۆتۆکۆڵەکە خستەڕوو و گوتی "پێشنیازمان ئەوەیە لیژنەیەکی باڵا لە وەزارەتەکانی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و تەندروستی و ناوخۆ و لایەنە پەیوەندیدارەکان پێکبهێنرێت بۆ هەماهەنگی لەگەڵ ئەو لیژنە باڵایە، جگە لەوەش دەبێت ڕاهێنان بە کارمەندانی ئەو بوارە بکرێت، بەریتانیاش لە ڕووی ماددی و مەعنەوییەوە خۆیان بە بەرپرس دەزانن بۆ هاوکاریکردنمان".

لە ماوەی ڕابردوودا چەندین ژنی ڕزگاربووی دەستی داعش گەڕاونەتەوە، ئایا لەسەر بنەمای ئەو پرۆتۆکۆڵە کار لەسەر ئەو ڕزگاربووانەش دەکرێت؟ ئەندامەکەی ئەنجوومەنی باڵای خانمان گوتی "بەداخەوە تا ئێستا ئەو کارانەی بۆ ڕزگاربووان کراوە پەرشوبڵاون و کارێکی بە هەماهەنگییان بۆ نەکراوە، لەمەودوا تیمی گەڕۆک دروست دەکرێت بۆ ئەو ژنانەی ڕزگارکراون و ئێستا لە کەمپ و شارەکاندان بۆ وەرگرتنی چیرۆکەکانیان".

ئەو پڕۆتۆکۆلە لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و کونسوڵی گشتیی بەریتانیا ئیمزا نەکراوە تا پێویست بێت هەردوولا جێبەجێی بکەن، بەڵام سەبارەت بە ئەگەری جێبەجێنەکردنی لەلایەن حکومەتەوە، ئەمەل گوتی "هەر وڵاتێک ئەو پڕۆتۆکۆلە جێبەجێ نەکات خۆی زەرەر دەکات، چونکە چەندین زانیاری وردی بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کەیسەکان تێدایە، ئەگەر بەو پڕۆتۆکۆلە نەبێت ڕەنگە بەشێوەی هەڕەمەکی مامەڵە بکرێت، هەروەها ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیش بە مامەڵەکردن بەو پڕۆتۆکۆلەوە پابەند دەبن".



(فۆتۆ: سیڤان محەمەد سەلیم)

بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ئێزدییەکان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆژی 2016/3/24 تازەترین ئاماری ڕزگاربووانی ئێزیدی داوەتە ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان. بەپێی ئامارەکە، 6284 کوردی ئێزدی لەلایەن چەکدارانی داعشەوە ڕفێندراون کە 3464یان لە ڕەگەزی مێن و 2817شیان لە ڕەگەزی نێرن. دوای ڕووداوەکەش تائێستا 2575 کەس ڕزگارکراون کە 930یان ئافرەتن و 325یشیان پیاون، هەروەها 653 منداڵی کچ و 667 منداڵی کوڕ ڕزگار کراون.

کۆمەڵایەتی
ڕووداو
ژمارە (405) دووشـــەممە 2016/4/25



## لە گەشت هاوڕێکەی خۆی کوشت

**ڕووداو- سۆران**

پێنج هاوڕێ لە کاتی گەشتکردنیان لە ناوچەی بلێ، یەکێکیان چەکی هاورێیەکی بەکارهێناوە و بەهۆی دەرچوونی فیشەک لە چەکەکە هاوڕێیەکی خۆی کوشتووە. ڕائید سـەعدون نەبی بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پۆلیسـی سـۆران بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند ڕۆژی 2016/4/22 پێنج هاوڕێ لە هاوینەهەواری مەسـیف سـەڵاحەددین بەمەبەستی گەشتکردن ڕوویان کردووەتە ناوچەی بلێ، ناوبراو گوتی "لە کاتی گەشتەکەیاندا یەکێکیان چەکی پێبووە، گەنجێکیشیان دەستکاری چەکەکەی کردووە و فیشـەکێک دەرچووە و بەر هاوڕێیەکیان کەوتووە و گیانی لەدەسـتداوە، هەر چوار گەنجەکەش دەستگیرکراون، بەڵام تۆمەتبارەکە گوتوویەتی ڕووداوەکە قەزا و قەدەر بووە".



موقەدەمی مافپەروەر
ژیلەمۆ عەبدولقادر

## خەتەنەکردنی کچێک

ئافرەتێک پەیوەندی بـە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونـەوەی توندوتیژی دژی ژنانەوە کرد و گوتی ئەمڕۆ پیرەژنێک لە کۆڵانەکەیان منداڵێکی خەتەنە کرد، ئەویش لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە بیستوویەتی کە خەتەنە زیانی زۆری هەیە و بەپێی یاسـاش قەدەغەکراوە، بۆیە گوتی "بەپێویسـتم زانـی ئێوە ئاگادار بکەمەوە".

کاتێک داوا لە ژنەکە کرا وەکو هەواڵدەرێک زانیـاری لەسـەر ئـەو ژنـە بداتـە لایەنـی پەیوەندیـدار بـۆ ئەوەی ئیجرائاتی یاسـایی بەرامبـەر بکرێ، ژنەکە بـە بیانووی ئەوەی تووشـی کێشـە دەبێت لەگەڵ دراوسێکەی، ئامادە نەبوو هیچ زانیارییەک بدات.

ژنەکـە ئاگادارکرایـەوە کـە لـە دادگا تۆمارێـک هەیـە، لـەوێ دەتوانـی وەکـو هەواڵـدەر زانیاری بدەی، بەبێ ئەوەی ناوت لـە تۆمارەکەدا بنووسـرێ، تەنیا کۆدێک بۆ زانیارییەکانـت دادەنـرێ، جگـە لـە دادوەر کەسـی دیکە نازانێـت تـۆ هەواڵدەرەکەی. ژنەکە قەناعەتی هات کە بەو ڕێگەیە زانیاری لەسەر پیرەژنەکە بدات.

ئـەو ژنـە گوتـی "دەمێکـە لـە ژنانـی گەڕەکـم بیسـتووە کە ژنێکی بەسـاڵاچووی گەڕەکەکەمـان منداڵی کـچ خەتەنە دەکات، ئەمڕۆش ژنێکی دراوسـێمان بۆی باسـکردم کـە تـازە منداڵێکـی خەتەنـە کـردووە، بۆیـە خـۆم پێنەگیـرا و بەڕێوەبەرایەتـی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنانم لێ ئاگادار کردەوە".

دوای ئەوەی ناو و ناونیشـانی پیرەژنەکە لـە هەواڵدەرەکـە وەرگیـرا، دادوەر بڕیاری دا بـە دەسـتگیرکردنی پیرەژنەکـە بەپێـی مـاددە حەوت لە یاسـای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی لە هەرێمی کوردستان.

لێکۆڵینەوە لەگـەڵ ئافرەتە بە تەمەنەکە دەستی پێکرد، ئەو گوتی ڕاستە ئەمڕۆ ژنێک منداڵەکەی هێناوە بۆی خەتەنە بکەم، بەڵام من سـەرەتا ڕەتمکـردەوە خەتەنەی بکەم، بـەڵام ئافرەتەکـە نەڕۆیشـت و سـوور بوو لەسـەر ئەوەی کچەکەی بـۆ خەتەنە بکەم. منیـش خەتەنەم کرد، بـەڵام پارەیەکی زۆر کەمـی دامێ. ئێسـتاش زۆر پەشـیمانم لەو کارە، جارێکـی دیکە یەک منداڵیش خەتەنە ناکەم. ئافرەتە بە تەمەنەکە خۆی وا نیشان دەدا کـە ئێسـتا خەتەنە نـاکات و دەیگوت ئێسـتا خەڵـک زۆر بە کەمـی منداڵەکانیان خەتەنـە دەکـەن، منیـش لـە کارەکـەم سـاردبوومەتەوە و کەمتر لـە جاران تاقەتی خەتەنەکردنـم هەیـە. بەڵام مـن نەمزانیوە خەتەنە قەدەغە کراوە.

لـە قسـەکانی ئـەو ژنـەوە دەردەکەوێت یاسـای بەرەنگاربوونـەوەی توندوتیـژی خێزانی کـە خەتەنەی بە توندوتیژی هەژمار کـردووە، هەروەهـا هەڵمەتـی دەزگاکانـی ڕاگەیانـدن و ڕێکخراوەکانـی ژنان و هەندێک لە مامۆسـتایانی ئاینی، کاریگەری بەرچاوی هەبووە لەسـەر کەمبوونەوەی خەتەنەکردنی کچان. بەڵام هێشـتاش دایـکان و باوکانێک هەن بە پاساوی ئایین منداڵەکانیان خەتەنە دەکەن.

دۆسـیەی ژنەکە ڕەوانەی بەردەم دادوەر کـرا، ئەویش بڕیـاری دا بـۆ ماوەیەک بەند بکرێ، دواتر ئافرەتەکە بە کەفالەت ئازادکرا تاوەکـو ڕۆژی دادگایـی، دەبێ هـەوڵ بدات لـەو ماوەیـەدا ئـەو ژنـەش بدۆزێتـەوە کە منداڵەکـەی بۆ خەتەنە کردبـوو، بۆ ئەوەی ئیجرائاتی یاسایی بەرامبەر ئەویش بکرێ.

بەپێـی مـاددە دوو لـە یاسـای بەرەنگاربوونـەوەی توندوتیـژی دژی ژنـان لـە هەرێمـی کوردسـتان، خەتەنەکـردن بـە توندوتیـژی دادەنرێـت. سـزای ئـەو توندوتیژییـەش لـە مـاددە شەشـی هەمان یاسـا دیاری کراوە. لە بڕگەی سـێیەمی ئەو ماددەیـەدا هاتووە "هەر کەسـێک مێیینەی ناکامـی خەتەنە کـرد، یان بەشـداریی تێدا کرد، سزا دەدرێت بە بەندکردن بۆ ماوەیەک لە ساڵێک کەمتر نەبێت و لە سێ ساڵ زیاتر نەبێت، غەرامەیەکیشـی لێ وەردەگیرێت کە لـە پێنج ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە 10 ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، یان بە یەکێک لەو دوو سزایە".

*** بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

# لە شەڕی نێوان دوو برادا ئامۆزایەکیان دەکوژرێت

پشتیوان جەمال
ڕووداو- هەولێر

لە گوندێکی شاری هەولێر دوو برا لەسەر شەڕی نێوان منداڵەکانیان دەبێتە دەمەقاڵێ و شـەڕیان، ئامۆزایەکیـان نێوبژیوانییـان دەکات، بەڵام یەکێک لە براکان تەقە دەکات و بەو هۆیـەوە نێوبژیکارەکـە دەکوژرێت و براکەی و گەنجێکی دیکەش بریندار دەبن.

ئـەو ڕووداوە شـەوی 2016/4/11 لـە گوندی سـێبیران ئاغای سـەر بـە ناحیەی شـەمامکی شـاری هەولێـر ڕوویـدا. لـە ڕووداوەکەدا کەسێک بەنێوی ئەحمەد عەزیز، تەمەن 50 سـاڵ کە پێشـمەرگە بوو کوژرا، هەروەها کەسـێکی دیکە بەنێـوی جەوهەر نادر کـە دەگوتـرێ بـرای تۆمەتبارەکەیە، لەگەڵ گەنجێکی تەمەن 18 سـاڵان بەنێوی تاریق زیاد بریندار بوون. دوای ڕووداوەکەش (ج.نـادر) کە تۆمەتبـاری ڕووداوەکەیە، بۆ شوێنێکی نادیار هەڵهاتووە.

نەقیـب هۆگـر عەزیـز گوتەبێـژی بەڕێوەبەرایەتـی پۆلیسـی پارێزگای هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لە گوندی سـێبران ئاغـا برایـەک سـەردانی ماڵـی برایەکـی کردووە، لەوێ منداڵەکانیان بەشەڕهاتوون، دواتر شـەڕەکە بووەتە شـەڕی گەورەکان و چەکی تێدا بەکارهاتـووە، ئامۆزایەکیان کە نێوبژیوانـی کـردوون، بەهـۆی تەقەکانەوە کـوژراوە، یەکێـک لە بـراکان و کەسـێکی دیکـەش بریندار بـوون، تۆمەتباریش دوای ڕووداوەکە هەڵاتووە و خۆی شاردووەتەوە".

هاووڵاتییەکـی ئـەو گونـدە کـە خزمـی گەنجە برینداره‌کەیە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، دوو منداڵی تۆمەتبارەکە لە کاتی یاریکردندا لەگـەڵ منداڵانـی دیکە تووشـی دەمەقاڵێ بوون، برایەکـی تۆمەتبارەکە کە دوکاندارە دوای لێکجیاکردنەوەیـان لە برازاکانی تووڕە بووە و چەند زللەیەکی لێداون، منداڵەکان بە گریـان چوونەتەوە لای باوکیان و گوتوویانە مامیان لێی داون.

ئەو هاووڵاتییـە گوتی "باوکی منداڵەکان چەکـی هەڵگرتووە و چووەتـە لای براکەی بـۆ ئـەوەی بزانێت بۆچـی لـە منداڵەکانی تـووڕە بـووە و بـەو هۆیـەوە دەمەقاڵـێ لەنێوانیانـدا ڕوویداوە، دواتریش ئامۆزایەکی دیکەیـان کـە ماڵیـان لە نزیـک ڕووداوەکە بووە ویستوویەتی ناوبژییان بکات، بەڵام لە کاتی تەقەکردنی بکوژەکەدا ئەو ئامۆزایەیان کـوژراوە و برای بکوژەکەش بریندار بووە و گەنجەکـەی خزمی ئەوانیـش کە لەو کاتەدا بەوێدا تێپەڕیوە، بریندار بووە".

هەفتەیـەک دوای ڕووداوەکـەش هێشـتا بـرای بکوژەکـە کـە برینـدار بـووە، لـە نەخۆشـخانە لەژێـر چارەسـەریدا بـوو. یوسـف جەوهـەر، کـوڕی بریندارەکە وەکو شـایەتحاڵێکی ڕووداوەکـە بـە (ڕووداو)ی گـوت کە باوکـی ئامۆژگاریـی برازاکانی کردووە بۆ ئەوەی شەڕ نەکەن. دوای نوێژی مەغریبیش هاتووەتەوە بۆ ماڵەوە. سـەرەتا مامـم چووبـووە دوکان و بـرا بچووکەکانم لـەوێ بـوون قسـەی پێگوتبوون، پاشـان باوکم گوێـی لێبوو گوتی بزانم چییە، بەڵام لـە دوکان بـووەوە دەمەقاڵێیان و پاشـان ئامۆزاکەیان هاتبووە ناوبژیوانی و مامیشـم دەسـتی بە تەقـە کـرد و ئامۆزاکەی کوژرا و باوکیشـم فیشـەک بەر قاچ و دەسـت و سکی کەوت".

ماڵـی کوژراوەکـە لـە نزیـک شـوێنی ڕووداوەکە بووە. بە گوتەی بازیان ئەحمەدی کـوڕی، ئەوان لە ماڵەوە بوون و باوکیشـی لە کاتی دەنگە دەنگدا ویسـتوویەتی بچێت نێوبژیوانییـان بـکات، بەڵام لـەوێ یەکێک لـە ئامـۆزا شـەڕکەرەکانی تەقـە دەکات و فیشـەکێک بەر مـل و یەکێکیـش بەر دڵی باوکی دەکەوێت.

بازیـان دەڵێت لە خوێنـی باوکی خۆش نابـن، بەڵام بۆ وەرگرتنەوەی مافی باوکیان پەنایـان بردووەتـە بەر یاسـا و سـکاڵایان تۆمار کردووە "چاوەڕێین یاسـا کاری خۆی بکات و سزای بکوژ بدات".



## خنکا یان خۆی خنکاند؟

# گومان لە خنکانی شوانێک دەکرێت

عومەر چاوشین
ڕووداو- ڕاپەڕین

هەمـوو هەوڵێکی دڵـزار بـۆ پەیداکردنی پـاروو نانێک بوو بـۆ خێزانەکەی کە دوای مردنـی باوکـی، بەخێوکردنیـان کەوتبـووە ئەسـتۆی ئـەو. دڵـزار ماوەیـەک بـووە پێشـمەرگە، بـەڵام زوو وازی هێنـا و دواتر گۆپاڵـی شـوانێتی هەڵگـرت، کەچـی ئـەو پیشەشـی هەر 10 ڕۆژ درێژەی کێشـا و لە ڕووداوێکی تەمومژاویدا لە ژێر ڕەشـماڵێکدا خنکا.

بەرەبەیانی 2016/4/19 تەرمی گەنجێکی تەمەن 21 ساڵ بەنێوی دڵزار خالید مەغدید، لەژێـر ڕەشـماڵی مەڕدارێکی گونـدی بۆتێی سەر بە ناحیەی سەرکەپکان لە قەزای ڕانیە دۆزرایەوە.

کەسـوکارەکەی هەرچەنـدە دەڵێن دڵزار بـاری ئابووریی زۆر خراپ بووە و ڕەنگە هەر بەو هۆیەشەوە خۆی خنکاندبێ، بەڵام کاتێک تەرمەکەیان بینیوە گومانیان بۆ دروستبووە کە ڕەنگە خنکێنرابێ. تەرمی شوان لە بەشی دادپزیشـکی نەخۆشـخانەی گشـتیی ڕانیـە توێکاری سـەرەتایی بۆ کرا، بەڵام بۆ زانینی هـۆکاری ڕووداوەکـە ڕەوانـەی پەیمانگـەی دادپزیشکیی سلێمانی کرا.

حەسـەن مەغدیـد، مامـی دڵـزار، هـەر لـەو گوندەی دڵزاری لێی شـوان بـووە، بە ئاژەڵدارییـەوە خەریکـە. ئەو گوتـی باوکی دڵزار لـە ژیاندا نەماوە، ئەرکی بەخێوکردنی ئـەو خێزانـە کـە چـوار کەسـن دەکەوێتە ئەسـتۆی دڵزار. ماوەیەک بووە پێشـمەرگە، بـەڵام وازی هێنـاو پێی باشـتر بـوو ببێتە شـوان، نزیکـەی 10 ڕۆژ بوو ببووە شـوانی ماڵێکی دانیشتووی گوندی بۆتێ.

حەسـەن گوتیشـی "ئەو ماڵە دەیانزانی بـاری ئابووریـی دڵـزار خراپـە، بۆیـە زۆر هاوکارییان دەکرد و زۆریش ڕێزیان لێدەگرت، تەنانـەت وەکو کوڕی خۆیان حیسـابیان بۆ دەکـرد، بـەڵام ئەو شـەرمی دەکـرد لەنێو خانووەکـەی ئەوان لەگـەڵ ئەواندا بخەوێت، بۆیە ڕەشـماڵیان بە تایبەتی بۆ حەوانەوەی هەڵدابوو".

بـە گوتـەی حەسـەن، هەرچەنـدە دڵزار شـوانی ئەو ماڵە بووە، بەڵام شـەوان کەمتر لـەو ماڵـە دەمایـەوە و بەهۆی ئەوەشـەوە تەلەفزیۆنی نەبوو، بۆ سەیرکردنی تەلەفزیۆن دەهاتـە ماڵـی ئـەوان و سـەیری دراماکانی دەکرد، تـا درەنگ لەوێ دەمایـەوە و دواتر دەچووە ژێر ڕەشماڵەکەی خۆی.

حەسـەن گوتی "ئەو شەوە دڵزار ئاسایی بوو، هیچ شـڵەژانی پێوە دیار نەبوو، باسی هیچیشـی نەکـرد. بەرەبەیـان مەڕدارەکـە وەکـو ڕۆژانی دیکـە بانگی دڵـزاری کردبوو بـۆ ئـەوەی ئاژەڵەکان بباتـە دەرەوە، بەڵام هیـچ وەڵامـی نەبـوو، دواتـر تەلەفۆنـی بۆ کردبـوو، وەڵامی تەلەفۆنیشـی نەدابووەوە، کاتێک دەچێتە ژێر ڕەشماڵەکە دەبینێ دڵزار لەسـەر قەرەوێڵەکەی کەوتووە و پەتێکی بە ملەوەیە".

حەسـەن یەکەم کەسی ئاواییەکە بووە لە ڕووداوەکە ئاگادار کراوەتەوە، بە گومانەوە لە ڕووداوەکە دەڕوانێت و دەڵێت "چۆن کەسێک خـۆی بخنکێنێ پەتەکەی ملـی دەبێتەوە و دادەنیشـێ". گوتیشـی "ئێمـە و دڵزاریـش هیـچ کێشـەمان لەگەڵ کەس نییـە، خاوەن ماڵەکەش کێشەی لەگەڵ دڵزار نەبووە، بەڵام شـێوازی مردنەکەی بۆ ئێمـە جێی گومانە، دوای تەواوبوونی پرسەکەی بەدواداچوونی بۆ دەکەین، ئەگەر دەرکەوت کەسـێک دەسـتی لـە ڕووداوەکەدا هەیە، بـە هیچ جۆرێک لێی خۆشـنابین". بـەڵام گوتیشـی "ڕەنگە دڵزار خۆیشـی خنکاندبێ، چونکە بـاری ئابووری زۆر خراپ بوو، ڕۆژانەی شـوانییەکەی تەنیا 10 هـەزار دینار بوو، ئەو پارەیەش بەشـی هیچ ناکات.

گونـدی بۆتێ کە تەنیا پێنج ماڵی تێدایە، سـەرجەمیان بـە ئاژەڵدارییـەوە خەریکن و هەندێک لە ئاژەڵدارانیش شـوانیان گرتووە. بەڵام دانیشـتووانەکەی دەڵێن هیچ کێشەیان نییە و پێدەچێ ئەو شوانە خۆی خنکاندبێ.

ئەحمـەد کالـە کـە ئەنجوومەنـی گوندی بۆتێیـە گوتـی "ئـەو کـوڕە ڕۆژی بـە 10 هـەزار دینار شـوان بووە، ماڵـی یەکێک لە مامەکانیشی بەشـێوەی کاتی لە گوندەکەی ئێمەدا مەڕداری دەکەن، بەڵام دڵزار لای ئەو نەبووە". گوتیشی "ئەو کوڕە باری دارایی زۆر خراپ بوو، ئەرکی بەخێوکردنی خێزانێکی لە ئەسـتۆ بوو، بۆیە لەو باوەڕەداین هەر لەبەر هەژاری خۆی خنکاندبێ".

نەقیبـی پۆلیـس کاروان مەحمـود، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسـی ڕاپەڕین گوتـی، لەلایـەن خەڵکـەوە هـەواڵ درابووە تیمەکانـی نەهێشـتنی تـاوان لـە ناحیـەی سـەرکەپکان لەبـارەی ڕووداوێکـی مـردن، تەرمەکە گەیەندرایە بەشی پزیشکی دادوەری لە نەخۆشخانەی گشتیی ڕانیە و دەرکەوت بە پـەت خنکاوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕووداوەکە گوماناوییە، تەرمەکەی بەڕێکرا بۆ پەیمانگای پزیشـکی دادوەریی سـلێمانی بەمەبەسـتی دەستکەوتنی زانیاری زیاتر. گوتیشی "کەس داوای تۆمار نەکردووە و کەسـیش دەستگیر نەکـراوە، پۆلیـس دۆسـیەی بـۆ ڕووداوەکە کردووەتەوە و پەتەکە و مۆبایلی شـوانەکەی بردووە".



# ئایا جەنگی عێراق لە دۆکیومێنتە نهێنییەکەی 1992دا هەبوو؟

ڕووداو- ناشناڵ ئینترێست


زاڵمای خەلیلزاد، باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە ئەفغانستان و عێراق، لە بەشێکی کتێبە نوێیەکەیدا لەژێر ناوی "نێردە" ئاماژە بە "ڕێنوێنیی پلاندانانی بەرگری"ی ئەمریکا لەساڵی 1992 دەکات کە ئۆفیسی خەلیلزاد بۆ وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا ئامادەی کردبوو. لە ڕێنوێنەکەدا بژارەکانی بەردەستی ئەمریکا بۆ دانانی پلانی بەرگریی لە نێوان 1994 بۆ 1999، واتە قۆناغی دوای جەنگی سارد، خرابووەڕوو.

لەو بەشەی کتێبەکەیدا، خەلیلزاد دەڵێت دوای ڕووخانی سۆڤیەت هەستی کردووە کاردانەوەی ئەمریکا بەرامبەر ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیەت و کۆتایی جیهانی دوو جەمسەری زۆر ساردوسڕ بووە. خەلیلزاد کە ئەوکات پلاندانەری پێنتاگۆن بووە، نیگەرانی ئەوە بوو کە ئەمریکییەکان هەست بە گەورەیی ڕووداوەکە نەکەن و لەوێشەوە ئەو دەرفەتە نەقۆزنەوە کە ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیەت بۆ ئەمریکای دەستەبەر کردبوو.

باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە بەغدا و کابول، پێیوابووە ئەمریکا دەبێت سەرکردایەتیی جیهان وەربگرێت و لیبراڵیزم پەرە پێبدات کە واشنتن و هاوپەیمانەکانی لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی دەستیان بە بنیاتنانی کردبوو.

بەگوێرەی زاڵمای خەلیلزاد، جۆرج بوشی باوک قۆناغی دوای ڕووخانی سۆڤیەتی بە "نەزمی نوێی جیهان" ناوبردبوو، سووریش بوو لەسەر ئەوەی نابێت ژمارەی بنەڕەتی هێزەکانی ئەمریکا دوای جەنگی سارد لە 1.6 ملیۆن کەس کەمتر بێت، بەڵام "سەبارەت بە ئامانجی سیاسەتی ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا و هۆکاری هەبوونی ئەو قەبارە هێزە بۆچوونێکی ڕوونی نەبوو".

وەکوو خەلیلزاد باسی دەکات، ڕەوشی نوێی جیهان کۆنگرێسی ئەمریکاشی بەسەر دوو لایەندا دابەش کردبوو، لەلایەکەوە دیموکراتەکان دەیانویست قازانجە مادییەکانی ئەم قۆناغە نوێیە بۆ ئەولەویەتە ناوخۆییەکان خەرج بکرێت، بەڵام دژبەرەکانیان خوازیاری ئەوە بوون بەرگری لە بودجەی سەربازیی ئەمریکا بکەن، بەڵام ئیدارەی بوشی باوک هیچ بنەمایەکی ئەوتۆی نەخستبووەڕوو بۆ ئەوەی ئەوانیش بتوانن لە ڕێگەی ئەو بنەمایانەوە بەرگری لە هەڵوێستی خۆیان بکەن. بەبۆچوونی زاڵمای خەلیلزاد "گەورەترین تەحەدا لەو کاتەدا ئەوە بوو بتوانین لەو جۆرە بیرکردنەوەیە دەربچین کە لەسەر بنەمای بوونی هەڕەشە دامەزرابوو، بۆ ئەوەی بتوانین لە چوارچێوەی بەکارهێنانی دەرفەتەکانی دروستکردنەوەی جیهاندا بیربکەینەوە".




ڕێنوێنەکە لە نێوان زستانی 1991 هەتا سەرەتاکانی ساڵی دواتر کاری لەسەر کراوە و تێیدا ژمارەیەک سیناریۆ خراونەتەڕوو، بۆ ئەوەی بەپێی ئەم ئەگەرانە توانا و پێکهاتەی هێزە سەربازییەکان تاقی بکرێتەوە. بەگوێرەی خەلیلزاد زانیارییەکانی ناو ڕاپۆرتەکە پێشبینی نەبوون، تەنانەت داواشی لە ئەمریکا نەدەکرد لەگەڵ وەدیهاتنی سیناریۆکان یەکسەر ئەو کاردانەوەیەی هەبێت کە لە ڕێنوێنەکەدا هاتبوو، بەڵکو ئامانج تەنیا پێدانی بەرچاوڕوونی بوو بە سەرۆکی ئەو کاتی ئەمریکا، بۆ ئەوەی ئەگەر ویستی هێز بەکاربهێنێت بزانێت چ جۆرە هێز و توانایەکی سەربازی لەبەردەستە.

خەلیلزاد وەکوو نموونەیەک بۆ دەستەوەستان مانەوەی ئەمریکا لە ئاست ڕووداوەکان ئاماژە بە ڕووداوەکانی دوای جەنگی کەنداو دەکات کە تێیدا هەزاران شیعە کوژران و کوردیش ناچار بە کۆڕەو بوون، تەنیا لەبەر ئەوەی ئەمریکا هیچ ڕوئیایەکی ڕوونی نەبوو ئاخۆ دەبێت سەدام لەسەر کورسی بمێنێتەوە یان نا، ئەمە جگە لەوەی پێنتاگۆنی ئەمریکاشی تووشی کەرتبوونێکی قووڵ کردبوو.

خەلیلزاد دەنووسێت "بۆ ئەوەی ئەم دوودڵییە ڕوونەداتەوە، لەساڵی 1992 ستراتیژێکی نوێم دارشت کە دەمویست لە ڕێنوێنەکەدا پەیڕەو بکرێت". وەکوو پلاندانەری پێنتاگۆن، خەلیلزاد بەو ئەنجامە گەیشتبوو کە ئەمریکا بە تەنیا ناتوانێت هێزێکی هەژموونی بێت لە جیهاندا، هەر بۆیە بیری لە ستراتیژێک کردبووەوە کە ئەمریکا تێیدا سەرکردایەتی بەڕێوەبردنی ستراتیژەکەی دەکرد. ستراتیژەکە لەم خاڵانەی خوارەوە پێکهاتبوو:

– پاراستنی ئاشتی لە نێوان زلهێزەکاندا و کاری هاوبەش لەبەرامبەر ئەو کێشانەی سەرهەڵدەدەن.

– فراوانکردنەوەی زۆنی دیموکراتیکی ئاشتی، بۆ ئەم مەبەستەش دەبووایە ڕێگری لە هێزی دژبەری عێراق لە ناوچەیەکی وەکوو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکرێت کۆنترۆڵی تەواوی لەدەستدا بێت. ئەمەش وای دەخواست ئەمریکا ئامادەییەکی سەربازی بەرفراوانی لە ناوچەکەدا هەبێت و لەناوخۆشدا ئابوورییەکی بەهێزی هەبێت.

ڕەشنووسی ڕێنوێنەکە بە نهێنی مایەوە، بەڵام چەند بەشێکی گرنگی لە ڕاگەیاندن بڵاوکرانەوە. ستراتیژەکە ئەوە بوو ئەمریکا هاوپەیمانێتییەکانی خۆی بپارێزێت و هاوکات کۆمەڵێک بیرۆکەی دوورمەوداشی لەخۆگرتبوو. گرنگترین بیرۆکەش پەیوەندی بە ڕووسیاوە هەبوو. بەگوێرەی ستراتیژەکە ئەمریکا نەدەبووایە ڕێگە بدات ڕکابەرێکی هاوتای بۆ دروست ببێتەوە، نەکا ئەو ڕکابەرە "هەڕەشەیەکی هاوشێوەی ئەو هەڕەشانە بکاتەوە کە پێشتر یەکێتیی سۆڤیەت دەیکردن". بە مانایەکی دیکە ڕێنوێنەکە دەیویست ڕێگە لە دروستبوونەوەی جیهانێکی دوو، یان فرەجەمسەری بگرێ.

لەو پاکێجەی تیمەکەی خەلیلزاد ئامادەیان کردبوو، بایەخێکی زۆریش بە بەهاکان درابوو، لەبەر ئەوەی بە بۆچوونی ئەوان "ڕێزگرتن لە یاسا نێودەوڵەتییەکان و بڵاوبوونەوەی فۆرمە دیموکراتیکەکانی حوکمڕانی هۆکاری سەرەکین بۆ ئەوەی ڕێگە لە شەڕ و پێکدادان لەو ناوچانەدا بگیرێت کە بۆ ئاسایشی ئەمریکا گرنگن."

وەکوو خەلیلزاد باسی دەکات، ئەگەرچی ڕاپۆرتەکە سەرەتا لە وەزارەتی بەرگری پێشوازییەکی باشی لێکرا، بەڵام دوای بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتێک لە ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز ڕەوشەکە هەم لە ئەوروپا و هەمیش لەنێو دامەزراوەکانی حکومەتی ئەمریکا گۆڕانی بەسەردا هات. ئەوروپییەکان نیگەران بوونە لەوەی ئەمریکا لە ڕێگەی ستراتیژە نوێیەکەوە بیەوێت ئەوروپییەکان لابدات. ئەمریکییەکانیش پێیانوابووە ئەو ستراتیژە تەنیا بۆ ئەوە بووە پاساو بۆ بودجە زۆرەکەی وەزارەتی بەرگری ببینێتەوە.

سەرەڕای هەموو ناڕەزاییەکان، دیک چینی کە جێگری بوشی کوڕیش بوو، بەرگری لە دۆکیومێنتەکە کرد، بەڵام داوای کردبوو زمانی دارشتنی ڕاپۆرتەکە وردتر بێت، ئەمەش وایکردبوو زۆربەی ئەو خاڵانە بگەڕێنەوە نێو ڕاپۆرتەکە کە پێشتر لە کاتی پێداچوونەوەی ئاژانسەکانی دیکەی حکومەتدا لادرابوون.

زاڵمای خەلیلزاد دەڵێت زۆربەی ئەو سیناریۆیانەی ئەوان لە ڕێنوێنەکەی خۆیاندا باسیان کردبوون، دواتر ڕوویاندا، بەڵام هیچکام لە سەرۆکەکانی ئەمریکا نەیانتوانی ڕێگە لە سەرلەنوێ دەرکەوتنەوەی ڕووسیا وەکوو زلهێزێکی جیهانی بگرن. خەلیلزاد پێیوایە زۆر کەس بە هەڵە پێیانوایە ڕێنوێنەکەی ئەوان هۆکار و پاڵنەری هێرشەکانی 2013 هاوپەیمانان بۆ سەر عێراق بووە، لە کاتێکدا "11ی سێپتەمبەر هۆکاری هێرشکردنە سەر عێراق بوو، نەک شتێکی کۆنتر".

نووسەرەکەی کتێبی "نێردە" ئاشکرای دەکات کە لە سەرەتای هاتنە سەرکاری بوشی کوڕدا، لێدانی عێراق لە ئەجێندای کۆشکی سپیدا نەبووە. خەلیلزاد لەو سەروبەندەدا هاوکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکا بووە و دەڵێت ڕەوشی ئەوکاتی عێراق وای کردبوو کە خەڵکی عێراق لە نێوان دوو دۆزەخدا گیر بخۆن، لەلایەکەوە سەدام و لەلایەکی دیکەشەوە ئابڵوقەی ئابووری. بەڵام هیچکام لە ئەندامانی تیمی ئامادەکاری ڕاپۆرتەکەی 1992 لە کاتی سەرۆکایەتی بوشی کوڕ، پشتگیرییان لە هێرشی بەربڵاو بۆ سەر عێراق نەکرد.

باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە عێراق دەشڵێت کە هەتا پێش هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەر، مشتومڕێکی زۆر لەسەر ستراتیژیی ئەمریکا بۆ عێراق لەئارادابوو، بەڵام هێرشی بەربڵاوی سەربازی هیچکات یەکێک لە بژارەکان نەبوو، ئەگەرچی یەکێک لە بژارەکان گۆڕینی ڕژێمی سیاسی بوو لە عێراق.

بەڵام هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەر هەموو دیبەیتەکانی گۆڕی. لە دوای ئەو هێرشانە کۆمەڵێک کۆبوونەوەی نهێنی لەسەر ئاستی بەرپرسانی باڵای ئەمریکی بەڕێوەچووە کە خەلیلزاد ئەندامێکی کۆمیتەی ڕێکخەری کۆبوونەوەکان بووە. لەم کۆبوونەوانەدا ڕێککەوتن لەسەر سێ خاڵ کراوە:

یەکەم: سوپای عێراق دەبێت لە چەک دابماڵرێ.

دووەم: دەسەڵاتی سیاسی لە عێراق دەبێت بگۆڕدرێت و سیاسەتی جڵەوکردنی سەدام چیدی کاری پێناکرێت.

سێیەم: دەستەیەکی نوێنەرایەتی بنکە فراوان بۆ ئیدارەی عێراق پێکبهێنرێ.

لە کانوونی یەکەمی 2002 سەرۆکی ئەمریکا زاڵمای خەلیلزادی وەکوو "نێردەی تایبەتی سەرۆک بۆ لای عێراقییە ئازادەکان" دیاری کردبوو، لەو کاتەدا خەلیلزاد هەستی کردبوو ئەمریکا بە نیازی هێرشکردنە سەر عێراقە.

خەلیلزاد لە کۆتایی ئەم بەشە لە کتێبەکەی جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی "ڕێنوێن"ەکەی ئەوان وای لە ئیدارەی بوشی دووەم نەکرد لە عێراق بدات، بەڵکو هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەر ئەو قەناعەتەی دروستکرد.

# لیبیا گرێ دەروونییەکەی ڕۆژئاوا

ڕێبوار قاسم
ڕووداو- هەولێر

لە ماوەی کەمتر لە سێ ڕۆژی هەفتەی ڕابردوودا، وەزیرانی دەرەوەی فەرەنسا، ئەڵمانیا و بەریتانیا سەردانی لیبیایان کرد، بۆ ئەوەی پشتگیری لە "حکومەتی ڕێککەوتنی نیشتمانی" بکەن کە بە پشتیوانی و ناوبژیوانیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کانوونی یەکەمی پارساڵ دامەزرا، بەڵام بەگوێرەی ڕێککەوتنەکە، حکومەتە هاوپەیمانییە نوێیەکەی لیبیا پێویستی بە دەنگی 100 پەرلەمانتاری پەرلەمانی تۆبروق هەیە. ئەمە کێشەیەکە و بەرپرسانی ئەورووپی نازانن ئاخۆ پێویستە چەند هەفتە (یان چەند مانگ)ی دیکە چاوەڕێ بکەن، یان یەکسەر پشتگیری لە حکومەتە نوێیەکە بکەن، بەبێ ئەوەی چاوەڕێی دەنگی دەسەڵاتێکی یاسایی بن.

## نمایشی پیسی لیبیا

لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ تەلەفزیۆنی فۆکسی ئەمریکی، کاتێک پێشکەشکارەکە لە باراک ئۆباما، سەرۆکی ئەمریکا، دەپرسێت خراپترین هەڵەی ماوەی سەرۆکایەتییەکەی چی بووە، ئۆباما لە وەڵامدا گوتی "خراپترین هەڵەم ڕەنگە ئەوە بووبێت نەمانتوانی بۆ ڕۆژی دواتری دەستێوەردانی سەربازی لە لیبیا پلانێک دابنێین". پێشتریش بە گۆڤاری ئەتلانتیکی گوتبوو "ئۆپەراسیۆنەکەی لیبیا جێی خۆی نەگرت"، تەنانەت لە کۆبوونەوەیەکی داخراوی کۆشکی سپیدا دیمەنەکانی دوای کەوتنی قەزافی بە "نمایشێکی پیس" وەسف کردبوو.

پرسیارەکە ئەوەیە چی وای کرد ڕووداوەکانی لیبیا بگۆڕێن بۆ "نمایشێکی پیس"؟

وەڵامی کۆشکی سپی بۆ ئەم پرسیارە ئەمەیە: تایفەگەری لە لیبیا و مامەڵەکردنی نابەرپەرسیارانەی هاوپەیمانێتی ناتۆ و بەتایبەتیش ئەوروپییەکان. ئەم وەڵامە بۆ دڵنەوایی ئۆباما باشە، بەڵام ڕێک لەبەرئەوەی بۆ دڵدانەوەیە، کۆمەڵێک خاڵی سەرەکی لە هەڵەکانی ئەمریکا و ڕۆژئاواشدا دەشارێتەوە.

هێرشەکانی 2011ی لیبیا، سێیەم ئەزموونی واشنتنە لە ماوەی کەمتر لە 15 ساڵدا کە تێیدا دەسەڵاتی سیاسیی وڵاتێک بەهۆی هێرشەکانی ئەمریکاوە دەڕووخێت و ڕۆژی دواتر حکومەتێکی لاواز و سەرلێشێواو لە وڵاتەکەدا دادەمەزرێ. هەم لە ئەفغانستان (2001)، هەمیش لە عێراق (2003) و دواجاریش لە لیبیا (2011) دەستتێوەردانی هاوپەیمانان بە سەرکردایەتی ئەمریکا یان حکومەتێکی لاوازی لێکەوتووەتەوە کە ناتوانێت دامەزراوە سیاسی و یاسایی و مەدەنییەکان دابمەزرێنێتەوە، یان ئەوەتا وەکوو عێراق و لیبیا لە نێو جەنگێکی ناوخۆیی قووڵدا نوقم دەبێت.

لە پشت ئەم سێ خاڵە نیمچە هاوبەشەدا هۆکارێکی هاوبەشیش هەیە کە پەیوەندی بە تێڕوانینی کۆشکی سپی بۆ جەنگی دەرەوەی سنوورەکانی خۆیەوە هەیە، ئەم هۆکارە هاوبەشە بەوردی لە لێدوانی دۆگلاس فەیس، ڕاوێژکاری وەزیری بەرگریی ئەمریکا لە کاتی هێرشەکانی سەر ئەفغانستان دەردەکەوێت کە گوتبووی "نابێت ڕێگە بدەین نیگەرانییەکان سەبارەت بە جێگیرکردنی سەقامگیریی حکومەتی داهاتووی ئەفغانستان، لە هەوڵەکانمان بۆ ڕووخاندنی دەسەڵاتی تاڵیبان ساردمان بکاتەوە، لەبەر ئەوەی دامەزراندنی حکومەت لە ئەفغانستان ئامانجی ستراتیژیی ئێمە نییە".

ئەم دێڕەی دوایی فەیس، ئەگەر بۆ عێراق و ئەفغانستان هەتا ڕادەیەک ڕاست بێت، بۆ لیبیا زۆر ڕاستە. هەر لە سەرەتاوە ئامانجی دەستتێوەردانی ناتۆ لە لیبیا پاراستنی گیانی هاووڵاتیانی سڤیلی بنغازی بوو، نەک ڕووخاندنی دەسەڵاتی قەزافی، ڕووخاندنی دەسەڵاتی ترابلوس دواتر هاتە نێو بەرنامەی ناتۆوە. هەر لە سەرەتاوە ئیدارەی ئۆباما بە نیاز بوو بە کەمترین کات و تێچوون کێشەی لیبیا لە کۆڵ بکاتەوە، هەر واش دەرچوو، دەستتێوەردانی لیبیا 1.1 ملیار دۆلار لەسەر سوپای ئەمریکا کەوت، بەڵام بەم تێچوونە کەمە جگە لە "نمایشێکی پیس" هیچ دەست ئەمریکا نەکەوت.

ئەگەرچی ڕووخانی دەسەڵاتی زیاتر لە 40 ساڵەی موعەمەر قەزافی بۆشایی دەسەڵات، دەرکەوتنی میلیشیای جۆراوجۆر و ناسەقامگیری و دابەشبوونی لیبیا و تەنانەت دەرکەوتنی داعشی لێکەوتەوە، بەڵام کەم نین ئەو شرۆڤەکارانەی پێیانوایە بەستنەوەی لادانی قەزافی و ڕەوشی ئێستای لیبیا دروستکردنی پەیوەندییەکی هەڵەیە لە نێوان هۆکار و لێکەوتەدا.

## ئایا دەستتێوەردان لە لیبیا هەڵە بوو؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ڕەنگە وەڵامی فیلیپ گۆردن، یەکێک لە پایەبەرزترین بەرپرسانی کۆشکی سپی بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە 2013 هەتا 2015 وەڵامێکی تەواو بێت. گۆردن پاش جێهێشتنی کۆشکی سپی لە وتارێکدا نووسیبووی "ئەمریکا لە عێراق دەستتێوەردانی سەربازی کرد و دەستی بەسەر هەموو وڵاتەکەدا گرت، ئاکامی ئەمەش کارەسات بوو. ئەمریکا لە لیبیا دەستتێوەردانی سەربازی کرد، بێ ئەوەی دەست بەسەر وڵاتەکەدا بگرێت، ئاکامەکەی کارەسات بوو، لە سووریاش ئەمریکا نە دەستتێوەردانی کرد و نە دەستیشی بەسەر وڵاتەکەدا گرت، ئاکامەکە دیسان کارەسات بوو."

ئەم بۆچوونەی گۆردن، ئەوە دەخاتەڕوو کە دەستتێوەردانەکان لە خۆیاندا هۆکاری کارەساتەکان و جەنگە ناوخۆییەکان نین. شادی حەمید، توێژەر لە ئینستیتیوتی برووکینگز، پێیوایە زۆربەی ئەو کەسانەی دەڵێن دەستتێوەردان لە لیبیا هەڵە بووە، ئەو ڕاستییەیان لەبەر چاو نییە کە ڕەوشی 2011ی لیبیا دوو ئەنجامی دەکرا لێبکەوێتەوە: یەکەم دەکرا لە ئاکامی درێژەکێشانی پێکدادانەکان لە نێوان ناڕازیان و حکومەت جۆرێک لە باڵانسی هێز لە نێوان لایەنەکان دروست ببێت و ڕەوشی لیبیاش وەکوو زەلکاوەکەی سووریای لێهاتبایە، ئەگەری دووەم ئەوە بوو سوپای حکومەت بتوانێت دوای کوشتارێکی زۆر هێزە ناڕازییەکان تێکبشکێنێ، دوای ئەمەش دەست بە کۆمەڵکوژییەکی بەرفراوانی خەڵکی وڵاتەکەی بکات. لە هەردوو حاڵەتەکەدا ئەوەی چاوەڕێ دەکرا کارەساتێکی مرۆیی گەورە و لێشاوی کۆچبەرانی لیبیا بەرەو ئەوروپا بوو.

بەبۆچوونی حەمید تێکەڵکارییەکی زۆر لە نێوان سیاسەتە هەڵەکانی ئەمریکا و ئەوروپا دوای ڕووخانی دەسەڵاتی قەزافی و هۆکارە بنەڕەتییەکانی دەستتێوەردانی دەرەکی لە لیبیا کراوە. واتە لە بری ئەوەی هەڵەکانی ڕۆژئاوا دوای ڕووخانی حکومەتی لیبیا بەهۆکاری ڕەوشی ئێستای ئەم وڵاتە بزانێت، دەستتێوەردانەکە دەکاتە هۆکار.

حەمید کە ماوەی چەندین ساڵە لە ڕەوشی سیاسی و ئەمنیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکۆڵێتەوە، پێیوایە ئەوروپا لە ئاست لیبیا بەرپرسیارێتییەکی زیاتری لەسەر شان بوو، ئەمەش لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی: یەکەم، لیبیا یەکێک لە سەرچاوە سەرەکییەکانی وزەی ئەوروپایە. دووەم، لیبیا سنوورێکی دەریایی زۆری لەگەڵ باشووری ئەوروپا هەیە کە لە داهاتوودا دەکرا ببێتە کەناڵی سەرەکیی گواستنەوەی کۆچبەرانی باکوور و ناوەڕاستی ئەفریقا و هەروەها چەکدارانی گرووپە توندڕەوەکان.



شادی حەمید پێیوایە هەنگاوەکانی ئەوروپا لە ئاستی گەورەیی و بایەخی لیبیا نەبووە. لە دوای ڕووخانی دەسەڵاتی قەزافی، ئەوروپا دەیتوانی ئەو یارمەتیانە پێشکەش بە لیبیا بکات کە ئێستا بە نیازن بیکەن، لەوانەش دامەزراندن و پشتگیریکردنی دامەزراوە یاساییەکانی لیبیا لە دوای 2011، پشتگیریکردن لە هێزە ئەمنییەکانی لیبیا بۆ ئەوەی ڕێگە لە دروستبوونی ئەو بۆشاییە گەورە ئەمنییە بگرن کە دواتر لە بنغازی هێرشکردنە سەر کونسوڵخانەی ئەمریکا و لە سیرت و نوفیلیا دروستبوونی داعشی لێکەوتەوە، ئەمە جگە لەوەی بە لایەنی کەم سێ حکومەت لە لیبیا دروست بوو کە هیچکامیان لە غیابی گوشاری نێودەوڵەتیدا ئامادە نەبوون لە پێناوی حکومەتێکی یەکگرتوو واز لە چەک و جەنگ بهێنن.

ڕەوشی لیبیا دوای هێرشەکانی 2011ی ناتۆ، لە خراپترین دۆخی خۆیدا (کە جەنگی ناوخۆیی 22 مانگی ڕابردووە) لە ڕەوشی ئێستای سووریا باشترە، تەنانەت ئەگەر حکومەتە یەکگرتووەکەی لیبیاش شکست بهێنێ. چاوخشاندنێک بە ئامارەکانی جەنگی ناوخۆیی سووریا و لیبیا ئەم ڕاستییە دەردەخات، بەگوێرەی ئامارەکان لە ماوەی نزیک دوو ساڵی ڕابردوودا 4500 کەس لە جەنگی ناوخۆیی لیبیادا کوژراون، ئەم ژمارەیە لە جەنگی ناوخۆی سووریا نزیکەی 100 هێندەی ژمارەی کوژراوەکانی جەنگی ناوخۆیی لیبیایە.

لە پاش جەنگی عێراق و ئاکامەکانی، لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا خۆدوورگرتن لە دەستتێوەردانی سەربازی وەکوو جۆرێک لە فەزیلەتی لێهاتووە، بەڵام وەکوو شادی حەمید دەڵێت "دەستەوەستان مانەوە لە لیبیا فەزیلەتێکی سیاسی نەدەبوو."

# سەرۆکی هەرێمی کەتەلۆنیا بناغەی دەوڵەت دادەنێ




هەندێک لە کەتەلۆنییەکان دژی پرۆژەی کارلس پوژیمۆنت بۆ سەربەخۆیی کەتەلۆنیا دەوەستنەوە

ئالێکساندرا دی ستێفانۆ
رووداو- بارسیلۆنە

کارلس پوژیمۆنت، سەرۆکی هەرێمی کەتەلۆنیا رۆژی چوارشەممەی رابردوو بۆ یەکەمجار لەگەڵ ماریانۆ راخۆی، سەرۆکوەزیرانی ئیسپانیا کۆبووەوە، ئامانج لە کۆبوونەوەکە پیشاندانی خواستی کەتەلۆنیایە بۆ دیالۆگ، لە کاتێکدا قەیرانی دەسەڵاتی سیاسی لە ئیسپانیا تادێت قووڵتر دەبێتەوە.

پۆژیمۆنت بە ئاژانسەکانی هەواڵی راگەیاند کە هەوڵەکانی کەتەلۆنیا بۆ سەربەخۆیی بابەتی سەرەکی کۆبوونەوەی لەگەڵ ماریانۆ راخۆی دەبێت. سەرۆکی کەتەلۆنیا لەوبارەیەوە گوتی "مانای نییە باسی سەربەخۆیی نەکەین، لە کاتێکدا ئەم حکومەتە (حکومەتی هەرێمی کەتەلۆنیا) نوێنەرایەتی زۆرینەی سەربەخۆییخوازی پەرلەمانی کەتەلۆنیا دەکات".

سەرۆکی کەتەلۆنیا هەروەها هیوای خواست لە کۆبوونەوەکەدا گوێ بۆ "داوای هاووڵاتیانی کەتەلۆنی" بگیرێت، لەبەر ئەوەی "خواستی سەربەخۆیی موڵکی پارتێک یان دامەزراوەیەکی دیاریکراو نییە، بەڵکو زۆرینەی گەلی کەتەلۆنیا داوای ئەمە دەکەن."

بە گوێرەی سەرۆکی هەرێمی کەتەلۆنیا، پلانی حکومەتی هەرێمەکە "گەرەنتیکردنی دەوڵەتی رەفاهە"، بۆ ئەم مەبەستەش حکومەتە ئۆتۆنۆمەکەی کەتەلۆنیا "کۆمەڵێک رێوشوێنی ناوخۆیی دەگرێتەبەر، بەڵام دەبێت لە بەرامبەر هەڕەشە دەرەکییەکانیشدا بەرگری لەخۆی بکات". مەبەستی پۆژیمۆنت لە هەڕەشە دەرەکییەکان بڕیارەکەی دادگای دەستووریی ئیسپانیا بوو، لەم بڕیارەدا پرۆژە یاسای "هەژاریی وزە" هەڵدەپەسێردرێت کە بڕیار بوو بەپێی ئەم پرۆژەیە، حکومەتی کەتەلۆنیا گەرمی و کارەبا بۆ ئەو خانەوادانەی هەرێمەکەش دابین بکات کە بەهۆی هەژارییەوە ناتوانن پارەی وزە بدەن. دادگای دەستووریی ئیسپانیا رایگەیاند کە دەرکردنی بڕیارێکی لەم چەشنە لە سنووری دەسەڵاتەکانی کەتەلۆنیادا نییە.

یەکێکی دیکە لە پلانەکانی حکومەتە نوێیەکەی کەتەلۆنیا بوژاندنەوەی ئابووری و کاراترکردنی حکومەت و برەودان بە شەفافیەتە. پۆژیمۆنت رۆژی سێشەممە لە کاتی راگەیاندنی پلانی حکومەتەکەیدا هۆشداری دا "دروستکردنی بەربەست بۆ ئەم ریوشوێنە نوێیانە بەربەست بۆ پرۆسەی سیاسی لە کەتەلۆنیا دروست ناکات، بەڵام دابینکردنی پێداویستییەکانی خەڵک تووشی کێشە دەکات". پلانەکەی دۆژیمۆنت لە 47 خاڵ پێکدێت.

سەرۆکی کەتەلۆنیا هەروەها ئاشکراشی کرد حکومەتەکەی بە نیازە "دەستپێوەگرتنەکان کەمتر بکاتەوە و کەتەلۆنیاش لە سەربەخۆیی نزیکتر بکاتەوە". ئەگەرچی هەموو ئەم رێوشوێنانە دەبێت لە کاتی سەرۆکایەتی ئەودا جێبەجێ بکرێن، بەڵام سەرۆکە نوێیەکەی کەتەلۆنیا دانی بەوەدا نا ئەم پلانە "بەستراوەتەوە بە پرۆژەی بودجەوە کە هەتا ئێستا پەسندیش نەکراوە و دەشکرێت گۆڕانی بەسەردا بێت، لە کاتێکدا چاوەڕێ دەکرێت لە مانگی حوزەیراندا هەڵبژاردنێکی نوێ لە ئیسپانیا بەڕێوەبچێ".

ماریانۆ راخۆی، سەرۆکوەزیرانی دیفاکتۆی ئیسپانیایە، لە کاتێکدا پارتەکەی، واتە پارتی گەل، لە هەڵبژاردنی مانگی کانوونی دووەمی پارساڵ زۆرینەی رەهای پەرلەمانی لەدەستدا، بەڵام هیچ پارتێکی دیکەش نەیتوانیوە بە تەنیا یان لە رێگەی هاوپەیمانێتییەوە حکومەتی نوێی ئیسپانیا دامەزرێنێ.

بەر لە کۆبوونەوەکە کۆمەڵێک سەرچاوە لە ناوەوەی حکومەتی کەتەلۆنیا بە (رووداو)یان راگەیاند لە کۆبوونەوەی ئیسپانی-کاتالۆنییەکەدا راخۆی هەڵوێستی حکومەتەکەی لەسەر پرسی سەربەخۆیی کەتەلۆنیا دووپات دەکاتەوە و کۆمەڵێک پرۆژەی هاوکاریی ئابووری پێشکەش بە کاتالۆنیەکان دەکات.

کۆبوونەوەکە رۆژی چوارشەممە بەڕێوەچوو، بەڵام سەرۆکە کاتالۆنییەکە دوای کۆبوونەوەکە رایگەیاند "ناکۆکییەکی زۆر لەسەر بابەتەکانی پەیوەست بە سیاسەتەکانی حکومەتەکان و پرسی گشتپرسی سەربەخۆیی کەتەلۆنیا لە نێوانماندا هەبوو."

ئەگەرچی هەردوولایەن جەختیان لەسەرئەرێنی بوونی کەشی کۆبوونەوە دوو قۆڵییەکە کردەوە، بەڵام پۆژیمۆنت پێیوایە "پرسە بنەڕەتییەکان پێشکەوتنێکی ئەوتۆیان بەخۆیانەوە نەبینی."

سەرۆکوەزیرانی ئیسپانیاش رایگەیاند "لە کۆبوونەوەکەدا دژایەتی خۆمان لەگەڵ گشتپرسی سەربەخۆیی کەتەلۆنیا دووپاتکردەوە، ئێمە دووبارەی دەکەینەوە کە کەتەلۆنیا ئیسپانیایە و بەرگریش لەم هەڵوێستەی خۆمان دەکەین کە بە مانای پاراستنی یەکێتیی خاکی ئیسپانیاش دێت."

پۆژیمۆنت مانگی یەکەمی ئەمساڵ و لە دوایین خولەکەکانی کۆبوونەوەی پەرلەمانی کەتەلۆنیا وەکوو سەرۆکی نوێی هەرێمەکە رێککەوتنی لەسەر کرا، ئەمەش دوای ئەوەی پارتی چەپی جوداخوازی کەتەلۆنیا، چیدی ئامادە نەبوو پشتگیری لە ئارتور ماس، سەرۆکی پێشووی کەتەلۆنیا، بکات.

حکومەتە نوێیەکەی کەتەلۆنیا بە حکومەتی کاتی یان گواستنەوە ناوی دەرکردووە کە بڕیارە دامەزراوەکانی پێویست بۆ دامەزراندنی حکومەتی سەربەخۆیی کەتەلۆنیا دروستبکات. هەموو ئەم پرۆسەیە دەبێت هەتا ناوەڕاستی ساڵی 2017 تەواو بووبێت. دوای تەواوبوونی پرۆسەکە، سەرۆکی هەرێمی کەتەلۆنیا دەبێت داوای هەڵبژاردنی پەرلەمانیی کەتەلۆنیا بکات، پەرلەمان و حکومەتی نوێی کەتەلۆنیاش دەبێت دوایین هەنگاوەکانی دامەزراندن و راگەیاندنی حکومەتی سەربەخۆی کەتەلۆنیا بهاوێت.

پێشتر پەرلەمانی کەتەلۆنیا پرۆژەی "جیابوونەوەی دیموکراتیک" لە ئیسپانیای پەسند کردبوو، بەڵام دادگای دەستووریی ئیسپانیا پرۆژەکەی رەتکردەوە و هاوکات هەڕەشەی لە بەرپرسانی کاتالۆنیش کرد هەر کەسێک دژی بڕیارەکەی دادگا بوەستێتەوە رووبەڕووی سزای یاسایی دەبێتەوە.

پلانە نوێیەکەی پۆژیمۆنت تەنیا لەلایەن دادگای دەستووری ئیسپانیاوە کێشەی بۆ دروست نەکراوە، بەڵکو لایەنگرانی مانەوە لەگەڵ ئیسپانیاش بە توندی دژی ئەم پلانە وەستاونەتەوە، ئەمە جگە لەوەی جوداخوازەکانی ئەم هەرێمەش لە نێوان خۆیاندا هاوڕاییەکی ئەوتۆیان لەسەر پرسی سەربەخۆیی و هەنگاوەکانی پەیوەست بە پرسەوە نییە.

میکوێل ئیسێتا، سەرۆکی لقی کەتەلۆنیای پارتی سۆسیالیستی ئیسپانیا کە دژی جودابوونەوەیە، رەخنە لە حکومەتەکەی پۆژیمۆنت دەگرێت و دەڵێت "رای خەڵک وایە کە حکومەتی هەرێمی کەتەلۆنیا لە ماوەی سەد رۆژی رابردوودا هیچی نەکردووە، نەخشەرێیەکیان داناوە کە جێبەجێکردنەکەی مەحاڵە، ئەمە جگە لەوەی ئەو هاوپەیمانێتییەی حکومەتیان پێکهێناوە ناکۆکی زۆر لە نێوانیاندا هەیە و پشتگیری پەرلەمانیش لە پرۆژەکەیان زۆر لەرزۆکە."

ئەگەرچی پەرلەمانی کەتەلۆنیا پشتگیری لە بەڕێوەچوونی گشتپرسی سەربەخۆیی هەرێمەکە دەکات، بەڵام دادگای دەستووری ئیسپانیا میکانیزمی بەڕێوەبردنی گشتپرسییەکەی رەتکردووەتەوە، کاتالۆنەکان داوا دەکەن گشتپرسییەکە تەنیا لەسەر ئاستی هەرێمە دەوڵەمەندەکەی خۆیاندا بەڕێوەبچێت، بەڵام مەدرید سوورە لەسەر ئەوە هەر چەشنە گشتپرسییەکی لەمجۆرە دەبێت لەسەر ئاستی هەموو ئیسپانیا بێت و رای هەموو ئیسپانیەکان وەربگیرێت.

کۆبوونەوەکەی پۆژیمۆنت و راخۆی دوو کاژێر و نیو بەردەوام بوو، بێ ئەوەی هیچی لێ شین ببێت. بەپێی پلانە 47 خاڵییەکەی پۆژیمۆنت، کە دەبێت لە ماوەی 14 مانگی دیکەدا جێبەجێ بکرێت، حکومەتی کاتی کەتەلۆنیا لەسەریەتی حکومەتێک لەنێو حکومەتدا دروست بکات، بەو مانایەی بانکی ناوەندی سەربەخۆی کەتەلۆنیا، سیستەمی ئاسایشی سەربەخۆ و تەنانەت بناغەی سوپای کەتەلۆنیا دابنێ.

## سعودییەکان متمانەیان بە ئۆباما نییە

# گەشتەکەی ئۆباما.. هەوڵێک بۆ ئارامکردنەوەی سعودیە



رووداو- ئاژانسەکان

حەوت ساڵ لەمەوبەر لە لوتکەی گرووپی 20 لە لەندەن، باراک ئۆباما، سەرۆکی ئەمریکا لە کاتی تەوقەکردن لەگەڵ مەلیک عەبدوڵڵا، شای سعودیە، سووکە کڕنۆشێکی بۆ مەلیک برد، ئەو کات کۆشکی سپی زۆری هەوڵدا بڵێت ئۆباما کڕنۆشی بۆ مەلیک عەبدوڵڵا نەبردووە، تەنیا رێزی لە هاوپەیمانێکی گرنگی ئەمریکا ناوە.

لە 2009ەوە هەتا ئێستا زۆر شت لە پەیوەندییەکانی ئەمریکا و سعودیە گۆڕاوە، بەڵام سعودییەکان بۆ تێگەیشتن لە هەڵوێستی ئۆباما بەرامبەر بە حکومەتەکەی ئال سعود پێویستیان بە لێکدانەوەی کڕنۆشەکەی ئۆباما نەبوو، لەبەر ئەوەی یەکساڵ دوای هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەر ئۆباما کە ئەوکات سیناتۆر بوو لە گوتارێکی توندا لە شیکاگۆ گوتبووی "جەنابی سەرۆک بووش دەیەوێت جەنگ بکات، مادام وایە با دڵنیا بین بەناو هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست- واتە سعودیە و میسر- خەڵکی خۆیان ناچەوسێننەوە و واز لە گەندەڵی و نایەکسانی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەهێنن".

بەڵام ئەگەر واز لە گوتارە توندەکەی 14 ساڵ لەمەوبەری ئۆباماش بهێنین، دیسان شتانێکی زۆر لە ناوچەکە و لە ئەمریکاش گۆڕاوە کە کاریگەری بەرچاویان لەسەر پەیوەندییەکانی واشنتن و ریاز داناوە و رەنگدانەوەشیان لە کۆبوونەوەکەی 20ی نیسانی مەلیک سەلمان و ئۆباما هەبوو. یەکەم رەنگدانەوەی گرژییەکانی نێوان سعودیە و ئەمریکا لە کاتی گەیشتنی ئۆباما بۆ ریاز دەرکەوت، کاتێک مەلیک سەلمان ئامادە نەبوو خۆی پێشوازی لە ئۆباما بکات کە بە مەبەستی بەشداری لە لوتکەی وڵاتانی ئەنجوومەنی هاوکاری کەنداو سەردانی ریازی کردبوو.

لای ئۆباما پرسی سەرەکی لە سەردانەکەی ئەمجارەیدا بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پرسی جەنگی داعش بوو، لای سعودییەکان پرسە سەرەکییەکە ئێران و بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئەم وڵاتە و هەروەها هەوڵەکانی تاران بۆ دەستگرتن بەسەر رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بوو. ئۆباما بە نیازە لە دوایین ساڵی سەرۆکایەتی خۆیدا گەرەنتی ئەوە بکات وڵاتانی ئیسلامی، بە تایبەتیش وڵاتە سوننەکان، بەشدارییەکی چالاکتریان لە نێو هاوپەیمانی جەنگی دژی داعشدا دەبێت. لای سعودییەکان رێککەوتنی ئەتۆمی ئێران نەک هەر بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێرانی رانەگرتووە، بگرە دانی پێدا ناوە.

جگە لە دۆسیەی ئەتۆمی ئێران، سێ کەیسی دیکە هەن کە کاریگەرییان لەسەر کۆبوونەوەکەی ئۆباما و سەرانی عەرەبدا هەبووە، یەکەمیان لێدوانەکانی ئۆبامایە لە دوایین دیمانەیدا لەگەڵ گۆڤاری ئەمریکی "ئەتلانتیک" کە تێیدا وڵاتانی کەنداو بە "سەرەڕۆ" ناودەبات و جەخت دەکاتەوە ئەمریکا چیدی ناتوانێت بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانی ئەمجۆرە وڵاتانە سیاسەتی دەرەوە و ناوچەیی خۆی بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دابڕێژێت. کەیسی دووەمیان پەیوەندی بە 11ی سێپتەمبەر و بەشداری بەرپرسانی سعودی لەم رووداوەدا هەیە، ژمارەیەکی زۆر لە کۆنگرێسمانەکانی ئەمریکا بە نیازن جارێکی دیکە لێکۆڵینەوە لەم دۆسیەیە زیندوو بکەنەوە، بەڵام بۆ ئەوەی ئەم پرۆژەیە بکەوێتە واری جێبەجێکردن پێویستی بە واژۆی سەرۆکی ئەمریکا هەیە. کەیسی سێیەمیان پەیوەندی بە پێشێلکارییەکانی سعودیە لە یەمەن هەیە، لە کاتێکدا ژمارەیەک لە کۆنگرێسمانەکان پرۆژەیەکیان خستووەتەڕوو بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوە لەوە بکرێت سعودیە هەتا چەندە لە هێرشە ئاسمانییەکانی لە یەمەن رەچاوی پاراستنی گیانی هاووڵاتیانی سیڤیلی کردووە. ئەمە جگە لەوەی سعودیە بۆ دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنەکانی دژی حوسییەکانی یەمەن هیچ پرسێکی بە ئەمریکا نەکردبوو.

باراک ئۆباما لە مانگی ئایاری ساڵی رابردوو لە لوتکەی کەمپ دێڤید بەڵێنی بە وڵاتانی کەنداو و لەسەرووی هەموویانەوە سعودیە و ئیمارات دابوو کە لەبەرامبەر هەر هێرشێکی دەرەکیدا بەرگری لە ئاسایشی ئەو وڵاتانە بکات، بۆ ئەم مەبەستەش بەڵێنی کۆمەڵێک گرێبەستی چەک و تەقەمەنی بە وڵاتانی کەنداو دابوو.

لوتکەکە لە بنەڕەتدا بۆ پێدانی دڵنیایی بە وڵاتانی کەنداو بوو کە دانوستاندن و دواتریش رێککەوتنە ئەتۆمییەکەی نێوان ئێران و رۆژئاوا بە زیانی وڵاتانی ناوچەکە نابێت. سەرچاوەکانی نزیک لە کۆبوونەوەکە ئاشکرایان کردبوو سەرکردە عەرەبەکانی کەنداو بە پێشنیازەکانی ئۆباما رازی نەبوون، ئەگەرچی دوای کۆبوونەوەکەش بۆ پاراستنی رووخساری دیپلۆماسی خۆیان بە بزەوە باسیان لە رێککەوتنی گەورە کردبوو.

بەڵام ئۆباماش نەیدەویست لەبەرامبەر ناڕەزایەتی سەرکردە سوننەکانی عەرەبدا کۆڵ بدات، لە کاتێکدا رێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران دەکرا گەورەترین دەستکەوتی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی کۆشکی سپی بێت. سەرۆک وڵاتانی کەنداو بەر لە لوتکەی کەمپ دێڤید و پێش دانوستاندنە ناوەکییەکانیش دڵێکی پڕیان لە ئۆباما هەبوو، لەبەر ئەوەی لە کاتێکدا زۆربەی وڵاتانی عەرەبی و تەنانەت ئەورووپی (یەکێک لەوان فەرەنسا)، لە ساڵی 2013 چاوەڕێی لێدانی ئەسەدیان دەکرد، ئۆباما رای خۆی گۆڕی و بەمەش هەمووانی لە رووخاندنی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد سەرۆکی سووریا بێهیوا کرد.

سعودیەکان دەزانن تێڕوانینی ئۆباما لە 2002ەوە بۆ 2016 گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەر نەهاتووە، ئۆباما (بە پێچەوانەی سەرۆکەکانی پێشتری ئەمریکا) وەکوو لە دیمانەکەی ئەتلانتیکدا دەردەکەوێت ئامادە نییە لە نێوان ئێران و سعودیە بێ یەک و دوو پشتگیری لە سعودیە بکات، بە پێچەوانەوە باراک ئۆباما زیاتر بە دوای ئەوەوەیە بە شێوازێک هانی سعودیەکان بدات "رێگەیەکی باش بدۆزینەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ وڵاتی دراوسێی خۆیان (واتە ئێران) دەسەڵات دابەش بکەن و جۆرێک لە ئاشتی سارد دروست بکەن." بەڵام کێشەکە ئەوەیە ریاز ناتوانێت تاران وەکوو هاوبەش ببینێت، لای ئەوان تاران رکابەری سەرەکییە.

پارساڵ مالکۆم تێرنبوڵ، سەرۆکوەزیرانی ئوسترالیا، لە کۆبوونەوەیەکی دوو قۆڵیدا لە ئۆبامای پرسیبوو "ئایا سعودییەکان دۆستی ئەمریکا نین؟" ئۆباما بە بزەیەکەوە و پاش تۆزێک بیرکردنەوە لە وەڵامدا گوتبووی "ئەمە مەسەلەیەکی ئاڵۆزە".



د.زانیار نووری

## ئاڵۆش یان هەستەوەری

لە جیهاندا ژمارەیەکی زۆری خەڵکی دەناڵێنن بە دەست نەخۆشییە ئاڵۆشییەکانەوە لەوانەی کە هەرە قورسن وەکو ڕەبوو تا هەرە ئاسانەکەیان وەکو پژمین و لووتگیران. لەبەر بەربڵاویی نەخۆشییەکە و بە هەڵە تێگەیشتن لێی، نەخۆش لە بازنەیەکی داخراودا دەسووڕێتەوە.

### بە چی دەگوترێت ئاڵۆش؟

حەساسییەت وەڵامدانەوەیەکی (بەرگرییەکی) نا پێویستی (نا بەجێی) لەشی مرۆڤە بۆ کۆمەڵێک ماددەی سروشتی کە نابێت ببنە نارەحەتی بۆ مرۆڤ. بۆ نموونە بوونی تۆز لە هەوادا هەموومان کەمێک دەکۆکێنێ، بەڵام نابێت هەناسەمان توند بکات یان لە پەل و پۆمان بخات.

### هۆکاری ئەمە چییە؟ دوو بۆچوون هەیە:

1- بۆ ماوە: ئەوەی خورانی پێستی هەبێت، منداڵەکەشی زۆربەی کات هەیەتی.

2- پاک و خاوێنی: دەرکەوت کە ئەڵمانەکانی ڕۆژهەڵات بە دەگمەن ئاڵۆشییان هەبوو، بەڵام کە چوونەوە ناو ئەڵمانیای ڕۆژئاوا و فێری ئەو پاک و خاوێنییە زۆرەی ئەوروپا بوون، نەخۆشییە حەساسییەتەکان تێیاندا زیادی کرد.

### نەخۆشییەکان چین؟

- ڕەبوو
- لیری پێست.
- لووتگیران و پژمین (ئاڵۆشی هەوکردنی لووت)
- ئاڵۆشی بە خۆراک

### تێگەیشتنی هەڵە:

لە بەریتانیا 20%ی خەڵک خۆیان بە ئاڵۆش دادەنێن بە خۆراک، لەڕاستیدا یەک لە سەتیان وان. لە کوردستانیش ئەمە باوە و خەڵێکی زۆر خۆی بە ئاڵۆش بە خۆراک یان دەرمانێک یان ئاوهەوا دادەنێت، بەڵام بە دەگمەن وادەردەچێ، بۆیە تەنیا پزیشکی هەناوی دەبێت بڵێت تۆ ئاڵۆشییتە.

کەسانێک سەر ئێشە دەگرن بە گۆشت خواردن، پێستیان دەخورێت و لیر دەکات بە خواردنی چێشتخانەیەک و دەڵێن پیس بوو بۆیە وامان لێهات، کەسانێک بە دەرزییەک سکیان دەیەشێت. هەموو ئەمانە خۆیان بە تووشبووی حەساسییەتدا دەنێن، بەڵام هیچ کام لەمانە ئاڵۆشی نین.

خەڵکێک بە تایبەت منداڵان ئاڵۆشی قورگ و لووتیان هەیە و بەردەوام نەخۆشی ئەوەن، بەڵام بە داخەوە دەیان دەرمانی دژە میکرۆب دەخۆن و پێیانگوتراوە لەوزەتێنی بەردەوامی هەیە، بەڵام ئاڵۆشییە.

کەسانێک هەن کە تووشی پێست خوران و سووربوونەوە دەبن لە گەشت و سەیران دەڵێن شت پێوەی داوین، بەڵام ئاڵۆشییە... ئەمە ترسی هەیە چونکە نەخۆشەکە نازانێت چ شتێک وای لێکردووە و ئەگەری دووبارەبوونەوەی هەیە.

### چارەسەر:

1- سەردانی پزیشکی هەناوی: بزانە ئاڵۆشییە یان نەخۆشییەکی دیکەیە؟

2- دوورکەوتنەوە لەو شتەی کە وات لێدەکات: ئەمە جەوهەری چارەسەری نەخۆشییەکەیە.

3- وەرگرتنی هەندێک دەرمان لە پاش نووسینی لەلایەن پزیشکی هەناوی.

### پرسیارە باوەکان:

1- ئایا دەکرێت من ئاڵۆشیم هەبێت بە لیمۆ و لە هەمانکاتدا بە تەماتەش؟ بەڵێ.

2- ئایا ڕاستە ئاڵۆشی تەنیا بە سەرما هەیە؟ بەڵێ.

3- ئایا ئاڵۆشی دەگاتە ئاستی کوشتنی کەسێک؟ بەڵێ.

4- خواردنە باوەکان چین کە ئاڵۆشی درووست دەکەن؟ میوە ترشەکان، هێلکە، گوێز، فستق، شیری قتوو. بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کەس نەیانخوات.

5- من کە پاقلە دەخۆم خوێنم ڕوون دەکاتەوە، ئەمە ئاڵۆشییە؟ نەخێر، ئەوە جۆرێکی دیکەیە لە نەخۆشی هەرچەندە دەبێت دوور بیت لە پاقلەمەنییەکان.

6- من نابێت دەرزی بدەم لە خۆم جارێکیان خەریک بوو بمکوژێت، ئەمە چییە؟ بەڵێ ئەوە ئاڵۆشییە، بەڵام هەموو دەرزییەک نایکات

* پزیشکی پسپۆڕی هەناو

# قەیرانی دارایی هەڵمەتی کوتانی منداڵانی کوردستان ڕاناگرێ

سەروەر سالار
ڕووداو- سلێمانی

سەرەڕای قەیرانی دارایی و چەندین گرفتی دیکە، پرۆسەی کوتانی منداڵان لە هەرێمی کوردستان ڕانەوەستاوە و هێشتا بە باشترین شێوە بەڕێوەدەچێ، ئەوەش لەبەرئەوەی کە ڕێکخراوە مرۆییە جیهانییەکان کۆمەکی دەکەن.

ڤاکسین تەنێکە کە دەخرێتە جەستەی مرۆڤەوە بە ئامانجی ئەوەی کۆئەندامی بەرگریی جەستە بەشێوەیەکی سنووردار بورووژێنێ و فێری بکات چۆن نەخۆشییەکی گوازراوە لەنێوببات. ئەو تەنە لەوانەیە ڤایرۆس، زیندەوەرێکی مردوو یان لاوازکراو بێت.

بەهۆی ڤاکسینەوە بوو کە ئاوڵە لەساڵی 1979دا بۆ هەتا هەتایە لەنێوبرا، ئاوڵە لە سەدەی ڕابردوودا 300-500 ملیۆن کەسی کوشتبوو.

هەر بەهۆی ڤاکسینەوە نەخۆشییەکی وەک ئیفلیجیی منداڵان ئێستا تەنیا لە پاکستان و ئەفغانستان ماوە، لەکاتێکدا لەساڵی 1988دا لەسەر ئاستی جیهان 125 وڵات ئەو نەخۆشییەیان تێدابوو. لە ساڵی 1988دا لەسەر ئاستی جیهان 350 هەزار منداڵ تووشی ئەو نەخۆشییە ببوون، کەچی ساڵی 2015 لە هەموو جیهاندا تەنیا 74 کەس تووشی ئیفلیجیی منداڵان بوون. ئەگەر پلانەکانی ڕێکخراوی جیهانیی تەندروستی وەک خۆیان جێبەجێ بکرێن، ئەوە لە داهاتوودا ئیفلیجی وەکوو ئاوڵە بە یەکجاری کۆتایی دێت.

ڕێکخراوی جیهانیی تەندروستی دەڵێ ئەگەر کەمپەینە گەورەکەی ساڵی 1988و دواتری وڵاتان نەبووایە کە هەڵمەتی بەربڵاوی کوتانی دژە ئیفلیجییان ڕاگەیاند، 10 ملیۆن کەس کە ئێستا بەپێیەکانی خۆیان دێن و دەچن، ئیفلیج دەبوون.

ئاوڵە و ئیفلیجی تەنیا دوو نموونەن، بەپێی ڕاگەیێندراوی ڕێکخراوی جیهانیی تەندروستی ئێستا ڤاکسین لەدژی 25 نەخۆشی گوازراوە هەن هەر لە سووریژەوە تاوەکو کۆکەڕەشە، لاڕەشە، شێرپەنجەی ملی منداڵدان، وەناق، هەوکردنی جگەر، ئەنفلۆنزا، هەوکردنی پەردەکانی مێشک، ملەخڕە، هاری، سکچوونی ڤایرۆسیی منداڵان، گزاز، گرانەتا و چەندینی دیکە.

بەپێی خەمڵاندنی ڕێکخراوی جیهانیی تەندروستی، ئێستا ساڵانە بەهۆی کوتانەوە ڕێگە لە مردنی 2-3 ملیۆن کەس دەگیرێ و ئەگەر سەرجەم وڵاتان کوتانەکان بە تەواوی جێبەجێ بکەن، ئەوە 1.5 ملیۆن حاڵەتی دیکەی مردن ڕێگەیان لێدەگیرێ.

### "کوردستان باشترین پرۆگرامەکانی کوتانی هەیە"

پزیشکێکی پسپۆڕ دەڵێ هەرێمی کوردستان لەو ناوچانەی جیهانە کە بە باشترین شێوە ڤاکسین بۆ هاووڵاتیانی فەراهەم دەکات، بەڵام گرفتی گەورە لە ناهۆشیاریی خەڵکەوە سەرچاوە دەگرێ "لە سیستمی تەندروستیی کوردستاندا خەڵک لە هەموو مەڵبەندە تەندروستییەکاندا بە خۆڕایی دەکوترێن، کەچی هەندێک کەس هەر کەمتەرخەمی دەکەن و منداڵەکانیان ناکوتن، لە کاتێکدا لە وڵاتانی پێشکەوتوو ئەگەر پارەشی تێبچێ، خەڵک منداڵەکانیان هەر دەکوتن".

د.نەورۆز عوسمان پزیشکی پسپۆڕی خۆپاراستنی پزیشکی و سەرۆکی بەشی کۆنترۆڵکردنی نەخۆشییە گوازراوەکان لە بەڕێوەبەرێتی خۆپاراستنی تەندروستی سلێمانی وای بە (ڕووداو) گوت.

خشتەی کوتانی منداڵان لە سێیەم ڕۆژی لەدایکبوونی منداڵەوە دەستپێدەکات تاوەکو 6 ساڵی، لەو ماوەیەدا منداڵان چەند جارێک دەکوترێن.

لەنێو خشتەی کوتانی منداڵانی کوردستاندا پێکوتەی دژە ڕۆتا هەیە کە دژی سکچوونی ڤایرۆسیی منداڵانە و ڕێکخراوی جیهانیی تەندروستی دەڵێ تەنیا 19%ی ئەوانەی پێویستیان پێیە بەدەستیان دەگات.

کوردستان لەو ناوچە دەگمەنانەی جیهانە کە ساڵی پار کوتانی دژی کۆلێرای تێدا کرا، ئەویش زیاتر بۆ ئاوارەکان بوو، چونکە ئەوان مەترسیی زیاتریان لەسەر بوو.

لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک کوتان هەن کە لە کوردستان نین، وەکو کوتانی دژی ڤایرۆسی پاپیلۆما کە لە ڕێگەی سێکسەوە دەگوازرێتەوە و زیاتر تووشی ئەوانە دەبێت کە سێکس لەگەڵ چەندین کەس دەکەن.

د.نەورۆز دەڵێ بۆ ئەم قۆناغەی کوردستان ڕەنگە ئەوەی لەو ڤاکسینە کاریگەرتر بێت هۆشیارکردنەوەی خەڵکی بێت لەبارەی ڕێوشوێنەکانی سێکسی دروست و تەندروستانە، چونکە هێشتا لە کوردستان ئەو جۆرە پەیوەندییانە بەربڵاو نین.

### چەندین هەڵمەتی نیشتیمانی

لە وڵاتانی پێشکەوتوو ئەوەی هەیە خشتە ڕۆتینییەکانی کوتانە، بەڵام لە کوردستان جگە لەو خشتە چڕوپڕەی کوتانی منداڵان، چەندین هەڵمەتی نیشتیمانی کوتانیش هەن.

دکتۆر خاڵس قادر، گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێت ساڵانە لانیکەم چوار هەڵمەتی نیشتیمانیی کوتان دژی ئیفلیجی بەڕێوەدەچن، ئەمساڵ تاوەکو ئێستا دوو هەڵمەت کراون.

وەک دکتۆر خاڵس باسی کرد، ساڵانی 2014 و 2015 هەڵمەتەکانی کوتانی دژی ئیفلیجیی منداڵان زۆرتر بوون و هەڵمەتی کوتانی نیشتیمانی دژی سووریژەش کراوە.

دکتۆر نەورۆز عوسمان دەڵێ وڵاتانی پێشکەوتوو هەم ڕۆتینەکانیان وردتر ڕێکخراون و هەم هاووڵاتیانیشیان هۆشیارن و هەمووان دەکوترێن، بۆیە پێویستیان بە هەڵمەتی نیشتیمانی نییە "بەڵام لە کوردستان لەلایەکەوە هۆشیاریی خەڵک وەک پێویست نییە، لەلایەکی دیکەوە دۆخی عێراق و دەوروبەری ئاسایی نییە و ئەو ئاوارە و ڕاگوێزراوانەی دێنە کوردستان ڕەنگە وەک پێویست نەکوترابن، بۆیە ناچارین چەندین هەڵمەتی نیشتیمانی ساز بکەین، تاکو دڵنیابیینەوە لەوەی زۆرترین منداڵ لە وەرگرتنی ڤاکسین سوود وەربگرن".

### تێچووی ڤاکسینەکان کێ دەیدات؟

گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێ بەهۆی قەیرانی داراییەوە، بۆ کوردستان سەخت دەبێ تێچووی ئەو هەموو هەڵمەتەی کوتان لە ئەستۆ بگرێ، بۆیە ئێستا ڕێکخراوەکان پارەی ئەو هەڵمەتانە دابین دەکەن "پێشتر خۆمان خەرجییەکانمان دابین دەکرد، بەڵام لەساڵی 2013ەوە هەردوو ڕێکخراوی جیهانیی تەندروستی و یونیسێف تێچووی هەڵمەتەکانی کوتان لە کوردستان دابین دەکەن".

تەنیا بۆ دوو هەڵمەتی نیشتیمانی ئەمساڵی کوتانی دژە ئیفلیجی لە کوردستان 4400 تیم، 8800 سەرپەرشتیاری مەیدانی و 2760 ئۆتۆمبێل کاریان کردووە، ئامانجیش کوتانی 1.668.169 منداڵ بووە، بەڵام 1.534.325 منداڵ کوتراون.



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

# مەترسییەکانی منداڵبوونی دوای 35 ساڵی



ڕووداو- مێدیکاڵ نیوز تودەی

شێوازی ژیانی خەڵکی ئێستا بەجۆرێکە درەنگتر لە نەوەکانی پێشوو منداڵ دەخەنەوە، ئەویش بەهۆکاری ئابووری و کۆمەڵایەتی، بەڵام زانستی پزیشکی قسەیەکی دیکەی هەیە لەبارەی ئەو دواخستنە. تاوەکو ئافرەت زۆرتر بچێتە تەمەنەوە، سەختتر دەتوانێ دووگیان ببێت و ڕادەی لەبارچوونی سکەکەی و هەندێک گرفتی منداڵەکەشی زیاتر دەکەن، بەتایبەتی لە تەمەنی 32-37 ساڵیدا، لە 37 ساڵییەوە دۆخەکە خراپتریش دەبێت بۆ منداڵ خستنەوە.

خانمان بە ژمارەیەکی دیاریکراوی هێلکەوە لەدایک دەبن، لەگەڵ چوونە تەمەنیش چەندێتی و چۆنێتی (ژمارە و کواڵیتی) ئەو هێلکانە بەرەو خراپی دەچن. جگە لە هێلکە، هەندێک گرفتی دیکەش لەگەڵ چوونە تەمەن زیاد دەکەن وەک گرێی منداڵدان و نەخۆشییەکانی دیکەی منداڵدان کە ئەوەش لەمپەر بۆ دووگیانبوون دروست دەکات.

### مەترسییەکانی دووگیانی لە بەتەمەنەکاندا

دووگیانبوون لەدوای تەمەنی 35 ساڵی، مەترسیی ئاڵۆزکارییەکانی دووگیانی لەسەر دایک و منداڵەکەشی زیاتر دەکات.

لەگەڵ هەڵکشانی تەمەندا ئەگەری تووشبوون بە بەرزیی گوشاری خوێن و شەکرە لە خانماندا زیاتر دەکات، جا بەهۆی دووگیانی بێت یان نا، ئەم دوو حاڵەتەش مەترسین بۆ سەر دووگیانییەکی تەندروست.

بەرزیی گوشاری خوێن لەکاتی دووگیانیدا ئەگەری ئاڵۆزکارییەکانی پەیوەست بە وێڵاش و گەشەی منداڵ زیاتر دەکات. هەرچی شەکرەیە، ئەوە مەترسی شێواویی زگماکی منداڵ، لەبارچوونی منداڵ و تووشبوونی دایک بە بەرزەپەستانی خوێن زیاتر دەکات. هەروەک ئەگەری ئەوەش زیاتر دەکات کە منداڵەکە لە قەبارەی ئاسایی منداڵ گەورەتربێ، ئەوەش کاتی لەدایکبوون کێشەی زیاتر دەخاتەوە.

جگە لەو مەترسییانە، شەکرە و بەرزەپەستانی خوێن خراپ بەسەر دایکەکەدا دەشکێنەوە و ئەگەری تووشبوونی بە جەڵتەی دڵ و مێشک زیاتر دەکەن.

ئەو خانمانەی لە تەمەنێکی گەورەتردا منداڵ دروست دەکەن، ئەگەری زیاترە منداڵەکانیان تووشی نەخۆشییەکانی پەیوەست بە تێکچوونی کرۆمۆسۆمی ببێت، وەکوو نەخۆشی داون.

بەگشتی دایکانێک کە لە تەمەنێکی گەورەدا سکیان دەبێت، ئەگەری زیاترە تووشی ئەم گرفتانە ببن:

- دروستبوونی زیاتر لە منداڵێک لە سکدا
- لەدایکبوونی منداڵی ناکام
- منداڵەکەی کێشی کەم بێ
- پێویستی بە نەشتەرگەری بێت بۆ منداڵبوون
- لەبارچوونی منداڵ

ئەو منداڵانەی بە ناکامی لەدایک دەبن یان کێشیان لە ئاسایی کەمترە، زۆرتر تووشی مەترسیگەلێکی تەندروستی کورتخایەن و درێژخایەن دەبن وەکوو گرفتی هەناسەدان، هەوکردن و دواکەوتنی گەشە.


هەندێک توێژینەوە هەن دەڵێن منداڵی ئەو پیاوانەش کە لە تەمەنی گەورەدا منداڵ دروست دەکەن گرفتیان زیاترە، بەڵام ئەمەیان هێشتا لە قۆناغی توێژینەوەدایە و نەسەلمێنراوە.

### ڕێنمایی بۆ ئەوانەی لە تەمەنی درەنگدا منداڵ دروست دەکەن:

- سەرنجی زیاتر بخەنە سەر خۆراک، وەرزش و کێشیان
- خواردنی حەبی فۆلیک ئەسید بە مانگێک بەر لە دووگیانبوون.
- وەرگرتنی ماددەی ئاسن و جێگرەوە خۆراکییەکان بەشێوەی ڤیتامین.
- خۆپاراستن لە دووکەڵی جگەرە و دوورکەوتنەوە لە کحول
- پشکنینی جینی و کرۆمۆسۆمی بۆ کۆرپەکەیان.

ڕووداو
ژمارە (405) دووشەممە 2016/4/25

# تێڕامانێک لە روخسارێکی ونبوو



کامەران سوبحان

(1)

هەر کاتێک بە شەقامی سابوونکەراندا دەڕۆم، وا هەست دەکەم درەخت و دووکان و خانووەکانی ئەو گەڕەک و ناوچەیە، بەشێکی زۆری یادەوەرییەکانی ساڵانێکی زۆر پێش ئێستای ئەم شارەی تێدا شاردرابێتەوە. ئەوەی بۆ من جێی بایەخە، ڕۆح و ژیانی ئەو دار و پەنجەرە و دەرگا و کەرەستانەیە کە ئەم خانووانەی لێ دروست کراوە. ئایا ئێستا ئەوان هەست بەو فەرامۆشی و پەراوێز خستنەیان ناکەن؟ هەست بەو نامۆییە قووڵە ناکەن کە بە سیما و روخساری شار و گەڕەکەکەیانەوە دیارە؟ بەدەم بیرکردنەوە لە وەڵامی ئەو پرسیارانە زۆر جار کە بەگەڕەکەکانی گاوران و مەڵکەندی و سابوونکەراندا دەڕۆم، لەبەردەم یەکێک لەو خانووە کۆنانەدا دەوەستم و لێی رادەمێنم و بە زمانی خۆی لەگەڵی دەدوێم. لەو ساتەدا وا هەست دەکەم لەبەردەم مرۆڤێکی بە تەمەنی بە ئەزموندا وەستاوم و گفتوگۆی لەگەڵدا دەکەم، نەک پیرە خانوویەکی سەد ساڵەی پیر. لەو خانووە وا ڕادەمێنم کە سەری پڕە لە خەون و یادەوەریی فەرامۆشکراو. بەڵام کەس نییە گوێ بۆ گێڕانەوەی خەون و یادەوەرییەکانی بگرێت. ئەم یادەوەری و بیرکردنەوانە تازە نین و دەمێکە لەگەڵمدا دەژین.

هەندێ جاریش لە سەرەتای شەقامی سابوونکەراندا، بە ئاراستەی دەستە راستمدا بۆ دوورایی چەند مەترێک دەڕوانم بۆ ئەو سەری شەقامەکە، لەوێدا رۆحی ئەحمەد هەردی و شێخ محەممەدی خاڵ دەبینم کە ساڵانێکی زۆر ماڵەکانیان لەو کۆڵانەدا بووە و ئێستاش، نەک ئاسەواری خانووەکانیان نەماوە، بەڵکو ئاپارتمانی گەورە و بێ زەوق و نائەندازیاریی ناشیرینی تێدا دروست کراوە کە سەرتاپا ئەو یادەوەرییانەیان خنکاندووە. کەمێک دێمە خوارەوە بە ئاراستەی دەستە چەپدا پێش ئەوەی بگەمە حەمامە کۆنەکەی شار، بۆ دوورایییەکی زیاتر دەڕوانم، ماڵی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و پیرەمێرد و ئیبراهیم خەیات و چەند کەسایەتییەکی ترم دێتەوە یاد کە ئێستا هەریەک لەو خانووانە بە جۆرێک لە جۆرەکان خاپوور کراون . بەدەم ئەم خەیاڵەوە دێم تا دەگەمە خوار مزگەوتی شێخ ئەمین، لەوێشدا رۆحی بێکەس و ئەمین زەکی بەگ و عوسمان چێوار لەو کۆڵان و راستە شەقامەدا دەبینم. هەنگاوەکانم هێواش دەبنەوە و وردە وردە بە شەقامەکەدا دێمە خوارەوە، بە دەستە راستمدا ئەو تابلۆ بچوکە دەبینم کە بە بەشی پێشەوەی دووکانێکی کۆن و میللیدا هەڵواسراوە و لێی نووسراوە چێشتخانەی (نەجمەدین مەلا)، ئەمە تاکە سیمبوڵ و هێمای مانەوەی ناوێکی گەورە و زانایەکی ونبووە لەم شەقامەدا. ساڵانێکی زۆر شوێنی ئەو چێشتخانەیە ماڵی نەجمەدین مەلا و شوێنی کەشتیی نووح بووە کە هەزاران منداڵ و گەنجی کوردی تێدا فێری خوێندەواری بووە.

بەدەم هەڵکێشانی ئاهێکی قووڵەوە، کەمێک دەوەستم و ئەو ساتانەم بیر دەکەوێتەوە کە چەندین جار من و چەند هاوڕێیەکی تر لەگەڵ مامۆستا عومەر مارف بەرزنجی لە نزیک ئەو شوێنەی ئێستا لێی وەستاوم، دەیوەستانین و لەژێر چاویلکەکەیەوە بە هەناسەیەکی پڕ لە نائومێدی دەستی بۆ ئەوبەری شەقامەکە درێژ دەکرد و باسی شوێنی ئەو چێشتخانەیەی بۆ دەکردین کە ساڵانێک لەمەوبەر کەشتیی نووح و ماڵ و قوتابخانەی نەجمەدین مەلا بوو، منداڵ و گەنج و پیری کورد فێری خوێندەواری و نووسین دەبوون لەوێ. کەمێک دەوەستا و نەیدەهێشت ئێمە هیچ بڵێین و بەردەوام دەبوو لە قسەکردن. بە تام و چێژێکی زۆرەوە باسی ئەو رۆژگارانە و دەنگوباسی کەشتییەکەی بۆ دەکردین. بەجۆرێک دەیگێڕایەوە وام هەست دەکرد، من ئێستا لەو رۆژگارەدام و بە وێنە و خەیاڵ دەچمە ناو کەشتییەکە و بە هێمنییەکی قووڵەوە گوێ بۆ نەجمەدین مەلا دەگرم تا فێری زمانی فارسی و نووسینی کوردیم بکات. چەندین جاری دیکە بەدەم ئەو پیاسانەوە مامۆستا عومەر، باسی نامە و دەستنووس و کەشکۆڵی شیعری شاعیرانی کوردی بۆ کردووم کە مامۆستا نەجمەدین مەلا بە خەتە جوانەکەی خۆی نووسیویەتییەوە. باسی چیرۆک و فەرهەنگ و نووسینەکانی دیکەی لە رۆژنامەی ژیندا بۆ دەکردم. باسی دوو پشیلەکەی (قەتول و بە توول)ی بۆ دەکردم. بریا رۆژێک دەهات ئەو وتانەی دەبووە نووسین، ئەوسا دەزانرا نەجمەدین مەلا چ خزمەتێکی مەزنی بە وشە و زمان و فەرهەنگی کوردی کردووە. بەڵام بەداخەوە زۆرێک لەو زانیارییانە هەر زارەکین و بەشێکی زۆری خوێنەرانی کورد لێی بێ ئاگان.

(2)

"لە ئێوارەیەکی ساردی زستاندا لەگەڵ چەند ناسیاوێک چووین سەردانی قوتابخانەکەیمان کرد، لەسەر دەرگای قوتابخانەکە وێنەی کەشتییەک کێشرابوو، قوتابخانەیەک تەنها یەک ژوور بوو. درێژییەکەی 23 پێ و پانییەکەی 17 پێ. لە بەردەم چرایەکی بچووکدا، ئەم مامۆستا گەورەیە وانەی دەگوتەوە. قوتابییەکان هەموویان لە چینی چەوساوە بوون، بۆ ئەوە هاتبوون مامۆستا لە نەخوێندەواری رزگاریان بکات. مامۆستا کە تەمەنی لە شەست تێپەڕی کردبوو، لە ناوەڕاستی پۆلەکەدا راوەستابوو، پاڵتۆیەکی پانوپۆڕی لەبەردابوو، مشکییەکی بەسەرەوە بوو، کە چاوی بە ئێمە کەوت، دەستی لە تەپوتۆزی تەباشیرەکە سڕییەوە و بەخێرهاتنێکی گەرمی کردین".

ئەم چەند دێڕەی سەرەوە، پەرەگرافێکە لە یاداشتی (میرۆسلاڤ زیگمۆند) ی گەڕیدەی چیکۆسلۆڤاکی کە لە کاتی هاتنی بۆ کوردستان و سەردان و بینینی مامۆستا نەجمەدین مەلا، نووسیویەتی. نەجمەدین مەلا، ئەو مرۆڤەی دەبێت بکرێتە سیمبوڵی خوێندەواری لەناو کورداندا، چونکە لە ماوەی چل ساڵ ماندووبوون و کۆششی بەردەوام لە ماڵەکەی خۆیدا، زیاتر لە حەوت هەزار منداڵی کوردی فێری نووسین و خوێندەواری کردووە.

بەڵام کاتێک بتەوێ بەدوای کار و بەخششە گەورەکانی ئەو مرۆڤە مەزنەدا بگەڕێی، جگە لە کۆمەڵێک بەرهەمی خۆی لە رۆژنامەی ژین و کتێبەکەی مستەفا نەریمان (توێژینەوەیەک لە پێنج بەهرەی نەجمەدین مەلا) و نامیلکەیەکی ساجید ئاوارە، نووسینێکی ئەوتۆت لەسەری وەدەست ناکەوێ. ئەوەی مایەی نیگەرانییە، کۆمەڵێک کەسایەتی هەن، زانیارییان سەبارەت بە بەرهەم و نهێنییەکانی ژیانی هەیە، بەڵام هیچیان لەسەر ئەو یادگاری و رۆژانە نەنووسیوەتەوە و تەنها زانیاریی زارەکین. گرنگە هەموو ئەو یاداشت و زانیارییانە لەسەر بەرهەم و دەستنووس و کەسایەتیی نەجمەدین مەلا بنووسرێنەوە. ئەوەندەی من ئاگادار بم، جگە لە عومەر مارف بەرزنجی کە بەشێکی زۆر دەستنووس و نامە و زانیاریی گرنگی لەسەر نەجمەدین مەلا هەیە، شێرکۆ بێکەسیش یەکێکی تر بوو لەو کەسانەی دەیانجار سەرگوزشتە و زانیاریی زۆر گرنگی لەسەر نەجمەدین مەلا گێڕاوەتەوە، بەشێکی ئەو یادەوەری و یاداشتانە لەگەڵ مردنی کاک شێرکۆدا مردن. ئەمە جگە لەوەی د.عیزەدین مستەفا رەسوڵ و مەحمودی مەلا عیزەت و فاروقی مەلا مستەفا و چەندین کەسایەتی دیکەی سلێمانی زانیاریی زۆریان لەسەر نەجمەدین مەلا هەبووە و هەیە، بەڵام زانیارییەکانیان زارەکین و نەنووسراونەتەوە.

(3)

ئێستا بەیانییەکی مانگی (ڕەشەمێ)ی ساڵی (1957)ە، رێک بیست ساڵ پێش ئەوەی من (کامەران سوبحان) لەدایک بم، ئەم چیرۆکە دەگێڕمەوە. بەڵام لە خەیاڵمدا پێش لەدایکبوونم وەک ئەم چرکەساتەم کە ئەم دێڕانەی تێدا دەنووسمەوە و تەمەنم نزیک دەبێتەوە لە چل ساڵ و سەرم یەک پارچە سپی بووە. بیرکردنەوەیەکی فیزیکی کەمێک ئاڵۆزە، مرۆڤ بیر لە چرکەساتێک بکاتەوە یان وێنەی دیمەن و رووداوێک بنووسێتەوە کە پێش لەدایکبوونی خۆی بە بیست ساڵ روویدابێت. (ئێستا لەسەر کۆمپیوتەرەکە دانیشتووم و ئەو چرکەساتە دەنووسمەوە). تیشکی خۆر بە هێواشی لە پەنجەرە دارینەکەی (کەشتیی نووح)ەوە خۆی دەکات بە پۆلی وانە خوێندنی قوتابخانەکەی نەجمەدین مەلادا. ئەو بەیانییە من لە تەنیشت پەنجەرەی پۆلەکەوە دانیشتووم. هەر وەک گوتم تەمەنم 39 ساڵ بوو، قوتابیانی پۆلەکەی نەجمەدین مەلاش لە 15 بۆ 20 ساڵ دەبوون و لە منیش بەتەمەنتری تێدابوو. هەریەکەمان لەسەر تەنەکەیەک دانیشتووین. لە روخساری مامۆستا نەجمەدینم دەڕوانی ریشێکی زۆر کەمی ماش و برنجیی هەبوو، رەنگە تەنها چەند رۆژێک بێت ریشی نەتاشیبێت و تاڵەکانی لەسەر پێستی روخساری سەریان دەرهێنابوو. تەختەرەشێک لە پۆلەکەدا بوو، وێنەیەکی عەبدولکەریم قاسم بە رەش و سپی لە سەرووی تەختە رەشەکەوە بە دیوارەکەدا هەڵواسرابوو. لای دەستەچەپی تەختەکە رەشەکەش، گۆچانێک و تەسبیح و چەند وێنەیەکی شاخ و داخی کوردستانی تێدا هەڵواسرابوو. چوارینەیەکی شیعریی پیرەمێردیش کە بە خەتێکی جوانی رەنگاوڕەنگ نووسرابوو، لە تەنیشتی تەختەرەشەکەوە هەڵواسرابوو. لای دەستەراستی تەختەرەشەکەشەوە، لەسەر مێزێکی بچووکی نزم کۆمەڵێک لاپەڕە دانرابوو کە رۆژانە پێش ئەوەی ئێمە بچین بۆ وانە خوێندن و پاش تەواوبوونی وانە خوێندنی ئێمەش، مامۆستا نەجمەدین مەلا خەریکی نووسینەوە و شەنوکەوکردنی ئەو لاپەڕانە بوو. زۆرجار خۆی باسی دەکرد بۆمان و دەیگوت ئەو لاپەڕانە وتار و چیرۆک و بابەتەکانمن کە بۆ رۆژنامەی ژین دەیاننووسم. هەندێ رۆژ پێش ئەوەی بابەتەکە بنێرێت بۆ ژین، بە دەنگی خۆی بۆ ئێمەی دەخوێندەوە. کە دەستی دەکرد بە وانە گوتنەوەش، بە تام و چێژێکی وا باسی بابەتەکەی بۆ دەکردین، حەزمان نەدەکرد وانەکە زوو تەواو بێت. بیرم دێت ئەو رۆژەی ئەم یادەوەرییانەی تێدا دەگێڕمەوە، وانەکەمان تێکەڵەیەک بوو لە فێربوونی نووسین و وشەزانیی کوردی و فارسی و خوێندنەوەی هەندێ دێڕە شیعری کوردی. نزیکەی 30 خولەکێک بە بەردەوامی فێری نووسینی دەکردین و پاشان یەک یەک هەڵیدەساندین بۆ نووسین و فێرکردن.

لە خولەکەکانی کۆتایی وانەکەدا لەو لاپەڕانەی کە لەسەر مێزە بچووکەکەی بەردەمی بوو، بە دەنگی خۆی هەندێ لە شیعرەکانی تایەر بەگی جاف و مستەفا بەگی کوردی و عەبدوڵڵا زێوەری بۆ خوێندینەوە. میاوە میاوی (قەتول و بەتوول) دوو پشیلەی ماڵەکەی و هاوڕێی هەمیشەیی مامۆستا نەجمەدین، وەک زەنگی کۆتایی وانە خوێندن وابوو، هەر کە ئەوان دەیانمیاواند و نزیک دەبوونەوە لە ژووری وانە خوێندن، هەموومان تێدەگەیشتین کە کاتی وانە تەواو بوو. ئەو ساتەی (قەتول و بەتوول) هاتنە ژوورەوە، بینیم مامۆستا نەجمەدین دانەوییەوە بۆ لایان و بە هێمنی دەستی بەسەریاندا هێنا. وردە وردە ئێمەش ماڵئاواییمان لە مامۆستا و کەشتیی نووح کرد و ئەو رۆژە کۆتاییمان بە وانەخوێندن هێنا.

(4)

بۆ ئێمەی کورد گرنگە دوو رۆژ لە رۆژەکانی ساڵ، یادی نەجمەدین مەلا بکەینەوە. ئەوانیش رۆژانی 8ی ئەیلول، رۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی نەخوێندەواری لە جیهاندا و رۆژی 23ی نیسان، رۆژی کۆچی دوایی نەجمەدین مەلا. بۆ رۆژی بەرەنگاربوونەوەی نەخوێندەواری گرنگە ئەو مرۆڤەمان لەبیر بێت کە پێش زیاتر لە نیو سەدە، کە ئەوکات کورد گیرۆدەی دەردی کوشندەی نەخوێندەواری بوو، نەجمەدین مەلا لە ماڵەکەی خۆیدا هەزاران مرۆڤی کوردی فێری خوێندەواری کردووە، بۆ رۆژی مردنەکەشی، دەبێت بە هەمان هەست و بیرکردنەوە یادی ئەو مرۆڤە بکەینەوە کە وەک خۆی زۆر جار دەیگوت بۆ میللەتەکەم، چاوەڕێی ئایندەیەکی باشتر دەکەم، ئایندەیەکی ئەوتۆ کە نەخوێندەواری و دواکەوتنی تێدا نەمێنێ.


بەدەر لەمانەش، نەجمەدین مەلا کتێبخانەیەکی هەبوو، کتێب و رۆژنامەی تێدا دەفرۆشت. ئەو کاتانەی دەمایەوە سەرقاڵی نووسینی وتار و بابەتی وەرگێڕان و نووسینی چیرۆک دەبوو بۆ رۆژنامەی ژین. بە تایبەتیش یەکێک لەو کارە گرنگانەی بۆ مێژووی ئەدەبیاتی کوردی کردی، نووسین و ساغکردنەوەی ژیاننامە و بەرهەمی شیعریی کۆمەڵێکی زۆر لە شاعیرانی کورد بوو، هەندێ لەو شاعیرانە کە پێشتر نەناسرابوون، بەرهەمەکانیانی لە فەوتان پاراست، لەوانە (ئینجە ئاغای گەڵاڵی، میر محەممەد ساڵح، حاجی مستەفا پاشا). جگە لەم هەوڵانە، بەدەست و خەتی خۆی دیوان و بەرهەمەکانی چەند شاعیرێکی کوردی پاراستووە و نووسیونەتەوە و لە رۆژنامەی ژین لەسەری نووسیون، لەوانە دیوانەکانی زێوەر، تایەر بەگی جاف، حەمدی، مەولەوی، سالم، نالی، کوردی، مەلانا خالید و حاجی قادری کۆیی و چەندین شاعیری دیکە.

مامۆستا نەجمەدین مەلا، دوای مردنی گەلێ کەشکۆڵ و دەستنووسی دانسقەی لەپاش بەجێماوە، تا ئێستا هەوڵی چاپکردنی نەدراوە و هەندێکیشیان ون بوون. رۆژی 23/ 4/ 1962 لە ماڵەکەی خۆیدا کۆچی دوایی کرد و دوای نزیکەی دوو هەفتە بە مردنەکەی زانرا، لەسەر وەسیەتێکی پێشتری خۆیشی، لە چیای ئەزمڕ بە خاک سپێردرا.










# تۆنی گێڕانەوە لە چیرۆکدا




**عەزیز حەکیمی**
**وەرگێڕانی لە فارسییەوە: نادر تلوعی**

تۆنی گێڕانەوە لە چیرۆکدا ، بە گرنگترین پێکهاتە لە مامەڵەکردنی خوێنەر لەگەڵ چیرۆکدا دادەنرێت، تۆنی گێڕانەوەی چیرۆکبێژ ، دەتوانێ هەستی خوێنەر بەرامبەر ڕووداوەکان و کاراکتەرەکانی چیرۆک بجولێنێ و هۆگری بکات .

ڕەنگە چیرۆکێک گەڵاڵەکەی باش و تەواو بێت، هەروەها لە ڕووی ڕێزمانەوە هیچ کەموکورتییەکی نەبێت، بەڵام بەبێ تۆنێکی گونجاو، دەبێت بە گێڕانەوەیەکی بێزارکەر و خوێنەر بە دیار خۆیەوە ڕاناگرێت .

تۆنی گێڕانەوەی چیرۆک ، بەشێکی سەرەکییە لە داهێنانی ئەدەبی کە دەتوانێ هەموو چیرۆکەکە بخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە .

یەکەم وشەکانی چیرۆک ، تۆنی گێڕانەوەکەی دەستنیشان دەکەن، دیارە پێویستە ئەو تۆنە تا کۆتایی بەردەوام بێت و بە شێوەیەکی زیندوو بەرەوپێش بچێت.

تۆنی گێڕانەوە لە کاتێکدا دیاری دەکرێت کە چیرۆکبێژ دەستنیشان کرابێت، دەبێ ئەوەیشمان لە بیر بێت کە هەمیشە چیرۆکبێژەکە نووسەر نییە ، زۆربەی نووسەرە پیشەییەکان پێیانوایە نووسەر ناتوانێ خۆی گێڕەرەوە بێت، بەو پێیەش تۆنی گێڕانەوە دەبێ کاردانەوەی تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی کاراکتەر بێت، نەک نووسەر.

پێدەچێت هەندێک لە نووسەرە تازەکارەکان بە زمانی ئاسایی خۆیان بنووسن، لەو حاڵەدا دەق شێوەی بیرەوەری وەردەگرێت ، نەک چیرۆکێکی جدی .

نووسەری پرۆفێشناڵ دەتوانێ کاراکتەرێک دابڕێژێت کە هیچ لێکچوونێکی لەگەڵ خۆی نەبێ ، بەو شێوەیە چیرۆکبێژ تەنیا نووسەری ئەو وشانەیە کە لە زاری کاراکتەرەوە دەردەچن یان بە خەیاڵیدا دێن ، تەنانەت تۆنی گێڕانەوە بۆ باسکردنی هەڵسوکەوتیش ، تۆنی گێڕانەوەی کاراکتەرە نەک نووسەر.

هەڵبژاردنی تۆن ، وەک هەڵبژاردنی ئەکتەری فیلم وایە ، دەنگ ، ڕوخسار و هەڵسوکەوتی ئەکتەر ، دەبێ لەگەڵ سیناریۆی فیلمەکەدا بگونجێت ، بۆ ئەوەی کاراکتەر لە چاوی بینەردا کاراکتەرێکی زیندوو بێت .

لەو ڕووەوە دەکرێت نموونەی سەرکەوتوو لە دەوربینینی کاراکتەرەکان لە ڕۆڵە جیا جیاکاندا باس بکرێت، بەڵام دەوربینینی کریستۆفەر واڵتز لە فیلمی Inglourious Bastard (حەرامزادە نەفرەتییەکان) دا نموونەیەکی سەرکەوتووە لە گونجانی کەسایەتی سروشتی و توانای ئەکتەر لەگەڵ کاراکتەری فیلمەکە .

کریستۆفەر واڵتز لەو فیلمەدا ڕۆڵی هانس لاندا دەبینێت کە ئەفسەرێکی ئەڵمانی نازیی زۆر ڕەفتار جوان و بەئەدەب و خوێندەوارە ، بەڵام هاوکات زۆر بێبەزەیی و نیازپیسە .

کریستۆفەر واڵتزی نەمساوی بۆ ئەو دەورەی جگە لە خەڵاتی ئۆسکار ، خەڵاتی گۆڵدن گلوپ ، بفتا و چەندین خەڵاتی سینەمایی دیکەی وەرگرت.

لەگەڵ هەموو ئەوانە، تۆنی یەکەم ڕستەکانی چیرۆک دەبێ بتوانێ ئەوە بۆ خوێنەر بگوازێتەوە کە گێڕەرەوە چۆن کەسایەتییەکە .

هەندێک نووسەر وا ڕاهاتوون کە چیرۆک بە ڕستەی سەرەتایی وەک پێشەکی دەست پێ بکەن ، بە واتایەک خوێنەر دەبێ یەک دوو لاپەڕە بخوێنێتەوە تا گێڕەرەوە و کەشی چیرۆکی بۆ ڕوون بێتەوە، بەڵام هیچ گەرەنتییەک نییە بۆ ئەوەی کە خوێنەر لە خوێندنەوەی دوو سێ لاپەڕەی سەرەتا بەردەوام بێت، بۆیە زۆر گرنگە کە یەکەم ڕستەکان خوێنەر هان بدەن و هۆگری خوێندنەوەی بکەن.


دیارە هەڵبژاردنی ڕستەکانی سەرەتاش کارێکی ئاسان نییە، چونکە بابەتەکە تەنیا جوڵاندنی هەستی خوێنەر نییە، نووسەر دەبێ لەوە دڵنیا بێت کە دەتوانێ تۆنی ڕستەکانی سەرەتا تا کۆتایی چیرۆک وەک خۆی بەردەوام بکات .

ناکرێت چیرۆک بە کەشێکی شاد و تەنزاوییەوە دەست پێ بکات ، بەڵام دواتر بگۆڕێت بۆ کەشێکی وشک و ساردوسڕ، یان بە پێچەوانەوە .

ڕستە سەرەتاییەکانی ڕۆمان و چیرۆکی سەرکەوتوو و بەردەوامبوونی تۆنەکەیان ، زۆر یارمەتیدەر دەبن لە تێگەیشتن لە گرنگیی تۆن و کاریگەریی وشەکان.

لە زۆربەی ڕۆمانە سەرکەوتووەکاندا ، تۆن پێکهاتەیەکی سەرەکییە کە پڕبەهاتر و گرنگتری کردوون .

لەو ڕووەوە ڕۆمانەکانی the Catcher in the rye (پاسەوانی دەشت) لە نووسینی جی. دی. سالینجەر، Metamorphosis (بەدگۆڕان) لە نووسینی فرانتس کافکا، White Tiger (بەوری سپی) لە نووسینی ئاراویند ئەدیگا، بە نموونەی سەرکەوتوو دانراون.




**سەرچاوە: http://nebesht.com/**

# تیرۆری سیاسی لە ئیسلامدا



**حەمەسەعید حەسەن**

(2)

ئەبووعەفەک دوا جوولەکە دەبێت لە نێوان شەڕی بەدر و شەڕی ئوحددا تیرۆر بکرێت، لە یەسروب دەژیا، بە شیعر خەڵکی لە دژی ئیسلام هان دەدا. کە یاوەرێکی پەیامبەر بە ناوی (سالمی کوڕی عومەیری ئەنساری)یەوە بە کورتەشمشێرێک دەیکوژێت، پەیامبەر دەستخۆشیی لێ دەکات. کە دوای شەڕی خەندەق، قەڵای خەیبەری جوولەکەنشین داگیر دەکرێت، ئیدی جووەکان، ئەوانەی لە مەرگ قوتاریان دەبێت، بە دیل دەگیرێن و مل بۆ موحەممەد نەوی دەکەن. پێشتریش ئیسلام دەستی کوشندەی لە خێڵە جووەکانی ئەو دەڤەرانە وەشاندبوو.

سەرەکخێڵێک کە ناوی خالیدی کوڕی سوفیان بوو، خەریکی کۆکردنەوەی هێز دەبێت بۆ ئەوەی هێرش بکاتە سەر مەدینە، پەیامهێن عەبدوڵڵای کوڕی ئەنیس کە لە کوشتنی کەعبی کوڕی ئەشرەفیشدا بەشداریی کردبوو، ڕادەسپێرێت بچێت تیرۆری بکات، چوو ئامانجەکەی دۆزییەوە، بەوەی پێی گوت، دژایەتی ئیسلام من لەگەڵ تۆدا کۆ دەکاتەوە، هێوری کردەوە، لە ئاوەدانی دووری خستەوە، فەرسەتی لێ هێنا و بە شمشێر کوشتی. لە پاداشتی ئەو کارەیدا پەیامهێن عەسایەکی پێ بەخشی و پێی گوت: لەو دونیا بەم عەسایەدا دەتناسمەوە.

وەک ئیبن هیشام و تەبەری دەیگێڕنەوە، ڕەفاعەی جوشەمی کە نیازی کۆکردنەوەی خێڵی (قەیس)ی بۆ هێرشکردنە سەر مەدینە دەبێت، لەلایەن سێ خۆبەخشەوە کە موحەممەد دەیاننێرێت بۆ تیرۆرکردنی، دەکوژرێت و سەری بڕدراوی دەبرێتەوە بەر دەمی پەیامهێن. سەربڕین و بردنەوەی بۆ جێی مەبەست، دەکەوێتە خانەی سووکایەتیکرنەوە بە جەستە، کە شەرع نەهی لێ کردووە، بەڵام ئەو یاوەرانەی پەیامهێن، پێویستیان بەوە هەبوو بە بەڵگە بیسەلمێنن کە ئەو سەرخێڵەیان کوشتووە!

عەبهەلە یەکێک بوو لەو سەرکردانەی لە موحەممەد هەڵگەڕانەوە، یەمەن و ناوچەیەکی بەرینی دیکەی دوورگەی عەرەبی تا نزیک کەنداوی خستە بن دەستی خۆیەوە. بەپێی گێڕانەوەی ئیبن ئەسیر و تەبەری و یەعقووبی، پەیامهێن کۆمەڵێک لە خەڵکی یەمەنی بۆ تیرۆرکردنی ڕاسپارد، جێبەجێکردنی ئەو کارە زۆری ویست، وەختێک کوشتیان، پەیامهێن لەناو نوێنی مردندا بوو. عەبهەلە پێشتر فەرماندەی لەشکرەکەی خۆی کە فارس دەبێت، دەکوژێت، ژنە جوانەکەیشی کە (ئازاد)ی ناو دەبێت، داگیر دەکات، دۆستە یەمەنییەکانی موحەممەد بە کۆمەکی ئازاد دەگەنە ژووری نووستنی عەبهەلە، دەیکوژن و سەری لە کۆشکەکەیەوە فڕێ دەدەنە خوارەوە.

عەبهەلە ژنێکی هێنابوو کە خۆی مێردەکەی کوشتبوو، ئەو ژنە نەبووایە پلانی کوشتنی سەری نەدەگرت. پێشتر موحەممەدیش ڕیسکێکی وای کردبوو کە (سەفییە)ی هێنابوو، ئاخر سەروەختی داگیرکردنی قەڵای خەیبەر، جەنگاوەرانی ئیسلام باوک و مێردی سەفییەیان کوشتبوو. ئەگەر کەسانێک هەوڵی تیرۆرکردنی موحەممەدیان دابا، ئەگەری ئەوە لە ئارادا هەبوو، سەفییە هەمان ڕۆڵی ئازاد ببینێت و موحەممەدیش هەمان چارەنووسی عەبهەلەی هەبێت. بە سەبایاکردنی ژنانی ئێزدیی شنگال لە لایەن داعشەوە، تازە نەبوو، ڕەچاوکردنی ئەو نەریتە بوو کە لەشکری ئیسلام لەگەڵ ژنانی جوولەکەی قەڵای خەیبەردا پێڕەویان کردبوو.

دوای شەڕی بەدر، کە هەندێک لە سەرانی قورەیشی تێدا کوژرا، سەرکردایەتیکردنی خەڵکی مەککە، بە تەواوی لە دەستی (ئەبوو سوفیان)دا چڕ بووەوە. تا مەککە فەتح نەکرابوو، هەموو ئەو چالاکییانەی دژی ئیسلام دەکران، بە پلەی یەکەم ئەبوو سوفیان لە دوایانەوە بوو، بۆیە ئەوە چاوەڕێکراوبوو ناوی سەرلیستی ئەوانەبێت، کە ئیسلام هەوڵی تیرۆرکردنیان دەدات، بەڵام کوشتنی ئاسان نەبوو، ئاخر لە مەککە دەژیا کە موسوڵمانێکی تێدا نەبوو، زۆریش لە مەدینەوە دووربوو، ئەو ڕێوبانەیشی بەرەو ئەوێ دەچوون، هەموویان لە بن دەستی قورەیشدا بوون. وێڕای دژوارییی ئیشەکە پەیامهێن نائومێد نەبوو، وەک تەبەری و ئیبن ئەسیر دەیگێڕنەوە، ساڵی چوارەمی هیجری، عەمری کوڕی ئوممییەی زەمری کە تازەکی هاتبووە سەر دینی ئیسلام، بۆ کوشتنی ئەبوو سوفیان ڕادەسپێرێت، بەڵام چونکە خەڵکی مەککە دەبێت، لەوێ دەیناسنەوە، دەزانن نیازی خراپە، هەڵی دەبڕن و بە هەڵەداوان خۆی دەرباز دەکات.

تیرۆر کە پەیامبەری ئیسلام پێڕەوی دەکرد، دژی ئەو شەرعە بوو کە خودی خۆی هێنابوویە گۆڕێ، بەڵام بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشە سیاسییەکان، هانای بۆ دەبرد. تیرۆری سیاسی لە سەروەختی پەیامهێندا، کە هەم ماوەیەکی کورتی خایاند و هەم ژمارەی قوربانییەکانیشی کەم بوو، بە پلەی یەکەم لە دژی جوولەکە بوو، بۆ ئەوەی لێیان نەگەڕێت، سەنگەری قورەیش بەهێز بکەن و هەتا بە تەواوی ملی پێ کەچ نەکردن، لێیان نەگەڕا.

هادی عەلەوی دەنووسێت: (هەرچەندە وا چاوەڕێ دەکرێت، کتێبی پیرۆزی ئایینی، زیاتر بە باسکردنی سرووتە دینییەکانەوە خەریک بێت، بەڵام لە قورئاندا کوشتوبڕ بەسەر خواپەرستیدا زاڵە، ئاخر یەکەمیان 174 جار باسی کراوە، بەڵام دووەمیان 99 جار، بۆیە زمانی قورئان زیاتر لە زمانی ڕاگەیاندنی سەربازیی سەروەختی جەنگ دەچێت، وەک لە زمانی کتێبێکی تایبەت بە عیبادەت.) ئەگەر لە یادگەتاندا مابێتەوە، بەلاغە عەسکەرییەکانی دەسەڵاتی بەعس، لە سەروەختی شەڕەکانیدا، زۆر جار بە ئایەتی قورئان دەستیان پێ دەکرد.

2016/4/21
هەولێر

(*) هادي العلوي، ألإغتيال السياسي في ألإسلام، دار المدى، الطبعة السابعة 2012 بغداد.



گۆران محەممەد
goran.mohammed@rudaw.net

# کۆماری فرەسەر

کە سەرکۆماری عێراق دەڵێ ئێستا هەموو لایەنەکان چاویان لە سەرۆکایەتیی کۆمارە، خۆ مەبەستی ئەوە نییە کە چاوەڕێی چارەسەری دۆخی چەقبەستووی عێراقن لەسەر دەستی جەنابیان، نا بەهەڵە تێمەگەن تکایە، ڕاستییەکەی ئەوەیە هەموو لایەنەکان کە بەم دۆخەی ئێستای وڵاتەوە ماندوون، بۆ زاخاوی مێشک لە سەرۆکایەتیی کۆمار کۆمیدیتریان دەستنەکەوتووە.

تەلەبەی تەمبەڵ، ئەگەر ڕۆژی یەکشەممە گلەیی لێبکەیت بۆ ناخوێنی؟ زۆربەی جار لە وەڵامدا دەڵێ ئیشەڵا لە شەممەی داهاتووەوە دەستپێدەکەم، ئەم قسەیە ئێستا پاتێنتەکەی هەر بۆ تەلەبەی تەمبەڵ نییە، جەنابی سەرکۆماریش بەکاری دەهێنێ، ئەها ئەویش دەڵێ لە شەممەوە دەست بە ئامادەکاری بۆ لێکنزیککردنەوەی لایەنەکان دەکەم.

لێی دەپرسن قوربان ئەمریکا هیچ ڕاسپاردەی هەیە بۆتان، دەڵێ نەخێر هیچ فەرمانێک نادەن، ئەمە وەک ئەوە وایە لە کەسێک بپرسی خاڵە تۆ جگەرە دەکێشی؟ ئەویش بڵێ ناوەڵا حەزم لە لەبلەبی نییە. لەوەش گەڕێ، دەڵێ هیچ حیزبێکی عێراقی ئەجێندای دەرەکی و وڵاتانی دیکەی لە پشتەوە نییە، جا لەمەیاندا هیچ ناڵێین، ئاخر مەعلووم، کاک مەعسووم لە هەموو کەس باشتر ئاگادارە.

بەوەدا جەنابی سەرکۆمار دەڵێ هەر کاتێ تەلەفۆنم بۆ عەبادی کردبێ وەڵامی داومەتەوە، یان زۆر زۆر دوای نیو کاژێر خۆی بۆی کردوومەتەوە، ئیدی تەواو دڵنیابووم کە پێگە و سەنگی کورد لە بەغدا پارێزراوە. قوربان ئەی بۆ لەم هەرایەی ئەمڕۆدا جەنابتان بێدەنگن؟ ئاخر نامەوێ قسە بکەم بۆ ئەوەی نەبێ بە فەیسبووک! ڕاست دەکا، ئاخر لەوانەیە وێنەش بگرێ خوانەخواستە ببێ بە ئینستاگرام.

دەڵێ سەرکۆمار ئەگەر سوێندی بە درۆ خوارد، یان خیانەتی (عوزما)ی ئەنجام دابێت، ئەوسا دادگای فیدراڵی لەسەر کاری لادەدا خۆ هەوەنتە نییە، بەو پێیە بێت، ڕێزدار فوئاد مەعسووم تا سێسەت ساڵی دیکە سەرکۆمار دەبێ، ئاخر ئەگەر سوێندیش نەخوا هەر باوەڕی پێدەکەین ئەوە یەک، دووەمیشیان کەسێک ئەگەر هەر هیچ نەکا و تسۆنامییش نەیجووڵێنێ، کەسێک ئەگەر ئەرکی (سوغرا) ئەنجام نەدات، ئیتر خیانەتی (عوزما) ی چۆن لێدەوەشێتەوە ئەزحەیران.

نازانم مووچە و ئیمتیازاتی سەرۆکی کۆماری عێراق چەند و چۆنە، بەڵام بەوەدا بە دەنگی دلێر دەڵێ ناکرێ بەغدا و کوردستان لەیەک دووربکەونەوە و هەردوولا پێویستیان بەیەکە، پێدەچێ چەور بێ.

جەنابی سەرکۆمار کە شەنگالی لێبووە بە ژەنگار! دەڵێ کە ئەو کارەساتە بەسەر ژەنگار و ناوچە کریستیاننشینەکاندا هات، باوەڕ بفەرموون لە شەو و ڕۆژێکدا لە شەش حەفت سەعات زیاتر خەوم لێنەدەکەوت، قوربان خوا فرسەتتان بدات، بەڕاستیی ئەوە تەنیا ئێوەن لەم کۆمارە فرەسەرەدا، ڕێگەچارەی ڕیشەییتان دۆزیوەتەوە، ئاخر ئێوە پەیڕەوکارێکی دروستی ئەو دروشمەن کە دەڵێ: هەرنووستن تا سەرکەوتن.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# خورماتوو.. پاساوێک بۆ ئامانجێکی گەورەتر

هەرچەندە باوەڕم وایە ستراتیجیەتی شیعە لە عێراق و تێڕوانینیان بۆ خورماتوو، داقوق و تازە و تەنانەت بۆ کەرکووکیش زۆر جیاوازە لەو خەیاڵە دۆستانەیەی کورد بۆ پەیوەندیی نێوان خۆی و شیعە دروستی کردووە، لە ڕووی ستراتیجییەوە ئامانجی پرۆسەی تەشەیوع بەبێ ئەو ناوچانە پرۆسەیەکی تەواونەکراوە، بۆیە لە هەر هەلومەرج و دۆخێکدا کە بۆ ئەوان لەبار و گونجاو بێت، ئەوەی داعش بە شەنگالی کرد، ئەمان هەمان سیناریۆ لەو ناوچانە دووبارە دەکەنەوە.

کورد چی بکات و چۆن خۆی لە داوی شەڕی شیعە بپارێزێت، بە چ ئامراز و شێوازێک حاڵەتی ئەمری واقیع لەو ناوچانە بسەپێنێ، ئەمانە دەکرێت لە دەرفەتی دیکەدا بە وردی قسەیان لەبارەوە بکرێت و هێشتاش دەرفەت لەپێش ماوە بە کەمترین قوربانی خۆمان لە بەڵای گەورە بپارێزین، بەڵام ئەوەی مەبەستمە لێرەدا سەرنجی بخەمە سەر، شەڕ و پشێوی و ڕووداوەکانی یەک دوو ڕۆژی ڕابردووی نێوان حەشدی شەعبی و کوردە لە خورماتوو کە پێموایە بەغدا وەک پاساوێکی ناڕەوا و بە مەبەست ئەم ڕووداوانەی لە خورماتوو خوڵقاند، تا کەوتنی بەغدای پێ ڕاست بکاتەوە.

وا بۆ نزیکەی دوو مانگ دەچێت دۆخی سیاسیی بەغدا تەواو ئاڵۆز بووە، فشارەکان لەسەر حوکمڕانیی ئێستای عێراق گەیشتووەتە ئاستێک، دەسەڵات ناچارە مل بۆ گۆڕانکارییەک بدات کە خوازیاری نییە، هەرچەندە پاساوەکەش بریتییە لە بەگژداچوونەوەی گەندەڵی و پرۆسەی چاکسازی لە عێراق، بەڵام ئەوە ڕووپۆشکراوی جەوهەری کێشەکەیە، دیدو تێڕوانینی بەندە ئەوەیە کە بەرەیەک لە ناوخۆی عێراق کە پشتیوانیی نێودەوڵەتی هەیە، بەغدایەکی جیاوازتر لەم بەغدایەی ئێستایان دەوێت.

ڕەنگە لێرەدا نە دەرفەتی ئەوەمان هەبێت و نە پێویست بەو ڕوونکردنەوانە بکات کە عێراق چۆن بوو بە پاشکۆ، چۆن دەسەڵاتەکانی دامەزراوە دەوڵەتییەکانی لەژێر سێبەری پایتەختی دیکەدا بەڕێوە دەبرێن؟ بەڵام ئەوە ڕوونە کە هەم لە ناوخۆی عێراق و هەم لەسەر ئاستی ڕۆژئاوا، نیگەرانیی گەورە هەیە لەو (بەشێنەیی داگیرکردنەوەی عێراق)، مەیلێک هەیە بۆ بەعێراقیکردنەوەی بەغدا. ئەوەی کە ئێستا لە بەغدا دەگوزەرێت شەڕی ئەو ناسنامەیەیە نەک شتی دیکە.

فشارەکان لە بەغدا تادێت زیاتر دەبن، خراپیی گوزەرانی خەڵک و گەندەڵی و فەسادی سیاسی و ئیداری، بە قازانجی بەهێزبوونی ئەو بەرە عێراقییە کە دەخوازن سنوور بۆ حوکمڕانیی زاڵی شیعە دابنێن. ناوماڵی شیعی لەبەردەم لێکترازانی گەورەدایە، نە مەرجەعیەت و نە ئێرانیش نەیانتوانی ڕێگە لە دروستبوونی ئەو درز و کەلێنانە بگرن کە لە نێوانیان دروست بووە، داهاتووی شیعە لە عێراق و کاریگەرییان لە تەواوکردنی ئامانجە ستراتیژییەکە پەیوەستە بەم ڕووداوانەی ئێستاوە. بۆیە (عوقەلاکانیان) بەدوای دەروازەیەکدا دەگەڕێن کە لەلایەک شیعە و لەلایەکیش بەغدای لەو مەترسیانە پێ ڕزگار بکەن.

هیچ دوور نییە ئەوەی لە خورماتوو دەگوزەرێت سەرباری بوونی زەمینەی لەبار بۆ سەرهەڵدانی کێشەی لەم جۆرە و تەقینەوەی ناکۆکیەکانی نێوان کورد و حەشدی شەعبی، بەڵام لەو سیناریۆیە بەدوور نییە کە ئامانج لێی گۆڕینی ئاراستەی ڕووداوەکانی بەغدا و وروژاندنی هەست و سۆزی خەڵکی شیعە بێت لە عێراق، تا لەلایەک فشارەکان لەسەر بەغدا کەم ببێتەوە و سۆزی گشتیی شیعەی پێ یەکبخرێتەوە.

بۆیە وێڕای ئەوەی پاراستنی ئەو ناوچەیە و پێگەی سیاسیی کورد لەو هاوکێشانە، ئەرکێکی نیشتمانیی گەورەیە، دەبێت سەرکردایەتی سیاسیی کورد بەرپرسیارانە ئەرکی پاراستنی سەروماڵی هاووڵاتیانی کورد بگرێتە ئەستۆ، لەگەڵ ئەوەدا پێویستە ئاگای لەوەش بێت کورد نەکرێتە ئامراز و پاساوی کێشەکانی بەغدا. دەبێت زۆر بە وردی بیر لە ڕێگەچارەیەک بکرێتەوە کە چیتر بەغدا بۆ خۆدەربازکردنی لە قەیرانەکانی خۆی، کورد پەلکێشی ناو کێشەکانی نەکات، یان کورد نەکاتە پاساوی خۆدەربازکردن.

بۆیە چۆن بەغدا ئیستیغلالی بوونی ئەو زەمینەیەی خورماتوو دەکات و ئەمە چەند جارێکە لە کات و دۆخی جیاجیادا بەکاری دەبات. پێویستە کوردیش ئەو دەرفەتە بقۆزێتەوە و چارەسەری ڕیشەیی کێشەکانی خورماتوو بکات کە ئەویش بە وەدەرنانی حەشدی شەعبی دەبێت لە ناوچەکە و دواتر مامەڵە لەگەڵ ئەمری واقیع بکرێت. چونکە ئەوە ڕوونە کە بەغدا نیازی خراپە لەگەڵ ئەو ناوچانەی کوردستان، شەڕی داعشی کردووە بە پاساو و بیانوویەکی ناڕەوا بۆ دروستکردنی هێزی میلیشیای شیعی و هێنانی حەشدی شەعبی.

وا نزیک بە دوو ساڵە (گوندی بەشیر) لە نزیک شاری کەرکووک لەلایەن داعشەوە داگیرکراوە و کراوەتە پاساو بۆ بەهێزکردنی پێگەی شیعە لە ناوچەکانی کەرکووک و خورماتوو. هیچ لۆژیکێک لەوەدا نییە بە نزیکەی دوو ساڵ بە هەموو سوپای عێراق و چەندین هەزار چەکداری حەشدی شەعبییەوە نەتوانن گوندێک کۆنترۆڵ بکەنەوە، ئەگەر مەسەلەکە هێشتنەوەی نەبێت وەک پاساوێک بۆ داگیرکاریی ناوچەکە و چاوەڕوانکردنی هەلی گونجاو.

دەبێت کورد وردتر بیر لەو سیناریۆیانە بکاتەوە، بەر لە هەر شت پێویستە کورد خۆی وەک لایەنی سەرەکی لە شەڕی داعش و هێزی یەکلاکەرەوە لە ناوچەکانی کەرکووک، داعش لە گوندی (بەشیر) وەدەرنێت، بەوەش لەلایەک مەترسیی داعش لەسەر کەرکووک و تازە خورماتوو و داقوق ناهێڵێت و لەلایەکی دیکەشەوە پاساوی مانەوەی حەشدی شەعبی و چەکدارکردنی شیعەی ناوچەکە نامێنێ کە بەشی هەرە زۆریان عەرەبی پرۆسەی تەعریبی سەردەمی سەدامن.

مانەوەی ئەو دۆخە هیچ خزمەت بە ئایندەی کورد و ئەو ناوچەیە ناکات، کارتێکی گوشاری بەردەوامە بەدەستی بەغداوە و لە هەر دەرفەت و بۆ هەر مەبەستێک ویستی بەکاری دەبات، هیچ دەربەستی ئەوە نییە ئەو گەمەیە لەسەر حسابی خوێنی کورد و ناسەقامگیری و دڵەڕاوکێی خەڵکی ناوچەکەیە. دەبێت کورد بە وشیارییەوە ڕیشەی کێشەکان ببچڕێت تا نەبووەتە گرێی شێرپەنجەیی لەسەر جەستەی کوردستان.



بەرزان فەرەج
barzanfa@gmail.com

جیهانێکی دی

# سەدەی تیرۆر، جەنگێکی نوێ

سەدەی پێشوو دواساتیماڵئاوایی، ئەرشیفێکی پڕ دیمەنی کوشتاری خوێناوی بە تایبەتی دوو جەنگی جیهانی وەحشەتناکی لە یادەوەریی مرۆڤەکاندا جێهێشت. دوو جەنگ، دڵڕەقانە دروێنەی جەستەی بەشێکی مرۆڤایەتییان کرد کە قەدەریان وابوو لە زەمەنێکدا بژین ببنە شایەتی دووبارەبوونەوەی مێژووی خودکوژیی جیهانێک، نەوەکانی جینۆساید و وێرانەیان بۆ ئەوانی دوای خۆیان جێهێشت و بەو هیوایەش ماڵئاوایی لە خوێناویترین ساڵەکانی خۆی کرد و پێی نایە سەدەیەکی نوێوە، کە ئاشتی ویژدانی بیماری مرۆڤایەتی ئاسوودە بکات کە لە ماوەی سەد ساڵدا 231 ملیۆن ڕۆڵەی بوونە قوربانیی جەنگەکانی جیهانی، ناوخۆیی، شۆڕش و یاخیبوونەکان، تیرۆر و زوڵمی سیستەمە ستەمکارەکان. مرۆڤایەتییەک کە تەنیا لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا 19 ملیۆن و لە جەنگی دووەمی جیهانیدا 70 ملیۆن مرۆڤی لەدەستدا، بە هیوای ماڵئاوایی لە جەنگ، ماڵئاوایی لە مێژوویەک کرد کە بە چەمکی فۆکۆیاما کۆتایی هاتبوو.

ئەم سەدەیەش بەدەر لە هیوای ئەو نەوەیەی خۆشحاڵیی دوا ماڵئاواییان پێبڕا لە هەزارەی دووەم و پێشوازیی هەزارەیەکی نوێی بێ جەنگ و کوشتار، کە مرۆڤایەتی پێکەوە هەموو جیهان لە گوندێکی بچووکدا کۆبکاتەوە و خۆشنوودییەکانی تێدا ببینێ، نەک گوندێک لەیەکەم ساڵیدا ببێتە شانۆی کارەساتەکان و شارستانیەتێکی مەزن بە هەمان تەکنیکی خۆی بخاتە کەناری هەرەس و وەهمی ئەوەی هیچ مەزنییەک ئەبەدیەتی نییە تا جیهان پێکەوە هەموو خۆشنوود و هاوبەش نەبن لەو مەزنیەدا. هیچ شارستانێتیەک باڵا نییە تەنانەت لەبەردەم هێزێکی بچووکی کەنارخراوی دەرەوەی مێژووشدا کە لە یانزەی سێپتەمبەری سەرەتای سەدەی نوێدا بە داڕماندنی دوو باڵاترین سەمبۆلی سەروەریی جیهانی ئازاد، پەیامێک بگەیەنێت کە دەشێت ئەو شارستانێتیە هەمیشە خۆی بەرامبەر هەڕەشەی وێرانکردن ببینێتەوە ئەگەرچی لە گرووپێکی کەنار و بێهێز و بێهودەشەوە بێت.

بەڵێ دەشێت ئەم سەدەیەش تا دواساڵەکانی کۆتایی بە سەدەی تیرۆر بناسرێت و ترسناکترین دوژمنی تیرۆر و سەختترین جەنگی لەگەڵ تیرۆردا بێت و مەزنترین سەرکەوتنیشی هەر بەسەر تیرۆردا بێت. نەوەیەکیش قەدەر ئەو شانسەیان پێ دەبەخشێ کە دواساتی ماڵئاوایی لەم سەدەیە ببنە شایەتی یادەوەرییەکانی سەدەی بیست و یەکەم کە قەدەریان جەنگ و ژیان لەگەڵ تیرۆر و شکستپێهێنانیدابوو.

دەشێت هێشتا مێژوو بەردەوام بێت و کۆتاییەکانی خۆی نەژی، هەرچەندە بەچەمکی فۆکۆیامایی مێژوو کۆتایی هاتووە و منیش هاوڕام لەسەر ئەوەی کە لەدوای سەرکەوتنی ئەو مۆدێل و ڕیتمەی ژیانی مرۆڤایەتی کە ئێستا پێی گەیشتووە، ئیدی چاوەڕوانی مۆدێلێکی دی ناکرێت ببێتە ئەڵتەرناتیڤی و کۆتایی بەو مێژووە بهێنێ. بەسەرکەوتنی ڕۆژئاوای ئازاد بەسەر دوژمنە ناوخۆییەکانی خۆیدا، بەسەر سیستەمە تۆتالیتار و دیکتاتۆرییەکان، کۆمۆنیزم و نازیزم و فاشیزمدا، ئیدی مێژوو کۆتایی هاتووە. ئەمە ڕاستە، بەڵام مێژوویەک کۆتایی هات و مرۆڤایەتی پێی نایە جیهانێکی دیکەوە کە مەحکومە بەوەی مێژوویەکی دی بنووسێتەوە و کۆتایی مێژوویەکی دیش ببینێ، کۆتایی هەڕەشەیەک هەرچەندە خودکوژ و بێهودەش بێت و لە وەهمەوە ڕووخانی جیهانی ڕاگەیاندبێت، بەڵام بە مەترسیدارترین کێشەی ئەم سەدەیە دەمێنێتەوە.

ئەم سەدەیە لە یادەوەریی نەوەکانیدا بەسەدەی تیرۆر دەناسرێ، ئەوەتا دەیەی یەکەمی ئەم سەدەیە کۆتایی هات و پێی نایە نیوەی دەیەی دووەمیەوە و ترس لە تیرۆر هاوشانی ژیانی مرۆڤەکانە لە هەموو شوێنێکی جیهاندا. ئەو دوژمنە نادیارەی کە ئەم گوندە بچکۆلەیەی جیهان کە سیستەمی جیهانگیری خەونی پێکەوە ژیانی هەموو نەوەکانی تێدا دەبینی، کردووەتە جیهانێکی پڕ لە ترس و گومان لەیەکدی، نامۆ بەیەک، ترس لە پێکدادانی نەتەوە و ئێتنیک و ئایینەکان. جیهانێک خەریکە لەو گوندە بچکۆلەیەدا هەمووان لە هەمووان بترسن و هەمووان گومان لەیەکدی بکەن. خەریکە هەموو ئەو تەکنەلۆژیا نوێیانەی کە بۆ خۆشبەختی و یەکدی ناسین و تێکەڵاوبوونەوەی نەوەکانی جیهان داهێنران، ئەو تەکنیکەی کە دەیویست سنوورەکانی نێوان مرۆڤایەتی سەر نەخشەی جیهان لەسەر شاشەی کۆمپیوتەر و تەلەفۆن و تۆڕەکانی فەیسبووک و تیوتەر و ڤایبەر بسڕێتەوە، ببنە هەڕەشە و هێرش بۆ سەر یەکدی، خەریکە خودی ئەو تەکنیکانە ببنە ئامێری چاودێری و هەمیشە کۆنترۆڵکردنی یەکدی، ئامێری گومان لە یەکدی، سیخوڕی بەسەر یەکدییەوە. بەڵێ ئەو هێزە کەنارخراوەی تیرۆر وای کرد مرۆڤایەتی خۆی گومان لەخۆی بکات و لە هەموو جووڵە و چرکەیەکی ژیانیدا لەژێر چاودێریی و سیخوڕیدا بێت. کاتێک جیهان لە بەرامبەر دوژمنێکی نادیاردا بێت، هەقیەتی کە گومان لە هەموو نەوەکانی خۆی بکات، هەقیەتی لە هەموو کوچەو کۆڵان و شەقام و ئاسمان و زەمیندا کامێراکانی چاودێری دابنێت، هەقیەتی گوێ لە هەموو قسەکانی ڕۆژانەمان و شتە تایبەتیەکانیشمان بگرێت. هێشتا ئەم نەوەیە یادەوەریی یانزەی سێپتەمبەر دەژی، هێشتا ئەو ڕۆژە ئامادەیی هەیە و بە دوای خۆیدا مرۆڤایەتی و ئەم سەدەیەی لە جەنگە بەردەوامەکانی و دەرئەنجامەکانی ڕزگار نەکردووە. لەدوای یانزەی سێپتەمبەری ئەمەریکاوە کاتێک کە جیهان هەموو بوونە ئەمەریکی، چەندین وڵات و نەتەوەی دیکەش یانزەی سێپتەمبەری خۆیان ژیان. جەستەی چەندین نەتەوەی دیکەش خوێناوی کران. لەو ساتەوە جیهان لەژێر سێبەری جەنگێکی شاردراوە، هەمیشە چاوەڕوانکراو و ترسناکدا دەژی کە هەموو سات و ساڵەکانی ئەم سەدەیەی لەبەردەمی خۆیدا کردووەتەوە و تێیدا خۆی نمایش دەکات و دڵڕەقانەترین شێوەکانی مەرگ نیشانی نەوەکان دەدات.

ئەو جەنگە کۆتایی دێت، ئەو هێزە کەنارییە خودکوژە ناتوانێت لەگەڵ کوشتن و مەرگی خۆیدا مەرگی هەموو مرۆڤایەتی ڕابگەیەنێت، ناتوانێت هەموو جیهان وێران بکات، بەڵام یەکلاکردنەوەی ئەم جەنگە پێویستیشی بە فۆرمێکی نوێی پێکهێنانەوەی جیهان و پێکەوە ژیانێکی دیکەی مرۆڤایەتی هەیە لەسەر هەموو ئاستەکان. جیهانێک کە دەبێت تێیدا ئاشتی و خۆشگوزەرانی، تێرو تەسەلی و ئارامی و مافەکان بۆ هەمووان بێت، ئەگەر بە چەمکی مارکسیانە و سۆشیالیستە یۆتۆپیەکانیش هەمووان لە گوندێکی هاوبەشدا بە یەک ئاست و هاوتا نەژین، ئەوا خۆ دەبێت هەر تاکێکی مرۆڤایەتی بەشێک لەو خۆشگوزەرانی و ئارامیەی بەریکەوێت کە دەسکەوتی هەموو جیهانە، بۆ ئەوەی ئیدی کارەساتەکان و ڕق لەیەکدی دووبارە نەبنەوە. چونکە دواجار وەک مارکس دەیگوت تا جیاوازییەکان هەبێت ململانێش بەردەوام دەبێت. مێژووش بە کۆتایی ململانێکان کۆتایی دێت.



ڕابەر تەڵعەت

# ژماردنی کام سامان، نەوت یان مرۆڤ؟

حیزبەکانی هەرێمی کوردستان سیاسەت بە پرسێکی حیزبی تێگەیشتوون نەک گشتی، بەو مانایەی هەموو ناکۆکی و دانوستاندنەکانی نێوانیان، پەیوەندی بە خواستی حیزبەوە هەیە نەک خەڵک. ئەوان لە پێناو ڕازیکردنی غروری حیزبییانەی خۆیان و ئامانجی کەسایەتییەکانی ناو حیزبەکانیان، هیچ سنوورێک ناناسن، نە لە دوژمنایەتیدا، نە لە دۆستایەتی و لێکنزیکبوونەوەشدا، بەو واتایەی تەوەری دۆستایەتی و دوژمنایەتی لەلای حیزبی کوردی، تەنها لە ڕوانگەی حیزبییەوەیە، نەک سیاسەتی گشتی پەیوەندیدار بە چارەنووسی خەڵک یان کۆمەڵگا یان پرسی نەتەوە. گرفتەکەش ئەوەیە، ئەم تێگەیشتنە شۆڕ بووەتەوە بۆ ناو هەناوی کۆمەڵگاش، حیزبەکان هەریەکەیان، جەماوەری خۆیان لەسەر تووڕەیی و پەرچەکردار ڕاهێناوە، جەماوەرێک بەبێ ئاگایی خۆی بووە بە بەشێک لەو دابەشبوونە و لە توندوتیژترین حاڵەتی خۆیدا شەڕی بۆ دەکات، نەک بە تەنیا جەماوەر، بەڵکو میدیا و ڕێکخراوەکان و مزگەوت و ناوەندەکانی خوێندن و زانکۆش، هەموو ئەوانە بوون بە بەشێک لەو فەزایەی کە حیزب وەک تاکە ئاکتۆری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، دەستی بەسەردا گرتووە. ئەمەش وای کردووە کە لە هەرێمی کوردستاندا شتێک نەمێنێ بەناوی فەزای گشتی Public Sphere ، فەزای گشتی کە دەبێت بێلایەن بێت و کاریگەریی هیچ هێز و سیمبولێکی بەسەرەوە نەبێت.

لە غیابی فەزای گشتیدا، هیچ دەزگایەکی کۆمەڵایەتی و مەدەنی وەزیفەی خۆی ئەنجام نادات، ئەمە یەکەم هەڵەی ئەو سیستەمە فرە حیزبییەی کوردستانە کە وا تێگەیشتووە، مادام فرەحیزبی هەبوو، ئەوا دەبێ دیموکراسیش هەبێت و چالاکانە وەزیفەکانی خۆی ئەنجام بدات. لە کاتێکدا نە فرەحیزبی بە تەنیا دەتوانێ دامەزرێنەری دیموکراسی بێت، نە دیموکراسیش دەتوانێت وەک مۆدێل بگوازرێتەوە و پەیڕەو بکرێت. لێرەدا، هەڵەی دووەمی تێگەیشتنی باوی خەڵک و حیزبەکان ئەوەیە کە وەک مۆدێل سەیری دیموکراسی دەکەن، لە کاتێکدا دیموکراسی مۆدێل نییە، بەڵکو پرۆسەیە، یەکەم پێناسەش بۆ دیموکراسی وەک پرۆسە، بریتییە لە بەڕێوەبردن و ئیدارەدانی جیاوازییەکان بەشێوەیەکی ئاشتیانە و دوور لە توندوتیژی، وردەکارییەکانی دیکەی ئەم پرۆسەیە، پەیوەندی هەیە بە بونیادنانی سامانی مرۆیی، بونیادی ئابووری و دارایی، گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی بونیادێکی شارییانەی مۆدێرن، کە ئێمەی کورد تا ئێستا ژێرخانی ئەو دیموکراسییەمان نییە، فرەحیزبی و هەڵبژاردن کە ئێمە هەمانە، دەتوانێ دەسپێکێکی باش بێت، بەڵام ئێمە دەبێت خۆمان لە قۆناغی بونیادنانی ژێرخانی دیموکراسیدا هەڵبسەنگێنین نەک لە قۆناغی پراکتیزەکردنی دیموکراسیدا، ئەوەش کێشەکەمانە، چونکە بەر لەوەی باسی ژێرخان بکەین، بازمان داوە بۆ دەرئەنجام، کە باسی دیموکراسی و ڕەخنەی دیموکراسیی کوردییە!

هەر لە باسی ژێرخاندا، دەمەوێت بێمە سەر ئەو باسەی کە بۆچی پرسی نەوت و سەرجەم پرسەکانی دیکەی تایبەت بە سیستەم و فەرمانڕەوایی، نابێت بە پرسی یەکەمی خەڵک، چونکە ئەو باسە و سەرجەمی باس و خواسەکانی دیکەش، سەبارەت بە سامانی وڵات و دامەزراندنی دیموکراسی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و گەندەڵی و ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتەکان و هەموو ئەوانەی دیکە، دوو کێشەی جەوهەرییان هەیە: یەکەم، ئەو باسانە بوون بە کۆمەڵێک گوتار و دیسکۆرسی میدیایی و حیزبی، تەنها لە کاتی قووڵبوونەوەی قەیرانی نێوان حیزبەکاندا دێنە مەیدان و تەنها لە کاتی ناکۆکی و دژایەتییەکانیشدا گەرموگوڕییان پێوە دیار دەبێت، بەو مانایەی هیچ کام لەم پرسانە نەیانتوانیوە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ بە ژیانی هاووڵاتیانەوە دروست بکەن و لە ئاستی گوتاری نوخبە و سیاسییەکانەوە دابەزێنە سەر ئاستی بەرنامەی کردەیی و ئاکشن پلانی بۆ دابنرێت. دووەم، باسی ژێرخانە، کۆمەڵگا و دیموکراسی لە هەرێمی کوردستاندا گرفتی بونیادیی گەورەی هەیە لە ژێرخانی خۆیدا، فەزای گشتی بوونی نییە، شتێک نییە بە ناوی ئابووری لە دەرەوەی ئەو ئیرادەیەی کە حیزب دەستی تێدا هەیە، ئەگەر هەشبێت زۆر لاوازە، سامانی مرۆیی لە ئاستێکی زۆر نزمدایە، زیاتر لە 60%ی ئەو دەستی کارەی کە هەیە، یان نەخوێندەوارە یان ئاستی خوێندەوارییەکەی لە ئاستێکی سەرەتاییدایە، کەرتی پەروەردە شکستی گەورەی هێناوە و ناتوانێت کادیری شارەزا بە کۆمەڵگا ببەخشێت، شار بە مانا مۆدێرنەکەی خۆی، هێشتا لە هەرێمی کوردستاندا زۆر لاوازە و شتێک نییە بە ناوی چینی مامناوەند جگە لە حەشیمەتێکی فراوانی مووچەخۆر کە چاوی لە دەستی حکومەتە، یان نوخبەیەکی بچووکی سەرمایەدار کە بەرژەوەندییەکانی لە دەستی حکومەتە. ئەمانە و دەیان هۆکاری دیکەش هەن کە وادەکەن هەموو ئەو پرسانەی باسمان کردن، بەتەنها لە چوارچێوەی گوتارێکی میدیایی، ڕووناکبیری یاخود حیزبیدا بمێننەوە و نەبنە بەشێک لە دینامیکی جوڵە و تێگەیشتنی کۆمەڵگا و خەڵک بۆ ڕیشەی گرفتەکانی خۆی.

بۆیە ئەوەی ئێستا لە چوارچێوەی باس و خواسی دیموکراسی و نەهێشتنی گەندەڵی و ئاشکراکردنی ژمارە قەبەکانی سامانی نەوتەوە دەگوترێت، دەبێت لە ژماردنی ملیار دۆلارەکانی نەوت و دەفتەر دۆلارە دزراوەکانەوە بگوازرێتەوە بۆ ژماردنی ئەو گرفتانەی کە منداڵێکی سەرەتایی لەگەڵ وانەکانی قوتابخانە هەیەتی، یان ژماردنی ئەو گرفتانەی کە نەخۆشێک لە کاتی وەرگرتنی چارەسەریی ئاسایی خۆیدا هەیەتی، ژماردنی گرفتەکانی پەروەردە و تەندروستی و زانکۆکان، ژماردنی هەڵەی سیاسی و مەلا و دکتۆر و ڕۆشنبیر و میدیاکان کە ڕۆژانە دەرهەق بە هاووڵاتیی ئەم وڵاتە ئەنجامی دەدەن. زمانی ژمارەکان بە تەنها بۆ ژماردنی ئەوەی کە دیار نییە و دزراوە بەس نییە، بەڵکو دەبێت ئەوەش بژمێرێت کە دەبێ بۆ هاووڵاتییەکی ئاسایی بکرێت و نەکراوە. ڕزگارکردنی ئەو وڵاتەی ئێمە، لە ژێرەوەی هەڕەمەکەوە دەستپێدەکات، بۆیە دەڵێم، نیو مووچەی فەرمانبەرێک، بۆ ئەو خەڵکە، لە دەیان ملیار دۆلاری پارەی دزراوی نەوت گرنگترە. ژماردنی کەموکوڕییەکان لە سامانی مرۆییدا، لە ژماردنی پارەی نادیاری تانکەرە نەوتەکان گرنگترە. ئەوەی کۆمەڵگا و دەوڵەت بونیاد دەنێت، بە پلەی یەکەم مرۆڤ و سامانی مرۆییە نەک سامانی نەوت و گاز.

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# کەی دەگاتە نێچیرڤان بارزانی؟

1

هەوڵەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئەنجامدانی چاکسازی (چ لەناو حیزب و چ لەناو حکومەت) جێی دەستخۆشی و خۆشحاڵین، بەڵام چەندە ڕاگەیاندنی ئەم چاکسازییانە گرنگن، هەزار ئەوەندەش بەدواداچوونی ورد بۆ کار و بڕیاری لیژنەی پەیوەست گرنگە، بۆ ئەوەی چاکسازی نەبێ بە کەرەستەی تەسفیە حیسابی سیاسی. لایەنی لاوازی ئەم چاکسازییانە ئەوەیە کە سنووری چاکسازی تەنیا زۆنی زەردە و، شمولی سەوز و نیلی ناکات. لە کاتێکدا بەشی هەرە زۆری نارەزایەتییەکانی کوردستان لە زۆنی سەوز و نیلییە و ئەوەش لە دەرئەنجامی ئیدارەی هەڵە و گەندەڵیی بەرفراوان لەوێ هاتووەتە ئاراوە. بە هەزاران دۆسیەی گەندەڵی لە ساڵانی ڕابردوودا لەلایەن لیژنەی دەستپاکی لە سلێمانییەوە نێردراون بۆ پەرلەمان، بەڵام کاریان لەسەر نەکرا.

هیچ گومانێکم لە نیەتی پاک و بەرپرسیارانەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان نییە، بەڵام ئەو ڕاستییەش هەیە کە هەر لە سەرەتای ڕاگەیاندنی ئەم چاکسازییانەوە، بڕێکی زۆر سەرمایە و نەختینە لە کوردستان بردراونەتە دەرەوە. ئینجا ڕۆژ نییە لەملاو ئەولا ناوی بەرپرسێک یان چەند کەسێکی دەسەڵاتداری ناو پارتی و حکومەت بڵاو نەکرێتەوە کە دەست بەسەر موڵک و ماڵیاندا گیراوە، یان گەشتی دەرەوەی وڵاتیان لێ قەدەغە کراوە. ئەوانەی ئێستا و ئەوانەی لە داهاتووشدا ناویان بڵاودەبێتەوە، پتر لەوەی چەند کەسانێک بن کە بە پەنجەی دەست بژمێردرێن و سەرچاوەی هەموو گەندەڵییەکان بن، کەسانێکن کە تێکڕای سیستەمی حوکمڕانیی کوردستانیان پێکهێناوە. هیچ کەسێک نییە لە کوردستان پشکی لەو سیستەمە گەندەڵە بەرنەکەوتبێ.

کە لە دەرەوەشەوە سەیری ڕێڕەوی چاکسازییەکان دەکەی (بەپێی ئەو زانیارییانەی دزە دەکەنە میدیا)، هەستێکی وا دروست بووە کە باڵێکی ناو پارتی، لەژێر ناوی ریفۆرمدا خەریکی ئینقیلابێکی هێمنانەیە بەسەر باڵەکەی دیکەدا کە حکومەتی بەدەستەوەیە. بۆیە بەدوور نازانرێت کە ئەو پرۆسەی چاکسازییە سەرباری ئەوەی دەتوانێ لە زۆنی زەرد سەرکەوتوو بێت، بەڵام لە هەمانکاتدا، کۆتایی بەو حکومەتەی ئێستاش بهێنێ.

## ڕێککەوتنی سیاسی بۆ هێنانەوەی نەوشیروان مستەفا

2

گرنگترین چاوەڕوانییەک کە لە ڕێککەوتنی سیاسیی نێوان بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان (ئەڵبەتە باڵی دەستڕۆیشتوو) هەیە، ئەوەیە کە ئەو ڕێککەوتنە، تەنیا لەسەر ئاستی ئیدارەدانی ناوچەیی نەبێت. واتا ڕێککەوتنەکە تەنها بۆ سلێمانی نەبێت و شمولی هەولێر و بادینانیش بکات. چونکە یەکێتی قەت نایەوێ گۆڕان لە دەرەوەی سلێمانی بکاتە شەریکی خۆی. بە دیوێکی دیکەدا یەکێتی باش دەزانی لە دەرەوەی سلێمانی، چی لەگەڵ پارتیدا هەیە و لەوەشیاندا گۆڕان خاوەنی هیچ نییە. هەروەک چۆن پارتی سەرباری هەموو شەراکەت و ڕێککەوتنێک لەگەڵ یەکێتیدا، لە سلێمانی خاوەنی هیچ نییە.

بەهەرحاڵ مقۆمقۆی یەکگرتنەوە و تێکەڵبوونەوە کۆتایی هات، ئێستا باسی ڕێککەوتنی سیاسی دەکرێت. لە بنەڕەتدا، لە دوای نەخۆشکەوتنی مام جەلالەوە، گۆڕان هێرشەکانی خۆی بۆ سەر یەکێتی وەستاند و چاوپۆشیشی لە هەموو ئەو خروقاتانە کرد کە یەکێتی لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی عێراق و ئەنجومەنی پارێزگاکان لە 2014 لە سلێمانی و کەرکووک کردنی. ئینجا گۆڕان سەرباری ئەوەی کە براوەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی بوو، بە فیفتی فیفتی ڕازی بوو. بەڵام یەکێتی نەیتوانی لەگەڵ گۆڕاندا ڕاستگۆ بێت، چونکە لەگەڵ ئەوەیدا کە لە پەرلەمان خاوەنی یەک وەرەقەی سیاسی بوون، بەڵام کاتێک پارتی گۆڕانی لە حکومەت دەرکرد، یەکێتی فرزەی لێوە نەهات و تا ئێستاش بەشدارە لە حکومەت.

هەر لە چوارچێوەی ئەو ڕێککەوتنە سیاسییەدا، بژارەیەک هەیە کە ئەگەر یەکێتی ڕاستگۆ بێت (بۆ بەگشتیکردنی ڕێککەوتنەکە)، ڕەنگبێ هەم ناوماڵی یەکێتی پێ ڕێکبخرێتەوە و هەمیش بتوانێ گرێکوێرەکانی پەرلەمان و حکومەت بکاتەوە. لە حاڵەتێکدا کە ئەو ڕێککەوتنە سەربگرێت، دەبێ مەرجەعیەتێک سەرپەرشتیی سیاسەتە هاوبەشەکان بکات و ئەو کەسەش دەکرێ نەوشیروان مستەفا بێت. ئەوکاتە هاتنەوەکەی بۆ کوردستان زرووفێکی نوێ دێنێتە گۆڕێ و ئەو کۆمیتەیەش کە لە ئەنجامی ئەو ڕێککەوتنەدا دروست دەبێت، لەگەڵ پارتی و لایەنەکانی دیکەدا دانوستاندن دەکات.

بۆیە ئەگەر ئەو ڕێککەوتنە مەرجەعیەتێکی سیاسیی سەرووی خۆی نەبێت، نە سەردەگرێت و نە جێگەی باوەڕیشە. تەنها حەماسی کۆنە یەکێتییەکانە بۆ چاخواردنەوە و قاوەخواردنەوەی هاوبەش، نەک سیاسەت و ئیدارەدان.

## فراکسیۆنی خلە و بلە!

3

پەرلەمانتارانی پێشووی گۆڕان و یەکگرتوو تاڤگە ئەحمەد و عادل نووری، لە فراکسیۆنەکانی خۆیان دەرکراون. جاران تاڤگە ئەحمەد (کە پێدەچێ لە بەغدا پرۆگرامی حەنان فەتلاوی خرابێتە سەر)، لە پاڵ خوشک و برا عارەبە شۆڤینییەکانی، دژی هەموو زوڵمێکی کورد بەرامبەر عەرەب وەستابووەوە و تەنانەت باسی لە ڕێکاری یاسایی دەکرد کە چۆن سەرۆکی هەرێمی کوردستان بداتە دادگا، بە تۆمەتی ئەوەی یەکپارچەیی خاکی وڵاتی بەناو عێراقی نەپاراستووە... ئێستا پەرلەمانتارێکی دیکەش چووەتە پاڵ ئەو خاتوونە و دەیانەوێ لە ژێر چەتری فراکسیۆنێکدا، درێژە بە مانگرتنی خۆیان بدەن بۆ بەدەستهێنانی پۆست لە بەغدا!

خۆشترین نوکتەی ئەم فراکسیۆنە ئەوەیە کە هەردوو ئەندامەکەی ئیدیعای داکۆکی لە مافەکانی گەلی کورد دەکەن! سەیرە حیزبی کوردی خەڵکانێک بنێرێتە بەغدا و فێری جیاوازییەکانی نێوان عەرەب و کوردی نەکردبن. ئەوان مانیان گرتووە بۆ ئەوەی کورد لە بەغدا دەربکرێ، کەچی باسی شەهیدبوون لەپێناو مافەکانی گەلی کورد دەکەن!



عادل باخەوان
adel.bakawan@gmail.com

# کارتەکانی فشاری داد و گەشەپێدان

لە دۆخی "جەنگی ناوخۆدا"، جەنگی نێوان دەوڵەت و پارتی کرێکارانی کوردستان، ئەردۆغانی سەرۆک کۆمار دێت و فشار دەخاتە سەر تەواوی ئەو هێزە سیاسیانەی کە تا دوێنێ لە بەرامبەریدا وەستابوون و گرفتیان بۆ دروست دەکرد. یەکەم قوربانیی دۆخی "جەنگی ناوخۆ" و فشاری حکومەت بریتییە لە پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە)، چونکە دەوڵەت هەموو تواناکانی سازدا بۆئەوەی وەک دیوی دەرەوەی پەکەکە بیخاتە سەر شانۆ و لە پەکەکەدا کورتی بکاتەوە. بێگومان لە تورکیاشدا، ئەم ستراتیژیە بۆ سەرکەوتنی حیزبێک لە هەڵبژاردنەکاندا، هەمیشە دەرەنجامی ئیجابی بەدەستەوە دەدات. هەر حیزبێک بەڕاشکاوی جەنگ دژ بە کورد بەگشتی و پەکەکە بەتایبەتی ڕابگەیەنێت، بازاڕی ڕای گشتی بۆ خۆی گەرم دەکات.

لەم بازاڕەدا، جەنگ دژ بە کورد و پەکەکە، بەدرایژیی مێژووی سەدەی بیستەم، یەکێکە لەو کاڵایانەی کە هەمیشە نرخێکی گەورەیان لەسەر دانراوە.

لە 10ی ئۆکتۆبەری 2015 دا، دیسانەوە تەقینەوەیەکی گەورە لەنێو دڵی کۆبوونەوەیەکی جەماوەریی هەدەپەدا ڕوودەدات و 102 کەس دەکوژرێن و 500 کەس بریندار دەبن. دوو ڕۆژ دواتر، هەدەپە تەواوی کۆبوونەوە جەماوەریەکانی هەڵدەوەشێنێتەوە و نایەوێت لایەنگرانی بکات بە خۆراکی تەقینەوە تیرۆریستییەکان.

بەرامبەرەکانی دیکەی پارتی داد و گەشەپێدان، هەر یەکە و لە ئاستی خۆیدا، خرانە ژێر هەڕەشە و فشارەوە. لە 6ی سێپتەمبەری 2015 دا، 150 لایەنگری داد و گەشەپێدان، بەتۆمەتی دەستکاریکردنی لێدوانێکی ئەردۆغانی سەرۆک کۆمار، هێرش دەکەنە سەر ڕۆژنامەی حوریەت و بەردبارانی دەکەن. لە 28ی ئۆکتۆبەری 2015دا، تەنها چوار ڕۆژ پێش هەڵبژاردنەکان، پۆلیسی تورکیا دەستی بەسەر دوو کەناڵی تەلەفزیۆنی نزیک لە فەتحوڵڵا گویلەندا گرت. سەبارەت بە پرۆسەی هەڵبژاردنەکان، چاودێرانی جیهانی چەندین ڕەخنەی توندیان ئاڕاستەی کۆی فشارەکانی دەزگاکان بۆ سەر دەنگدەران کرد، بەتایبەتی فشار لەسەر لایەنگرانی هەدەپە.

بەلای کەمەوە دەتوانین بڵێین: پرۆسەکە لەنێو دۆخی جەنگی ناوخۆدا بەڕێوەچوو! هەر پرۆسەیەکیش لەنێو جەنگی ناوخۆدا بەڕێوەبچێت، خاڵی نابێت لە کەموکوڕی.

یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی بردنەوەی هەڵبژاردنەکان لەلایەن داد و گەشەپێدانەوە بریتی بوو لەوەی کە ئەردۆغان چەند سەرکەوتوو بوو لە دروستکردنی دۆخی جەنگی ناوخۆدا، چەند سەرکەوتوو بوو لە ترساندنی کۆمەڵگای تورکیدا بەو شتەی کە ناوی دەنێت "تیرۆریزمی پەکەکە"، هێندەش خۆی وەک سەرۆک کۆمارێکی گەورەتر لە گرووپە بچووکەکان، لە پاشقولگرتنە بچووکەکان، لە دۆڕاندن و بردنەوەکانی هەڵبژاردن، لە ململانێی نێوان هێزە سیاسییەکانی نێو کێڵگەی سیاسی خستە سەر شانۆ، وەک ئەوەی کە خودی ئەردۆغانی سەرۆک کۆمار هەموو سەرە داوەکانی لەدەستدا نەبێت و وەک ئەوەی کە خودی خۆی لەپشت کۆی یاریەکەوە نەبێت. بێگومان ئەم جۆرە یاریکردنانە، یاریکردن بە هەستی کۆلێکتیڤی جەماوەر، ترساندنی جەماوەر بە وەهمی مەترسییەکی خەیاڵکراو، لە زۆربەی ئەو وڵاتانەدا کە پرۆسەی هەڵبژاردنی دیموکراتیان تێدا بەڕێوەدەچێت، ئامادەیە. لای ئەم جۆرە ئەکتەرە سیاسیانە، ئەوەی گرنگە دڕانی کۆمەڵگا نییە، بەڵکو تەنیا و تەنیا بردنەوەی هەڵبژاردنەکانە و هیچی دیکە.

لێکدانەوەی هەموو ئەم ڕووداوانە دەمانبەنەوە سەر گریمانەی ڕانەوەستانی پارتی داد و گەشەپێدان لە ڕووبەری دەنگدەرە کلاسیکیەکانیدا. واتە لە کۆتاییدا بەتەنیا قاعیدە جەماوەرییە کلاسیکەکەی پارتی داد و گەشەپێدان ناتوانێت زۆرینەی ڕەها بەم حیزبە ببەخشێ و وای لێبکات کە بەتەنها خۆی حکومەت دروست بکات. بۆ جێبەجێکردنی ئامانجێکی لەم شێوەیە، پارتی داد و گەشەپێدان ناچارە هەموو ڕێگاکانی دیکە بگرێتە بەر، بەڕێگای دڕانی کۆمەڵگای تورکی و دروستکردنی دۆخی جەنگی ناوخۆ و هەڕەشەکردن لە نەیارەکانی و فشارخستنە سەر دەزگاکانی ڕاگەیاندنیشەوە. جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژیە، لە پاڵ دەنگی جەماوەرە کلاسیکیەکەیدا، دەنگی ناسیۆنالیستە تورکەکانیشی بۆ دابین دەکات و بە کۆی ئەمانە دەتوانێت سەرلەنوێ زۆرینەی ڕەها بباتەوە و سەرلەنوێ بەتەنها حوکمی وڵات بکاتەوە.

بەڵام بێگومان ئەمە کۆی چیرۆکی سەرکەوتنی داد وگەشەپێدان نییە! ڕەگەزێکی دیکە هەیە کە بەشداریی ڕاستەوخۆی لەم سەرکەوتنەدا کردووە و دەکرێت ناوی بنێین: خەزانی نەیارەکانی پارتی داد و گەشەپێدان کە لە وتاری داهاتوودا دەگەڕێینەوە سەری.



بڵند دلێر شاوەیس

# هاوپەیمانێتییەکان و هاوکێشەی سیاسیی هەرێمی کوردستان

ئەم نووسینە بۆچوونێکی تایبەت و خوێندنەوەیەکی سادە و شیکردنەوەیەکی بارودۆخ و هاوکێشەی سیاسیی کوردستانە لە دیدی کەسییەوە لەبەر ڕۆشنایی مەترسی و هەستیاریی قۆناغەکە و سەرهەڵدانی قەیرانی سیاسی و دارایی و ئەو گۆڕانکارییە سیاسیانەی لە هەرێمی کوردستان ڕوویانداوە و ڕوودەدەن.

هاوکێشەی سیاسیی هەرێمی کوردستان کە لە ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی ساڵی (2013) دا چەسپیوە، بە متمانە وەرگرتنی پێنج لایەنی سەرەکی (پارتی، گۆڕان، یەکێتی، یەکگرتوو، کۆمەڵ) بە ڕیزبەندیی ژمارەی کورسیەکانیان (6-10-18-24-38)، هەروەها هەڵبژاردنی بەڕێز (مەسعود بارزانی) سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ جاری یەکەم لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە لەساڵی (2005) و بۆ جاری دووەم لە هەڵبژاردنی گشتیی جەماوەری ساڵی (2009) بە سەرۆکی هەرێم و بەدەستهێنانی زیاتر لە 70%ی دەنگەکان و پاش تەواوبوونی هەردوو ویلایەتەکە، ئەوە بوو لە 2013/6/30 پەرلەمانی کوردستان بۆ ماوەی دوو ساڵ ویلایەتی سەرۆکی هەرێمی درێژ کردەوە بە یاسای ژمارە 19ی ساڵی 2013 و دواتر بەهۆی ئەنجامنەدانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێم لە وادەی خۆیدا و ناکۆکیی لایەنەکان لەسەر یاسای ژمارە (1)ی ساڵی (2005)ی هەموارکراوی تایبەت بە سەرۆکایەتی هەرێم و ڕێکنەکەوتنی لایەنە سیاسییەکان لەسەر ئەم پۆستە و یەکلاکردنەوەی پرسەکە لەلایەن ئەنجوومەنی شووڕای هەرێمی کوردستانەوە بە بەردەوامبوونی ولایەتی سەرۆکی هەرێم تا ئەنجامدانی هەڵبژاردن.

ئێستا ئەوەی تێبینی دەکەین، لە ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم هەریەک لە سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لە دەستی پارتی دیموکراتی کوردستاندایە جگە لە کۆمەڵێک وەزارەت و دەزگا و جومگەی گرنگ و هەروەها جێگری سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی ئەنجوومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستانیش، واتا لە کۆی سێ دەسەڵات (یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەری)، پارتی سەرۆکایەتی دوو دەسەڵات و جێگری سەرۆکی دەسەڵاتێکی بەدەستەوەیە.

بەڵام ئەوەی جێی پرسیارە، ئاخۆ لە ئەنجامی ناکۆکیی نێوان لایەنە سیاسییەکان و قەیرانی دارایی، دۆخی هەرێمی کوردستان و هاوکێشەی سیاسی وەک خۆی دەمێنێتەوە؟ ئایا پارتی جڵەوی دۆخەکەی بەدەستەوە دەمێنێتەوە؟ پێگەی لە نێو دەسەڵاتەکاندا وەک خۆی دەمێنێتەوە؟ پرسی سەربەخۆیی چی لێدێت؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە کە هەریەکەیان بەندە بەوی دیکەوە، بە پێویستی دەزانین چەند سەرنجێک بدەین:

1- بەهۆی ئەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان جگە لە بەسەربردنی ماوەی دوو ویلایەتی سەرۆکایەتی، جارێکیش ماوەی سەرۆکایەتی بۆ درێژ کراوەتەوە، بۆیە گەر هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت، مافی خۆکاندیدکردنی نامێنێ و دەبێت پارتی بیر لە کاندیدی دیکە بکاتەوە.

2- لە هەڵبژاردنی (2009)دا یەکێتی نیشتمانی کوردستان هاوپەیمانی ستراتیجیی پارتی بوو، لەهەمان کاتدا سکرتێری گشتی یەکێتی پشتیوانیی تەواوی سەرۆکی پارتی دەکرد و بانگەشەی بۆ دەکرد ئەگەر چی لە بەرامبەر زامنکردنی پۆستی سەرۆک کۆماری عێراقدا بوو بۆ یەکێتی، بەڵام ئەم هەڵوێستەی یەکێتی بە سوود گەڕایەوە بۆ پارتی، بەتایبەتی لە سنووری سلێمانی و گەرمیان و بەزەرەر شکایەوە بەسەر دەنگەکانی یەکێتیدا. وەلێ ئێستا یەکێتی هێندەی جاران نزیک نییە لە پارتی و لەهەوڵی بەدەستهێنانەوەی پێگەکەی خۆی و لێکتێگەیشتنێکی هاوبەشە لەگەڵ لایەنەکانی دیکە، بەتایبەت لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان لەسەر پرسە گرنگەکان و قومار نەکردن بەدەنگەکانی جارێکی دیکە. ئەمەش دووبارە لە بەرژەوەندی پارتی و پاڵێوراوی پارتی نییە بۆ بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆکی هەرێم.

3- پارتی لە هەڵبژاردنەکانی (2013) دا 38 کورسی بەدەستهێنا، بەڵام چارەسەرنەکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا و قەیرانی سیاسی و دارایی هەرێم و دابیننەکردنی مووچە و خراپیی باری گوزەرانی دانیشتووانی کوردستان و گەندەڵی و تەمومژی پرسی نەوت و.... هتد، ئەمانە هەموو هۆکارن بۆ زویربوونی جەماوەر و تووڕەیی دەنگدەر بەرامبەر کۆی لایەنە سیاسییەکان کە بەشداری حکومەتی بنکە فراوانن، بەڵام بەهۆی ئەوەی پارتی پۆستی هەردوو سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانی لەدەستدایە، زۆرترین تووڕەیی بەرەوڕوو دەبێتەوە و بەدڵنیاییەوە کار دەکاتە سەر ژمارەی کورسیەکانی، بەشێوەیەک ئەگەری بەدەستهێنانەوەی (38) کورسییەکە زەحمەت دەبێت.

4- پرسی سەربەخۆیی گەرچی لەڕووی نێودەوڵەتییەوە کەشێکی لەبار هەیە بۆ بەدیهێنانی مافی بڕیاردانی چارەنووس، بەڵام ناکۆکیی سیاسی نێوان لایەنەکان و ئیفلیجبوونی پەرلەمانی کوردستان و نەبوونی یەک هەڵوێستی نیشتمانی لەسەر کات و فۆرم و شێوازی ڕاگەیاندنی دەوڵەت و یەکلانەکردنەوەی کێشەی کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، بەربەست و لەمپەری گەورەن لەبەردەم ئەم پرسە و زیاتر بووەتە پرۆژەیەک لەلایەن پارتییەوە بانگەشەی بۆ دەکرێت و بەپێی پێویست لایەنەکان بەدەمیەوە ناچن و کاری جدی بۆ ناکرێت، ئەمە جگە لە ڕۆڵی نێگەتیڤانەی دەوڵەتانی ناوچەکە لەسەر پرسی سەربەخۆیی کوردستان.

ئەوەی چاوەڕێ دەکرێت، ئەوەیە کە لەداهاتوودا هاوکێشەی سیاسی گۆڕانکاری بەسەردا بێت، بەتایبەتی گەر هەر چوار لایەنی (یەکێتی، گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ) لێک نزیک ببنەوە و لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستاندا پشتیوانیی کاندیدێکی دیاریکراو بکەن، بۆیە پرۆژەی هاوبەشی هەموارکردنەوەی یاسای ژمارە یەکی ساڵی 2005 ی هەموارکراوی سەرۆکایەتی هەرێم کە لە 23ی حوزەیرانی 2015 خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا لە پەرلەمانی کوردستان و دواتر بەهۆی تەواونەکردنی نیسابی یاسایی نەتوانرا لە 19ی ئابی 2015 خوێندنەوەی دووەمی بۆ بکرێت و ئەم هەوڵە شکستی هێنا، بە یەکەم تێست و هەنگاوی سەرەتای نزیکبوونەوەی هەر چوار لایەنەکە لەسەر پشتیوانیکردنی پاڵێوراوێک بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم دەخوێنرێتەوە.

هەروەها بەهۆی ناکۆکیی نێوان پارتی و گۆڕان و کەنارخستنی سەرۆکی پەرلەمان و ستافی وزاریی گۆڕان هەموو ئەو هەوڵانەی لەئارادا بوون بۆ یەکگرتنەوەی گۆڕان و یەکێتی پێشبینی ئەوەی لێدەکرێت بە شێوەیەک لە شێوەکان بە ئاڕاستەی یەکگرتنی ئەو دوو لایەنەدا بڕوات بەتایبەتی کە بنکەی جەماوەری و دەنگدەر و ئەندامانیان گەر هاوبەش نەبن زۆر تێکەڵن.

بۆیە ئەگەری زۆر هەیە هاوکێشەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان بەم شێوەیە گۆڕانی بەسەردا بێت (یەکێتی+گۆڕان، پارتی، یەکگرتوو، کۆمەڵ) و لەئەنجامدا پارتی لە هەرسێ دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری تەنیا یەکێکیان مسۆگەر بکات جگە لە لەدەستدانی کۆمەڵێک وەزارەت و دەزگای گرنگ.

گەر ئەم گۆڕانکارییە لە هاوکێشەی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا ڕووبدات، کاریگەریی ڕاستەوخۆ دەخاتە سەر هاوسەنگیی هێز و پرسی مافی بڕیاردانی چارەنووس و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی و چەندین ساڵ دەمانگەڕێنێتەوە دواوە، بۆیە دۆخەکە لە ئێستاوە وا دەخوازێت هەوڵی جددی بدرێت بۆ گەیشتن بە یەکڕیزیی نیشتمانی و یەکهەڵوێستی لەسەر پرسە نەتەوەییەکان و بڕیاری هاوبەش و خێرا و ڕاستەوخۆ و یەکلاکەرەوەی دەوێت بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسی و دیاریکردنی چارەنووس.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# خورماتوو هی کورد نییە

دوو ساڵ لەمەوبەر چوومە خورماتوو. ئەوکاتە چووم کە لەپڕ ماتۆڕسوارێک دەهاتە تەنیشتتەوە و بۆمبێکی لەتەنیشتت دادەنا و پاش چەند خولەکێک گەورەترین پارچە گۆشتت هێندەی خورمایەکی لێدەمایەوە. لە نێوەڕاستی بازاڕی خورماتوو حەشدی شەعبی خۆم و تیمەکەمیان دەستگیرکرد. ئاسایشی پارتی فریامانکەوت و نەیانهێشت بمانکوژن. سەرزەنشتنیشیان کردم کە چۆن خۆم لەگەڵ "ئەو دەرمانخۆرانە" تووشی کێشە کردووە. دوو کاژێر دواتر چوومە ئامرلی. شوێنێک کە ئەگەر حەشد پارچە پارچەشی کردباین، پێشمەرگەیەک نەبوو فریامانکەوێت. شوێنێک کە پاسداری ئێرانی بە ئۆتۆمبێلی ئێرانی سڵاوی لێکردین و وەک برا گەورە لە خاڵەکانی پشکنیندا لەپێشمانەوە بوو. دوو ساڵ لەمەوبەر گوتم ئەوەی لە خورماتوو هەیە بەرمیلێک بارووتە و ڕۆژێک دێت دەتەقێتەوە. ئەم هەفتەیە بەشێک لەو بارووتە ئاگری گرت، بەڵام هێشتاش ماوە بتەقێتەوە.

خورماتوو زۆرتر لە بەرلینی سەردەمی شەڕی سارد دەچێت. ڕاستە کورد و شیعە هاوپەیمانن لە شەڕی دژی داعشدا، بەڵام لەوێ هیچ متمانەیەکیان بەیەکدی نییە. تورکمانەکانی ئەوێ شیعەن و ناتوانن بیڵێن، بەڵام لەدڵەوە حەزدەکەن تەنیا پێشمەرگە لەو ناوچەیە بێت. عەرەبی سوننەی ناوچەکە و تورکمانی شیعە و کوردی سوننە هەموویان گیریان خواردووە بەدەست ژمارەیەک میلیشیای شیعەی عەرەبەوە کە بە ڕەزامەندیی کورد هاتوونەتە ناوچەکە.

عەرەبە سوننەکان ڕۆژانە دەکوژرێن. تورکمانە شیعەکان باجی هەڵەی میلیشیا عەرەبە شیعەکان دەدەن و عەرەبی سوننە دەیانکوژنەوە. کوردیش جارجار لەگەڵ کەڵەگا نوێیەکانی شار تووشی تێکهەڵچوون دەبێت. زوو زووش یەکێتی و حەشد لە خورماتوو کۆدەبنەوە و بە بەیاننامەیەک بەشێوەیەکی کاتی ڕێگە لە تەقینەوەی بەرمیلە بارووتەکە دەگرن.

کێشەی خورماتوو گەورەترە لە پێکدادانی هەستیارانەی پێکهاتەکانی. ئێران هەرگیز ناهێڵێت لەو ناوچەیە کورد باڵادەست بێت. لەو بەڵگەنامانەی لەسەر سەرکردەکانی دەزگای ئیتیلاعاتی ئێرانی بڵاودەبنەوە، بەڕوونی باسی ئەوە دەکرێت کە بۆ ئێران خورماتوو گرنگییەکی ستراتیژیی هەیە و ناتوانێ دەستبەرداری ببێت. بەڵام خۆ کوردیش ناتوانێ ئەو ناوچەیە لەسەر سینییەکی زێڕین پێشکەشی ئێران بکات.

ڕاستە کورد دەستی لە سەعدیە و حەویجە شووشتووە کە خاکی باشووری کوردستانن و ئێستا چیدی فڕیان بەسەر کوردستانیبوونەوە نەماوە، ئەوەی یەکەمیان بۆ شیعە و ئەوەی دووەمیان بۆ عەرەبی سوننە، بەڵام خورماتوو بەشی ئەوە کوردی تێدا ماوە کە نەکرێت بای بایی لێبکرێت و دەستی لێ بەربدرێ.

ڕێگەی ڕاست ئەوەیە کە کورد شەڕی بە هەڵە لەو ناوچەیەدا نەکات. ئەوەی لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا پێشمەرگە کردی و بەتوندی حەشدی دەمکوت کرد، ڕاست بوو، بەڵام نابێ ڕێگە بدەن شەڕەکە ببێتە شەڕی پێکهاتەکانی ناوچەکە. واتە نابێ پێشمەرگە و تورکمانە شیعەکانی تازە و خورماتوو و ئامرلی بکەونە بەرامبەر یەکدی. دەبێ کورد و پێشمەرگە پێداگیری لەسەر ئەوە بکەن کە مانەوەی حەشدی شەعبیی عەرەبی شیعە هیچ مانایەکی نەماوە. خەڵکی ناوچەکە خۆیان بە پشتیوانیی پێشمەرگە دەتوانن خۆیان بپارێزن و کابرای نەجەفی و کەربەلایی و بەغدایی هیچ کاری لەوێ نەماوە. مەترسیدارترین شت ئەوەیە حەشدی شیعیی عەرەبی شیعە بتوانێت پێکهاتەکانی ناوچەکە بکاتە دوژمنی یەکدی. کورد دەبێ بەئاشکرا بە گوتار و هەڵسوکەوتیانەوە دیار بێت کە ئەمە ناکەن و خورماتوو وەکچۆن هی کوردە، ئاواش بە هی تورکمانی شیعە و عەرەبی سوننەی دەزانن.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕوداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



## شوان عەتوف بە تەپڵ و بەرد سلێمانی دێنێتە جۆش

« 12

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net

Gulanpark

T: +964 750 444 1414 T: +964 750 444 1515
Email: sales@gulanpark.net
www.gulanpark.net



Adress: Gulan Street Ankawa Cross
Block No: 2163/40/44 Kurdistan
WORLD TRADE CENTER® ERBIL
sbözelgroup
KOREK Telecom

+964 (0) 0773 000 2222
+964 (0) 0773 000 3333

DANIA CITY
better life style



daniacity

info@daniacity.com
www.daniacity.com
سلێمانی - شەقامی بازنەیی مەلیک محمود
پشت گردی ئیبراهیم احمد